تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5746) پێنج شەممە 9ی ئایار2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

هیچ کام لە جێگرەکان یەکەم و دووەم نین، هەردووکیان جێگری سەرۆکی هەرێمن

فازڵ میرانی: هەموو دەسەڵاتەکانی هێزە چەکدارەکان لای سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێت



فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت "هیچ دەسەڵاتێک- ئیختیساسێک"ی پێشوەخت و هیچ ناونیشانێک بۆ هیچ کام لە جێگرەکانی سەرۆکی هەرێم لە ڕێککەوتنەکانمان لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان و بەپێی پڕۆژەی هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دیاری نەکراوە و هیچ کامیان یەکەم و دووەم نین، هەردووکیان جێگری سەرۆکی هەرێمن. پاش متمانەدانیش بەسەرۆکی هەرێم لە پەرلەمان، لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە جێگرەکانی دیاریدەکرێت و هەر سەرۆکی هەرێم خۆی ئیشی دوو جێگرەکەی دیاریدەکات. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

2 حەشدی شەعبی لە شەڕی ئێران و ئەمەریکادا بێلایەن نابێت



دوێنێ چوارشەممە 2019/5/8 پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە 5ی ئاسایی خولی بەهارە لە ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن، پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تاپەسندکردنی دەستووری پەسند کرد.

سەرەتا د.ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەبۆنەی هاتنەوەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە ،بەناوی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە پیرۆزبایی لە ئەندامانی پەرلەمان و موسڵمانی کوردستان و عێراق و جیهان کرد و هیوای خواست کە ئەم مانگە بەخێرو خۆشی بگەڕێتەوە بۆ هەموان. پاشان لەلایەن مونا نەبی قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمان بەرنامەی کاری دانیشتنەکە خوێندرایەوە کە بریتی بوو لە دەنگدان لەسەر (پێشنیازی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تاپەسندکردنی دەستوور)، هەروەها کۆنووسی دانیشتنی پێشوو و ناوی ئەندامانی ئامادەنەبوو و مۆڵەتپێدراو خوێندرایەوە.

لەلایەکی دیکەوە، بژار مەلا خالید سەرۆکی لێژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند: پەسەندکردنی پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم و هەموار و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسەندکردنی دەستوور بە ڕێکارە یاساییەکانی خۆیدا و بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا ڕێڕەوی خۆی گرت و پەسەند کرا. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

کریستیانەکان خۆیان بە بەشێکی گرینگی هەرێم دەزانن

نوێنەری کریستیانەکان لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاندووە: هەروەک پێشتر بەڵێن بە پێکهاتەی کریستیان دراوە ژمارەیەک پۆست لە کابینەی نوێدا بۆ پێکهاتەی کریستیان دەبن. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

سەرۆکایەتیی پەرلەمان لە ماوەی 3 ڕۆژدا دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم دەکاتەوە

پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پەسەندکرا



تاران هەڕەشە دەکات.. واشنتۆن هۆشداری دەدات.. مۆسکۆ ڕوونکردنەوەی هەیە

حەسەن ڕۆحانی سەرکۆماری ئێران، لە یەکەم سالڕۆژی کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی، گوتی: لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکەدا پابەندین بە پیتاندنی سەدا 67.3 یۆرانیۆم، بەڵام ئەگەر لە کۆتایی ئەم 60 ڕۆژەدا لەگەڵ پێنج وڵاتەکە نەگەینە ئەنجامێک، کۆتایی بەو بەرپرسیارێتییە دەهێنین. (زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

عادل عەبدولمەهدی: متمانە لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە، ئەوەش بنچینەی چارەسەری کێشەکانە

سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی ئاشکرایکرد ئامادەکاریی دەکەن بۆ واژووکردنی گرێبەستێک بە بڕی 53 ملیار دۆلار لەگەڵ کۆمپانیای وزەی ئەمەریکی "ئێکسۆن مۆبیل" و کۆمپانیای زەبەلاحی نەوتی چینی "پێترۆچاینا". (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

بە فەرمانی ئەنجوومەنی وەزیران..

35 بەرکەوتووی چەکی کیمیایی ڕەوانەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکرێن

بەپێی نووسراوی ژمارە 2480ی ئەنجوومەنی وەزیران کە 2ی ئەم مانگە دەرچووە، ڕەزامەندی لەسەر نارەنە دەرەوەی35 بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دراوە. (زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

یەکێتی ئەورووپا

ڕەخنەی توند ئاڕاستەی دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکانی ئیستانبوڵ دەکەن

فیدریکا موگرینی رایگەیاند: پێویستە بە زوویی بڕیاری لێژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا بۆ دووبارە ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی ئیستانبوڵ و هۆکارەکانیشی ڕوون بکرێنەوە. (زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

لە سێ مانگدا، زیاتر لە 120 هاووڵاتی بە ڕوودواوی هاتووچۆ گیانیان لەدەستداوە

(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)

لە ڕیزبەندی زۆرترین فرۆشدا مێوژ پلەی یەکەمی داگیر کردووە

لە مانگی ڕەمەزاندا خواست لەسەر شەربەت لە لایەن ڕۆژووەوانانەوە بۆ کاتی بەربانگ زیاتر دەبێت، شەربەت فرۆشتیکیش دەڵێت: لە ڕەمەزاندا بەراورد بە بەر لە ڕەمەزان خواست لەسەر شەربەت زۆر زیاترە. (زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)





نزیکەی 320 فۆتۆگرافەر کە بۆ «فێستیڤاڵی وەرزشەکانی سروشت و فۆتۆسافاری» هاتوونەتە هەکاری، جوانییەکانی سروشت و بەها کولتووریەکان بە زیندووی دەهێڵنەوە لە ڕێی زوومی کامێراکانیانەوە

دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم کارا کرایەوە

سەلام عەبدوڵڵا

هەروەک چۆن لەکاتی ڕیفراندۆمەکەماندا وەدەستهێنانی ستاتۆیەکی نوێ لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا کە کەمینەیەک زۆر زەڵ و پێشبینەیان دەکرد کە مەحاڵە ئەو پڕۆسەیە ئەنجام بدرێ و گەر ئەنجامیش بدرێ ئەوا خەڵک دەنگ نادات بەو شێوەیەی چاوەڕوانی لێدەکرێ، بەڵام هەموو ئەو ڕەشبینیانە پووچەڵ دەرچوون و زۆربەیەکی زۆر دەنگی خۆی بە شانازییەوە داو تەنانەت هەندێک لەوانەی لە سەرەتا دژ یان دوودڵ بوون ئەوانیش ویژدانی خۆیان ئاسوودە کردو دەنگییان بە بەڵێ دا، ئەمەش هەر ئەوەی دەگەیاند کە گەلێک ئەو هەموو قوربانییەی دابێ و ماڵوێرانی و کارەساتەی بەسەر هاتبێت چۆن دەنگ بەو ئامانجە پیرۆزەی لەپێناویدا هەزاران شەهید دابێت نادات.

ئەوەی دوێنێ لە پەرلەمانی کوردستان ڕوویدا کە (89) ئەندام پەرلەمان لە کۆی (108)ی ئامادەبوو ئەندام دەنگیان بە بەڵێ بۆ کاراکردنەوەی دامەزاوەی سەرۆکایەتی هەرێم بە بەڵێ دا سەرکەوتنێکی تری ئیرادەی نەگۆڕی خەڵکی کوردستانە کە نیشانی دۆست و دوژمنی داو هەموو ئەو بۆچوونە چەوت و چەواشەکارانەی پووچەڵ کردەوە کە دەیانووت ئەم هێزانە ناگەنە ڕێککەوتن و پەشیمان دەبنەوەو حکومەتی هاوبەش و یەکگرتوو دانامەزرێن. ئەمەش جارێکی تر ئەوە دووپات دەکاتەوە کە گەلەکەمان ئەمڕۆ لە ئەرکی مێژووی خۆی دەگات هەرچەند جاروبار لادەرو تێکدەرو لاوازو نەفام بەربەستی کاتی دەخاتە بەردەم ئەو پڕۆسەیە، بەڵام لە کۆتاییدا هەر خواستی زۆرینەی گەل و خۆشەویستی بۆ خاک و نیشتمان بڕیاری کۆتایی خۆی دەدات و لایەنگری زۆرینەی دڵسۆزان و نیشتمانپەروەران دەگرێ.

لە ماوەی هەڵپەساردنی ئەم دامەزراوە گرنگەدا هەموو هەستمان بەو ڕاستییە کرد کە هەموو گەلێک و وڵاتێک دەبێ سەرۆکایەتی هەبێت و نەبوونی بۆشاییەکی گەورە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا پەیدا دەبێت، بەتایبەتی بەرامبەر جیهانی دەرەوە جا ئەو سەرۆکایەتییە هەرچۆنێک کە گەل دەتوانێ لە ڕێگەی ڕاپرسییەکەوە شێوەیەکی دیاری بکات کە پەرلەمانی بێت یان لەناو خەڵکی دا بێت کە لەمەودوا دەبێت لە دەستووردا جێگیر بکرێت.

بۆ ئەم خولە هەڵبژاردنی سەرۆک لە پەرلەماندا بەڕێوەدەچێت، تا خولی داهاتووش با پەرلەمان شێوەیەکی گونجاو کە لەگەڵ خواستی زۆرینەی گەلدا بگونجێت گەلاڵە بکات و گەلیش دەنگی لەسەر بدات.

هیچ کام لە جێگرەکان یەکەم و دووەم نین، هەردووکیان جێگری سەرۆکی هەرێمن

فازڵ میرانی: هەموو دەسەڵاتەکانی هێزە چەکدارەکان لای سەرۆکی هەرێم دەبێت

هیچ دەسەڵاتێکی پێشوەختە و هیچ ناونیشانێک بۆ هیچ کام لە جێگرەکانی سەرۆکی هەرێم دیارینەکراوە

ناکرێت ئێمەی سیاسیی کورد خۆمان ئەسیری قسەیەکی دوێنێ یان ئەسیری ڕابردوو بکەین



لە دیدارێکی ژیار محەمەد لەبەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا لەگەڵ فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت "هیچ دەسەڵاتێک- ئیختیساسێک"ی پێشوەخت و هیچ ناونیشانێک بۆ هیچ کام لە جێگرەکانی سەرۆکی هەرێم لە ڕێککەوتنەکانمان لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان و بەپێی پڕۆژەی هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دیاری نەکراوە و هیچ کامیان یەکەم و دووەم نین، هەردووکیان جێگری سەرۆکی هەرێمن. پاش متمانەدانیش بەسەرۆکی هەرێم لە پەرلەمان، لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە جێگرەکانی دیاریدەکرێت و هەر سەرۆکی هەرێم خۆی ئیشی دوو جێگرەکەی دیاریدەکات.

فازڵ میرانی لەسەرەتای دیدارێکەدا لەبارەی ئەوەی دەسەڵاتی هێزە چەکدارەکان لای کام جێگری سەرۆکی هەرێم دەبێت یەکێتی یا پارتی؟ گوتی: ڕاستی هەیە و "مەنتیقیش" هەیە ،مەنتیق ئەوەیە کە ناکرێت جێگری سەرۆکی هەرێم لە ئێستاوە ئیشەکانی بۆ دیاری بکرێت چونکە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دەڵێت: سەرۆکی هەرێم جێگری دەبێت، دەسەڵاتەکانی جێگریش بەپێی پێویست لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دیاریدەکرێت، واتە ئەگەر هەر لە ئێستاوە دەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆکی هەرێم بە پێی ڕێککەوتنە یا هەرچییەکە دیاربکرێت کەواتە نرخێک نامێنێتەوە بۆ ئەو "پەرەگرافە"ی یاسا، کەواتە ئە دەسەڵاتە لەسەرۆکی هەرێم وەرگیرایەوە ئەمە نە مەنتیقە، نە یاساشە.

وەزیری پێشمەرگە کاری چی دەبێت کە جێگری سەرۆکی هەڕێمیش هەمان کاربێت؟

فازڵ میرانی ئاماژەی بەخاڵێکی دیکە دا کە هۆکارە بۆ دیارینەکردنی دەسەڵاتی جێگرەکانی سەرۆکی هەرێم پێش وەختە، لەو ڕووەوە وتی: دووەم «مەنتیق-یکی» تر هەیە ئەویش ئەوەیە کەوەزیری پێشمەرگە هی یەکێتی بێت، جێگری سەرۆکی هەرێمیش دووبارە بنووسرێت بۆ کاروباری سەربازی، ئەوە لایەنێکی نێگەتیڤی تێدایە بۆ برادەرانی یەکێتی کە وەکو حزبێکی عەسکەرتاری پیشان نەدرێن بگوترێت ئەمە هەر چاوبیان لە پێشمەرگایەتیە، ئەی باشە وەزیری پێشمەرگە کاری چی دەبێت کە جێگری سەرۆکی هەرێمیش هەمان کار بێت؟ وە "ئەسڵەن"سەرۆکی هەرێم فەرماندەی هێزە چەکدارەکان دەبێت، کەواتە نە جێگرەکەی نە وەزیری پێشمەرگە لە پێش ئەودا نایەن، هەموو دەسەڵاتەکانی هێزە چەکدارەکان لای سەرۆکی هەرێم دەبێت.

لەبەر ئەوە ئەم خواستی حیزبایەتیە هەریەکەو بەشێوەیەک تەفسیری دەکات، بەڵام تەفسیر کۆتاییەکەی لای یاسا و مەنتیقە، لەبەر ئەوە ڕۆژی یەکشەمە هەم برادەرانی یەکێتی لەوە تێگەیشتن و هەم برادەرانی گۆڕان بەسوپاسەوە لەوە تێگەیشتن، کە ئەمە لەدوای دامەزراندنی دامەزراوەی شەرعی هەرێمی کوردستان سەرۆکی هەرێم لەگەڵ جێگرەکانی کاری خۆیان دەکەن.

سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان جەختیشی کردەوە: هەردوو جێگری سەرۆکی هەرێم لە پشکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان بە بێ ناونیشان و دەسەڵاتە لەدوای دیاریکردنیان لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە خۆی دەسەڵاتەکانی بۆ دیاریدەکات. ڕاشیگەیاند: مەنتیقیش نییە بڵێین ئەم جێگری سەرۆکی هەرێمە تەنها بۆ عەسکەرییە کەواتە سبەینێ هەر کارێکی تری هەبێت سەرۆکی هەرێم تەکلیفی لێبکات ئەویش بڵێت "وەڵا" ئەوە ئیش و کاری من نییە، ئیش و کاری من سەربازی و هێزە چەکدارەکانە.

هەردووکیان جێگری سەرۆکی هەرێمن

فازڵ میرانی ڕوونیشی کردەوە: مەنتیقێک هەیە برادەرانی یەکێتی و کاک کۆسرەت خەباتکەری کۆنن،دەزانن کە ناکرێت ئێمە ئەو هەموو ڕێککەوتنە سیاسیەمان کردووە لەسەر پۆستە "ئەساسییەکان" ڕێککەوتوین بێین بەو بابەتە ڕابیگرین ئەوە چەند مانگە خەڵکی ئێمە چاوەڕوانە بۆ پارتی و یەکێتی جوان نییە لەسەر یەک خاڵ کە "مەنتیق" و یاسا ڕۆڵی تێدا دەبینن نەک خواستی حزبی خواستی بەرژەوەندی میللەتەکەمانی تێدایە کە ئێمە چیتر لەسەر ئەم خاڵە ئەو پڕۆسەیە پەک نەخەینەوە لەبەر ئەوە ڕازی بووین، بەبۆچوونی من دیبلۆماسیەتی کاک نێچیرڤان و تێگەیشتنی کاک کۆسرەت و برادەرانی تری سەرکردایەتی یەکێتی و بەرژەوەندی میللەتەکەمان بوو، هەروەها هیچ کام لەجێگرەکان یەکەم و دووەم نین، هەردووکیان جێگری سەرۆکی هەرێمن، سەرۆکی هەرێم خۆی جێگرەکانی دیاریدەکات و هەر سەرۆکی هەرێم خۆشی ئیش بۆ دوو جێگرەکەی دیاریدەکات. دەتوانێت جێگرەکانی خۆی ئیشیان پێ بسپێرێت بەپێی پێویست، بە "کورت و کرمانجی" بڵێم هیچ دەسەڵاتێک" ئیختساسێک"ی پێش وەخت بۆ هیچ کام لە جێگرەکانی سەرۆکی هەرێم دیاری نەکراوە. وە هیچ کامیان یەکەم و دووەم نین، هەردووکیان جێگری سەرۆکی هەرێمن.

ناکرێت ئەسیری قسەیەکی دوێنێ بین

هەروەها لەوەڵامی ئەو پرسیارەی پێشبینی ناکەن کێشە و گرفتتان بۆ دروست ببێت لەسەرۆکایەتی هەرێم ؟ فازڵ میرانی دەڵێت: هەمووەمان دەبێت لەحاڵەتی سروشتیدا بیربکەینەوە قسە بکەین، چونکە قسە ئەگەر لە قۆرگی مرۆڤ دەرهات مرۆڤ دەبێتە "ئەسیری" قسەکەی، بەڵام کە لەناو قۆرگی تۆزدایە تۆ حاکمی بەسەرەوە. من دەڵێم سروشتی کورد وایە هەم هی میللەتانی ڕۆژهەڵاتیش سیاسەت بەشێوەی کردار و پەرچەکردار دەکەین، لێدوانیش بەو شێوەیەیە مەنتیق ئەوەیە ئێمە لەم وڵاتەی کە ئیدارەدانی ئاسان نییە ناکرێت ئێمەی سیاسیی کورد خۆمان "ئەسیری" قسەیەکی دوێنێ بکەین یان ئەسیری ڕابردوو بکەین. سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری دەبن، ئێمە وا بەرەو ڕێککەوتنێکی سێ قۆڵی دەچین دەبێت ئیتر بگوترێت پارتی و یەکێتی و گۆڕان لەدوای پێکهێنانی حکوومەت، ئەو دوو ڕێککەوتنەی کردوومانە دەچین ڕێککەوتنێکی سێ قۆڵی لێ دەردەکەینەوە چونکە "تا"ی هەڵبژاردن ڕێبشت و ڕەویەوەو دەرئەنجامەکانمان قبوڵ کردووە، کاتی ئەوە هاتووە پارتی و یەکێتی و هەرسێ لامان ببینە یەک، دەبێت وەزیرەکەی گۆڕان وەزیری پارتی و یەکێتی و هەموو کورد بێت، دەبێت وەزیرەکەی پارتیش وەزیری هەموو کوردستان بێت ناکرێت ئێمە ئەسیری قسەیەکی دوێنێ بین، ئەگەرنا کە ڕێنماییەک لەسەرۆکایەتی هەرێم دەردەچێت هەموو وەزیر و کاربەدەستەکان پابەندی دەبن ئەگەرنا ئێمە یاسامان هەیە دەبێت بەرپرسیار بێت بەرامبەر ئەو بڕیارانەی هەرچیەک بێت.

هیوا دەخوازم جەژنی ڕەمەزان بکەینە دوو جەژن

سەبارەت بە کاتی پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، فازڵ میرانی گوتی: هیوا شتێکە و واقیع شتێکی تر، من دەخوازم لەماوەی 10 ڕۆژدا بتوانرێت سەرۆکایەتی هەرێم کارا بکرێتەوە، هیوا دەخوازم جەژنی ڕەمەزان بکەینە دوو جەژن، جەژنی پێکهێنانی کابینەی حکوومەت بەسەرۆکایەتی مەسرور بارزانی و جەژنی ڕەمەزانیش بێت بۆ هەموومان، چونکە ئێمە هەموان قۆناغەکانمان بڕیوە وپۆستەکانیش پێکەکەوتنمان لەسەرکردووە لەگەڵ برایانی گۆڕان و یەکێتی، خۆشمان ئامادە کردووە، کەواتە ئەرکی کاک مەسرورمان ئاسانتر کردووە لە دوای تەکلیفکردنی بۆ پێکهێنانی حکوومەت ئەو دەچێت لەگەڵ حزبەکان بەرنامەی وەزاری خۆی دادەنێت.

موسەننا ئەمین: حەشدی شەعبی لە شەڕی ئێران و ئەمەریکادا بێلایەن نابێت



ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، موسەننا ئەمین ڕایگەیاند، زۆرێک لە هێزە چەکدارەکانی عێراق و بەشێکی گرنگی چەکدارانی حەشدی شەعبی بێلایەن نابن لە شەڕی ئێران و ئەمەریکا ئەگەر بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ ڕووبدات، داواش دەکات عێراق نەبێتە بەشێک لەو ململانێیانەی لە نێوان ئەمەریکا و ئێران هەیە تاوەکو ئاسەوارەکانی ئەو ململانێیە لەسەر عێراق ڕەنگدانەوەی خراپی نەبێت. موسەننا ئەمین بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو گوتوویەتی: ململانێیەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران بەرەو پێشەوە دەڕوات، ئەم ململانێیانەش ڕاستەوخۆ کاریگەریان هەیە لەسەر عێراق کە لە بواری هاوردەکردنی غازی سروشتی و کارەبا پێویستیەکی تەواوی بە ئێران هەیە، هەروەها لە ڕووی هاوردەکردنی کالای بازرگانی تریشەوە کە سالانە قەبارەکەی دەگاتە زیاتر لە 10 ملیار دۆلار، ڕەنگە زۆرێک لەو کالایانە پێویست نەبن، بەڵام بۆ غاز و کارەبا عێراق ناتوانێت بێ پێویست بێت لەو دوو پێویستیەی کە زیاتر بەشی ناوەڕاست و باشووری عێراق تەغتیە دەکات، ئەوەش وا دەکات گوشارکردن لەسەر ئێران بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوشارکردنیش بێت لەسەر عێراق.

ئەندامەکەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گوتیشی: عێراق تا ئەو کاتەی بتوانێت جێگرەوە بدۆزێتەوە بۆ ئەو کالایانە، دەکەوێتە ژێر کاریگەری زۆرەوە لە بەرامبەردا ئەمەریکاش سووڕە لەسەر ئەوەی گەمارۆکان لەسەر ئێران توند بکاتەوە و ڕەنگە پڕۆژەی تێوەگلانێکی ئیقلیمی بەدەستەوە بێت کە جارێکی تر کاریگەری لەسەر هەندێک شتی گرنگ بکات لە ناوچەکەدا.

موسەننا ئەمین گوتیشی: ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لە عێراق ئەوەیە نەبێتە بەشێک لەم ململانێیە و ئاسەوارەکانیشی لەسەر عێراق ڕەنگدانەوەی خراپی نەبێت، وەک دەزانین زۆرێک لە هێزە چەکدارەکانی عێراق و بەشێکی گرنگی چەکدارانی حەشدی شەعبی بێلایەن نابن لە شەڕی ئێران و ئەمەریکا ئەگەر بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ ڕووبدات، چونکە ئەوان لە ڕووی دینی و مەزهەبییەوە ئیمانیان بەوە هەیە مەرجەعیەتی دینیان لە ئێرانە و لەسەر ئەو بنەمایە ڕەنگە کاردانەوەیان هەبێت کە ئەوەش مەترسیدارە بۆسەر ئاسایشی ناوخۆی عێراق.

ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، موسەننا ئەمین بە گرنگی زانی گفتوگۆکانی عێراق لەگەڵ ئێران و ئەمەریکا و ناوچەکە و نەتەوە یەکگرتووەکان بەو ئاراستەیەدا بڕوات کە عێراق چیتر باجی شەڕ و ململانێیەکانی خەڵکی تر نەدات، هەروەها حکوومەتی عێراقی بە هەموو ڕێگایەک هەوڵ بدات خۆی دوور بخاتەوە لەو ململانێیەی هەیە کە ئاسەوارەکانی بۆ ناوچەکە بە مەترسیدار ناودەبات.

موسەننا ئەمین بە نیگەرانییەوە باس لەوەش دەکات عێراق دوای چەندین ساڵ و بەهەدەردانی دەیان ملیار دۆلار لەو بوارانەدا نەیتوانیوە پێویستییەکانی خۆی لە غازی سروشتی و کارەبا دابین بکات و تا ئێستاش لەو دوو بوارەدا پێویستی بە ئێران هەیە.

ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەشێکی تری لێدوانەکەیدا و لە بارەی هەوڵەکان لە لایەن بەشێک لە لایەنە شیعییەکانی عێراق دژبە سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی و هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی لە دەسەڵات لە وەڵامدا گوتی: لە ڕۆژی یەکەمی دەستبەکاربوونی عادل عەبدولمەهدی ئەو کاندیدی تەوافوقی بووە، واتە هەرکات ئەو تەوافوقە تێک بچێت پالێوراوەکەشیان دەکەوێتە بەر مەترسییەوە، بۆیە بەڵێ هەوڵ و گوشارێکی زۆر لەسەر عەبدولمەهدی هەیە ، بەڵام ئەو تەوافوقەی کە هێناویەتی تا ئێستا تێکنەچووە، ئێمەش وەک نوێنەرانی هەرێمی کوردستان پێمان خۆشە ئەو تەوافوقە بەردەوام بێت و لە ئاسۆدا جێگرەوەیەکی باشتر بۆ عەبدولمەهدی نابینین.

ئەو گوتانەی موسەننا ئەمین لە کاتێکدایە ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ، مایک پۆمپیۆ لەسەروبەندی بەرزبوونەوەی ئاستی گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران لە ناوچەکەدا، بەسەردانێکی پێشتر ڕانەگەیەندراو گەیشتە بەغدا. لە میانی سەردانەکەی بۆ بەغدا، مایک پۆمپیۆ لەگەڵ ژمارەیەک لە گەورە بەرپرسانی عێراق کۆبوویەوە.

وەزارەتێک بۆ کریستیانەکان دیاری کراوە

کلارا عودیشو: وەک کریستیان خۆمان بە بەشێکی گرینگی هەرێمی کوردستان دەزانین



قائید میرۆ:

جگە لە هێز و لایەنە سیاسییە کوردییەکان، پێکهاتەکانیش لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بەشدار دەبن، نوێنەرێکی کریستیانیش نایشارێتەوە، کە گەیشتوونەتە ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی و وەزارەتێکی خزمەتگوزاری بۆ کریستیانەکان دەبێت. کلارا عودیشو، نوێنەری کریستیانەکان لە پەرلەمانی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: پێش ئەوەی شاندی پارتی لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان بگاتە ڕێککەوتن، سەردانی هێز و لایەنەکانی کریستیانی کردووە و لەو بارەیەوە وتوویژی بەسوود بەڕێوەچوونە، هەروەک پێشتر بەڵێن بە پێکهاتەی کریستیان دراوە ژمارەیەک پۆست لە کابینەی نوێدا بۆ پێکهاتەی کریستیان دەبن. ئەو نوێنەرەی کریستیان ڕوونیشی کردەوە: بەپێی زانیاریی من، ئەوەی تا ئێستا یەکلابووەتەوە بۆ ئێمە، وەزارەتێکی خزمەتگوزاری بۆ کریستیانەکانە و بێگومان پۆستی دیکەش هەن لەنێو حکوومەتدا وەک ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی، کە لەوانەش حەقە بەشی ئێمە بدرێت وەک پێکهاتەی دووەم لە کوردستان. لەبارەی بەڕێوەچوونی دانووستانەکان لە نێوان پارتی و کریستیانەکان، کلارا عودیشو گوتی: ئێمە گەیشتووینەتە کۆتایی شتێکی ئەوتۆمان نەماوە، لاشمان گرینگ نییە چەند وەزیر و پلە و پۆست بەر کریستیانەکان دەکەون، چونکە بۆ ئێمە ئەوە گرینگە کابینەی حکوومەت لە چوار ساڵی داهاتوودا گەرەنتیی پاراستنی ئەمنییەتی ئێمە بکات و پێکەوەژیان گەشە بکات، ئەگەرنا کێشە لە پۆست و پلەدا نییە، ئێمە خۆمان بە بەشێکی گرینگی هەرێمی کوردستان دەزانین و دابینکردنی مافەکانمان پەیوەستە بە پرسی پێکەوەژیانەوە".

yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/5/9 ژمارە (5746)

پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان پەسەندکرا



دوێنێ چوارشەممە 2019/5/8 پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە 5ی ئاسایی خولی بەهارە لە ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن، پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تاپەسندکردنی دەستووری پەسند کرد.

سەرەتا د.ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەبۆنەی هاتنەوەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە،بەناوی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە پیرۆزبایی لە ئەندامانی پەرلەمان و موسڵمانی کوردستان و عێراق و جیهان کرد و هیوای خواست کە ئەم مانگە بەخێرو خۆشی بگەڕێتەوە بۆ هەموان. پاشان لەلایەن مونا نەبی قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمان بەرنامەی کاری دانیشتنەکە خوێندرایەوە کە بریتی بوو لە دەنگدان لەسەر (پێشنیازی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تاپەسندکردنی دەستووری)، هەروەها کۆنووسی دانیشتنی پێشوو و ناوی ئەندامانی ئامادەنەبوو و مۆڵەتپێدراو خوێندرایەوە.

دواتر بەپێی خاڵی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە، سەرۆکی پەرلەمان داوای لە لیژنەی کاروباری یاسایی کرد بێنە شوێنی مەبەست بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کۆتایی لیژنەکە دوای سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بەڕەچاوکردنی ئەو پێشنیازانەی کە لە دانیشتنی پێشوودا لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە خرابوونەڕوو و لەلایەن سێ ئەندام یان زیاتر پشتیوانییان لێکرابوو بۆئەوەی بخرێنە دەنگدانەوە. لەپرۆسەی دەنگدانداء، سەرەتا ناوونیشانی پێشنیازی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تاپەسندکردنی دەستوور، وەکو خۆی بەزۆرینەی دەنگ پەسندکراو پشنیازەکانی دیکەش کە پێشکەشکرابوون دەنگی پێویستییان نەهێنا.

دواتر دەنگدان لەسەر ماددەو برگەکانی پێشنیازی یاساکە دەستی پێکردو ماددەی یەکەم کە تایبەتبوو بە هەڵوەشاندنەوەی یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم ژمارە 10ی ساڵی 2018 وەک خۆی بەزۆرینەی دەنگ پەسندکرا. ماددەی دووەمیش بەهەڵوەشاندنەوەی یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم ژمارە 2ی ساڵی 2018 وەکو خۆی بەزۆرینەی دەنگ پەسندکرا.

ماددەی سێیەمیش تایبەت بوو بەمیکانیزمەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم تا پەسندکردنی دەستووری هەرێم، بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران بڕگەیەک بۆ ئەو ماددەیە زیادکرا کە تێیدا هاتووە سەرۆکی هەرێم دوو جێگری دەبێت و لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دەسەڵاتەکانیان دیاری دەکرێت. ئەو ماددەیەش بەو گۆڕانکارییەوە بەزۆرینەی دەنگ پەسندکرا. ماددەی چوارەم کە ڕێککارییەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەناو پەرلەمان و پەسندکردنی ئەو ماددەیەش بەزۆرینەی دەنگ بوو. ماددەی پێنجەمیش تایبەت بوو بەویلایەتی سەرۆکی هەرێم و بەزۆرینەی دەنگ وەک خۆی پەسندکرا. ماددەکانی شەشەم تا هەشتەمیش تایبەتبوون بە حوکمە کۆتاییەکان و لەگەڵ هۆکارەکانی دەرچوواندن بەجیا خرانە دەنگدانەوەو وەک خۆیان بەزۆرینەی دەنگ پەسندکران.

لەکۆتایشدا کۆی یاساکە بەهۆکارەکانی دەرچوواندنیشییەوە خرایە دەنگدانەوەو بە 89 دەنگ پەسندکرا.

بەم بۆنەیەشەوە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان کردو دەستخۆشیی لە لیژنەی کاروباری یاسایی و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کرد بۆ ئەو کەسانەی کە لەماوەی ڕابردوودا تا پەسندکردنی ئەو یاسایە ئەنجامیانداو بەمجۆرە کۆتایی بە دانیشتنەکە هێنا.

سەرۆکایەتیی پەرلەمان لە ماوەی 3 ڕۆژدا دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم دەکاتەوە

بژار خالید عەبدوڵڵا سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: پەسەندکردنی پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم و هەموار و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسەندکردنی دەستوور بە ڕێکارە یاساییەکانی خۆیدا و بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا ڕێرەوی خۆی گرت و پەسەند کرا.

لە میانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا بژار مەلا خالید ڕاشیگەیاند کە تۆمەتەکانی سەر لیژنەی یاسایی لەبارەی پێشنیازەکان لە لایەن پەرلەمانتاران و فراکسیۆنەکانەوە هیچ ڕاست نین.

ئەو پەرلەمانتارە گوتیشی: هەموو فراکسیۆنەکان ئاگادارن کە ئێمە چۆن پێشنیازەکانمان جیا کردۆتەوە و هەر پێشنیازێک سێ ئەندام پشتگیریان کردبێت وەرگیراوە.

سەرۆکی لیژنەی یاسایی گوتیشی لە ماوەی سێ ڕۆژدا سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەرگای خۆ پاڵاوتن دەکاتەوە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت خۆیان کاندید بکەن بۆ سەرۆکی هەرێم و دوای ئەو سێ ڕۆژە سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ماوەی دوو ڕۆژدا ناوی کاندیدەکان ڕادەگەیەنێت کە پێویستە مەرجەکانی یاسای 2005یان هەبێت. دوای ئەوەی ناوەکانیش ڕاگەیەندران ئەو کەسەی کە ئەگەر ناوی نەهاتبوو، ئەوا لە ماوەی دوو ڕۆژدا لە دادگای تەمیز تانەی لێدەدات و دادگاش لە ماوەی دوو ڕۆژدا وەڵامی پەرلەمان دەداتەوە لە سێ ڕۆژی دوایی دا سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرێت کە هەمووی لە 12 ڕۆژدا دەبێ.

مایک پۆمپیۆ: ئەمەریکا لەبارەی سەروەریی عێراق هەستی بە نیگەرانی کردووە

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ دوای ئەوەی ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە بە سەردانێکی پێشتر ڕانەگەیەندراو گەیشتە بەغدا و ماوەی چەند کاتژمێرێکی خایاند، دەرنگانی شەویش بەغدای جێهێشت. لە میانی سەردانەکەی بۆ بەغدا، مایک پۆمپیۆ لەگەڵ ژمارەیەک لە گەورە بەرپرسانی دیکەی عێراق کۆبوویەوە.

کەنالی ئەلحورە بڵاویکردەوە کە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ بەو ڕۆژنامەوانانەی کە لە سەردانەکەی بۆ بەغدا یاوەری بوون، ڕاگەیاندووە لە کۆبوونەوەکانیدا لەگەڵ لایەنی عێراقی لەبارەی پتەوترکردنی توانای حکوومەتی فیدرال سەبارەت پاراستنی ئەمەریکییەکان لەو وڵاتە گفتوگۆی کردووە. مایک پۆمپیۆ ئامادەی بەوەش داوە کە ئەمەریکا لەبارەی سەروەری عێراق هەستی بە نیگەرانی کردووە بە تایەتیش دوای ئەوەی چالاکییەکانی ئێران لەو وڵاتە زیادی کردووە. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ئەوەشی گوتووە: هاتم بۆ بەغدا بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرکردەکانی عێراق قسە بکەم و بۆیان دووپات بکەمەوە لەوەی ئامادەین بۆ بەردەوامبوون لە دەستەبەرکردنی پاراستنی سەروەری و سەربەخۆیی عێراق.

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ ڕوونکردنەوەی لەسەر سەردانەکەی بۆ بەغدا دا و گوتی: هاتنم بۆ بەغدا بە هۆی ئەو زانیارییانە بوو کە لە بارەی زیادکردنی چالاکییەکانی ئێران لە عێراق بەدەستمان گەیشتبوو. جێی باسە ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە مایک پۆمپیۆ لەسەرووبەندی بەرزبوونەوەی ئاستی گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران لە ناوچەکەدا، بەسەردانێکی پێشتر ڕانەگەیەندراو گەیشتە بەغدا.



عادل عەبدولمەهدی: متمانە لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە، ئەوەش بنچینەی چارەسەری کێشەکانە

عێراق بە بڕی 53 ملیار دۆلار گرێبەستی نەوتی لەگەڵ ئەمەریکا و چیندا واژوو دەکات

سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی ئاشکرایکرد ئامادەکاریی دەکەن بۆ واژووکردنی گرێبەستێک بە بڕی 53 ملیار دۆلار لەگەڵ کۆمپانیای وزەی ئەمەریکی "ئێکسۆمۆبیل" و کۆمپانیای زەبەلاحی نەوتی چینی "پیترۆچاینا".

عادل عەبدولمەهدی لەمیانی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی هەفتانەی خۆی کە لە بەغدای پایتەخت سازی کرد، ڕوونکردنەوەی سەبارەت بەو پرۆژە زەبەلاحانەی کە بڕیارە لەگەڵ کۆمپانیا ئەمەریکی و چینییەکەدا واژوو بکرێن، دا. عەبدولمەهدی باسی لەوەکرد عێراق لە داهاتوویەکی نزیکدا لەگەڵ ئێکسۆمۆبیل و پیترۆچاینا گرێبەستی نەوت بە بڕی53 ملیار دۆلار واژوو دەکات و ڕایگەیاند: وەزارەتی نەوت، ئێکسۆمۆبیل و پیترۆچاینا، لە ئێستادا تواناکانیان لەسەر چۆنێتیی بەشکردنی قازانجەکان لەکاتی دابەزین و بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوتدا، چڕکردووەتەوە.

تیشکیشی خستەسەر ئەوەی کە گرێبەستەکە بۆ ماوەی30 ساڵ دەبێت و پلانیان وایە لەو ماوەیەدا قازانجیان لەسەروو 400 ملیار دۆلارەوە بێت. لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەوانانداو سەبارەت بەو دەنگۆیانەی "کە ئەمەریکا لەبەرامبەر واژووکردنی گرێبەست لەگەڵیدا، عێراق لە سزاکانی سەر ئێران دەبەخشێت"، عادل عەبدولمەهدی ڕایگەیاند: ڕێککەوتن لەگەڵ ئێکسۆمۆبیل هیچ پەیوەندییەکی بە سزاکانی ئەمەریکا لەسەر تاران نییە. سەرۆک وەزیرانی عێراق جەختیشی کردەوە، پەیوەندییان لەگەڵ هەرێمی کوردستان زۆر باشەو ئیرادە و متمانەیەکی هاوبەشیش بۆ چارەسەری کێشەکان هەیە.

سەرۆک وەزیرانی عێراق ئەوەشی خستەڕوو، پەیوەندی هێزە چەکدارەکانی عێراق لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا باشە، بۆ ڕاوەدونانی داعش لە ناوچە کێشە لەسەرەکان و ناوچەکانی دیکەش.

گوتیشی: پەیوەندییمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان زۆر باشە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە جیاوازیمان لە بۆچوونەکاندا نییە، ئەمەش شتێکی گرنگە کە ئیرادەیەکی هاوبەش هەیە، متمانە لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە، ئەمەش بنچینەی چارەسەری کێشەکانە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان... دوو هاوواڵاتیی دیکەی کورد لەسێدارە دران

ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایدەگەیێنێت دوو بەندکراوی خەڵکی کرماشان کە بە تۆمەتی کوشتنی بە ئەنقەست حوکمی سێدارەیان بە سەردا سەپابوو، لە سێدارە دران. ڕێکخراوی هەنگاو ئاماژە بەوەش دەکات کە بە پێی هەواڵی گەیشتووبە پشت بەستن بە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران، ڕۆژی شەممەی ڕابردوو حوکمی سێدارەی 2 هاوواڵاتی کورد لە بەندیخانەی دیزڵئاوای کرماشان جێبەجێ کراوە.

ڕاشیدەگەێنێت ، ناسنامەی ئەو دوو هاوواڵاتیە «شایان ئیبراهیمی» تەمەن 21 ساڵ و «نووروڵڵا زەنگنەوەندی» تەمەن 38 بە تۆمەتی کوشتنی ئەنقەست لەلایەن دەزگای دادوەریی ئێران حوکمی سێدارەیان بەسەردا سەپێندرا

یەکێتی ئەورووپا ڕەخنەی توند ئاڕاستەی دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکانی ئیستانبوڵ دەکات

بڕیارەکە کاریگەریی بەسەر متمانەی هاووڵاتیانی تورکیا دەبێت و مەترسیداریشە



خەبات- کەنعان بەهادین: لێژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا بڕیارێکی دەرکرد بە دووبارە ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی ئیستانبوڵ، ئەمیش بەپێی ئەو تانانەی کە لە ئەنجامەکەی دراوە. سەرچاوەیەکیش ڕایگەیاند کە 23ی حوزەیرانی داهاتوو هەڵبژاردنەکانی شارەوانی ئیستانبوڵ دووبارە دەکرێتەوە، لەمبارەیەوە فیدریکا موگرینی پەیوەندییەکانی دەرەوە و سیاسەتی ئەمنی یەکێتی ئەورووپا و جوهان سهاهن ئەندامی لێژنەی بەرپرسیاری ئەورووپا لە لێدوانێکی هاوبەش ڕایانگەیاند، پێویستە بە زووی بڕیاری لێژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا بۆ دووبارە ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی ئیستانبوڵ و هۆکارەکانیشی ڕوون بکرێنەوە. هەروەها نوێنەرانی یەکێتی ئەورووپا ڕەخنەی تووندیان لە کۆی هەڵبژاردنەکانی تورکیا گرت و بەتایبەتیش ئەوەیان بیرهێنایەوە کە تاکو ئێستا ڕێگە بەو بەربژێرانە نەدراوە دەستبەکار بن کە بەفەرمی سەرکەوتوو بوون، لە شارەوانییەکانی خۆیان. هەروەها کاتی بیری کۆمیسیاری باڵای پەرلەمانی ئەورووپا و بەرپرسی مەلەفی تورکیا لە پەرلەمانی ئەورووپا ڕایگەیاند "ئەردۆگان بە دۆڕان ڕازی نییە و بەرامبەر بۆچوونی هاووڵاتیانی خۆی دەوەستێتەوە، هەر بۆ ئەمەشە هەڵبژاردنەکانی ئەستەنبوڵ دووبارە دەکاتەوە". سۆربجرۆن شاجلاند سکرتێری گشتی ئەنجومەنی باڵای ئەورووپاش ڕایگەیاند "ئەو بڕیارە کاریگەری دەبێت بە سەر متمانەی هاووڵاتیانی تورکیا و مەترسیداریشە". جێی باسە هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکانی تورکیا لە 31ی ئادار بەڕێوەچوو و تێیدا پارتی داد و گەشەپێدان تووشی شکستی گەورە بوو دوای 25 ساڵ و تا ئەو ئاستەی شارەوانی ئیستانبوڵیشی لەدەست دا و پارتی گەلی کۆماری کە ئۆپۆزسیۆن بوو دەنگی زۆربینەی بەدەستهێناو ئیمامۆغلوی کاندیدی حزبە بووە سەرۆکی شارەوانی ئیستانبوڵ.

هەدەپە لەپێناو کاندیدە دەرچووەکانی پەنا دەباتە بەر دادگای دەستووریی تورکیا و دادگای مافەکانی مرۆڤ لە ئەورووپا

ئایشە ئاجار باشاران: دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردن ئیرادەی گەلی لەبەرچاو نەگرتووە



هەدەپە سکاڵای کەسیی پێشکەشی دادگای دەستووریی سەبارەت بە بڕیارەکەی دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردن کرد کە تایبەتە بە پێنەدانی فەرمانی دەستبەکاربوونی ئەو کەسانەی کە لە ڕێگەی بڕیارنامەکان کە مامەڵەی یاسایان لەگەڵدا دەکرێت لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە و لە ئێستاشدا وەک سەرۆکی شارەوانی هەڵبژێردراون. هەریەک لە پەرلەمانتاری باتمانی هەدەپە، ئایشە ئاجار باشاران، پەرلەمانتاری ئاگری هەدەپە، عەبدوڵلا کۆچ و پەرلەمانتاری شرنەخی هەدەپە، حسێن کاچماز، دوای ئەوەی سکاڵاکانیان پێشکەشی دادگای دەستووریی کرد، ڕوونکردنەوەیەکی ڕۆژنامەوانییان بڵاوکردەوە. ئایشە ئاجار باشاران باسی لەوەکرد لەپێناو ئەو کاندیدانەی پارتەکەیان کە لە هەڵبژاردنە خۆجێییەکانی 31ی ئاداردا وەک سەرۆکی شارەوانی و ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانییەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە بەڵام بەهۆی ئەوەی بەو بڕیارنامانەی کە مامەڵەی یاسایان لەگەڵدا دەکرێت لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە، فەرمانی دەستبەکاربوونیان پێنادرێت، پەنایان بۆ دادگای دەستووریی بردووە و ڕوونیکردەوە کە دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردن ئیرادەی گەلی لەبەرچاو نەگرتووە. باشاران جەختی لەوەش کردەوە کە دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردن خۆی خستووەتە جێگەی گەل و ڕایگەیاند: داوا لە دادگای دەستووریی دەکەین کە ئەو ڕێکارەی دژی دەستوور هەڵوەشێنێتەوە و ئیرادەی گەل ڕادەستی گەل بکاتەوە. ئەو پەرلەمانتارەی هەدەپە ئاشکراشی کرد لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا پەنا دەبەنە بەر دادگای مافەکانی مرۆڤ لە ئەورووپا بۆ هەمان مەبەست.

جەهەپە داوای هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنەکانی 24ی حوزەیرانی 2018 دەکات



نوێنەری جەهەپە لە دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکان، مەهمەت هادیمی یەعقوبئۆغلۆ ڕایگەیاند کە ئەمڕۆ داواکاری پێشکەش بە دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکان دەکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنی شارەوانی شارۆچکەکانی سەربە پارێزگای ئیستانبوڵ و هەڵبژاردنی سەرکۆمار و 27مین هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمان کە 24ی حوزەیرانی ساڵی ڕابردوو ئەنجامدرا. مەهمەت هادیمی یەعقوبئۆغلۆ لە ڕوونکردنەوەیەکدا باسی لەوە کرد کە دوای ئەوەی دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکان هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی گەورەشارەوانی ئیستانبوڵی هەڵوەشاندووەتەوە، کەوایە پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی سەر سندوقەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی گەورەشارەوانی ئیستانبوڵی هەڵوەشاندووە داواکارییەکی نوێ پێشکەش بە دامەزراوەکە دەکەن. نوێنەری جەهەپە لە دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکان دەکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنی شارەوانی شارۆچکەکانی سەربە پارێزگای ئیستانبوڵ و هەڵبژاردنی سەرکۆمار و 27مین هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمان کە 24ی حوزەیرانی ساڵی بالای هەڵبژاردنەکان بە هۆی ساختەکاری لە پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی سەر سندوقەکان هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی گەورەشارەوانی ئیستانبوڵی هەڵوەشاندووەتەوە، کەوایە پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی سەر سندوقەکانی دەنگدان کاریگەری لەسەر 39 شارۆچکەکەی ئیستانبوڵیش هەبووە و هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی شارەوانی شارۆچکەکان، ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی شارۆچکە و موختار لەو سندوقانەدا ئەنجامدراون. مەهمەت هادیمی یەعقوبئۆغلۆ ئاماژەی بەوەش کرد کە بەو هۆیەوە داوا لە ئەنجومەنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەکەن بە هۆی نایاسایی تەواوەوە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی شارەوانی شارۆچکەکان، ئەندامانی ئەنجومەنی شارۆچکە و موختارەکان هەڵبوەشێنێتەوە. نوێنەری جەهەپە لە دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکان، مەهمەت هادیمی یەعقوبئۆغلۆ هەروەها ئەوەیشی خستەڕوو کە شێوازی دیاریکردنی ئەنجومەنەکانی سندوقی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانی پێشتریشدا جێبەجێکراوە، لەبەرئەوە داوای هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنەکانی 24ی حوزەیران دەکەن.

کاریگەریی سزاکانی ئەمەریکا لەسەر ئێران لە ساڵێکدا

ماڵپەڕێکی ئەمەریکی: ئێران لە 10 ملیار دۆلار بێبەش کراوە

براین هوک: هیچ کاتێک سزاکانی ئەمەریکا بۆسەر ئێران بەقەد ئەوەی ئێستا کاریگەریی نەبووە



ماڵپەڕێکی ئەمەریکی سزاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران هێنا و لەو کاتەوە هەڵمەت و فشارەکانی لەسەر ئێران ئاشکرا دەکات و ڕایدەگەیەنێت ئێران لەو ساڵەدا لە داهاتی یەک ملیۆن و 500 هەزار بەرمیل نەوت کە ڕۆژانە هەناردەی دەکرد، هەروەها لە 10 ملیار دۆلار داهات بێ بەشکراوە. نێردراوی ئەمەریکا بۆ ئێران، براین هووک ڕایگەیاند: هیچ کاتێک سزاکانی ئەمەریکا بۆسەر ئێران بەقەد ئەوەی ئێستا کاریگەریی نەبووە. گوتیشی: سزاکانمان بۆ سەر ئێران پاڵپشتیی ئێران بۆ بریکار و نوێنەرەکانی کەمکردووەتەوە و بۆ جاری یەکەمە ئەو کاریگەرییەی هەیێت، ئێستا ئەوان کەمتر لەنیوەی ئەو داهاتە وەردەگرن کە پێشتر وەریان دەگرت بۆ بڵاوکردنەوەی تۆندڕەوی. بەپێی ئینفۆگرافیکێک کە سایتی "ShereAmrica"ی ئەمەریکی بڵاویکردووەتەوە لە میانی ئەو ساڵەدا، ئێران لە10 ملیار دۆلار وەکو داهاتەکانی بێ بەشکراوە و 10 کۆمپانیای ئەمەریکا مامەڵە بازرگانییەکانیان لەگەڵ ئێران ڕاگرتووە، هەروەها ئێران لە یەک ملیۆن و 500 هەزار بەرمیل نەوت کە ڕۆژانە هەناردەی دەکرد بێ بەشکراوە و 75 کەشتیش ڕەتیان کردۆتەوە ئالای ئێران هەڵ واشنتۆن بۆسەر تاران زیاد دەکات.

نێردراوی تایبەتی ئەمەریکا بۆ ئێران، براین هوک لەمبارەیەوە ڕایگەیاندووە: سزاکانی ئەمەریکا و فشارە تونەکانی بۆسەر ئێران کاریگەریی و ئامانجی باشی بەدەست هێناوە کە ڕێگریی لە ئێران کردووە و هیچ کاتێک بەقەد ئێستا کاریگەریی نەبووە. گوتیشی: سزاکانمان بۆ سەر ئێران پاڵپشتیی ئێران بۆ بریکار و نوێنەرەکانی کەمکردووەتەوە و بەهۆی ڕەوانەکردنیان بۆ ناوچەکە، هەڵوەشاندووەتەوە.

وەکو وەڵامدانەوەیەک بۆ هەڕەشەکانی ئێران

ئەمەریکا چوار بۆمبهاوێژ ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات

بەرپرسانی ئەمەریکی دەڵێن ئەمەریکا چوار بۆمبهاوێژی دیکە ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات لەگەڵ ستافەکەی و تیمی چاککردنەوەی فڕۆکەکانیشدا. بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا، بەرپرسەکان کە نەیانویستووە ناویان ئاشکرا بکرێت بە ڕێیتەرزیان گوتووە، پێدەچێت ئەم بۆمبهاوێژانە لە جۆری52B بن و هێشتا لەم جۆرە فڕۆکانە ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەکراون. جێی باسە ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی ئەمەریکا جۆن بۆڵتۆن ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو گوتبووی "ئەمەریکا کۆمەڵێک کەشتی فڕۆکەهەڵگر و بۆمبهاوێژ ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات وەکو وەڵامدانەوەیەک بۆ هەڕەشەکانی ئێران و دەرخستنی ئەوەی ئەمەریکا دەتوانێت بە بەهێزیەوە وەڵامی هەر هێرشێک بداتەوە".

پلانی عێراق بۆ دەستبەرداربوون لە کڕینی چەک لە ئەمەریکا

محەمەد ڕەزا: چەند ساڵێکی دەوێت تا ئەمەریکا چەکت پێ بدات

سەرۆکی لێژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد ڕەزا ڕایگەیاند کە لە پلانی حکوومەتی فیدراڵ دایە کەوا لەمەودوا بۆ پڕچەککردنی سوپا لە ژمارەیەک وڵاتی دیکە چەک بکڕێت و چی دیکە تەنها پشت نەبەستێت بە چەکی ئەمەریکا. محەمەد ڕەزا لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی "ئەلسەباح"ی نیمچە فەرمی ئاشکرایکردووە کە حکوومەتی فیدراڵ لەمەودا بۆ پڕچەککردنی سوپا لە هەریەک لە ڕووسیا، چین، ژاپۆن، کۆریای باکوور چەک دەکڕێت. سەرۆکی لێژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەران هۆکاری ئەو پلانەی حکوومەتی فیدراڵ بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە نایەوێت چی دیکە پڕچەککردنی سوپای عێراق، سنووردار بێت و تەنها لە یەک وڵات، چەک نەکڕێت. لە میانی چەند ساڵێی ڕابردوودا، بەرپرسانی عێراق ڕەخنەیان لەوە گرتبوو کە لایەنی ئەمەریکا هیچ چەکی بە هێزە عێراقییەکان نەداوە بە تایبەتیش لە میانی شەڕەکانی دژیە داعش لە ساڵانی2014 تا ساڵی 2017. محەمەد ڕەزا گوتیشی: لەئێستادا بۆ پڕچەککردنی سوپای عێراق زیاتر خواستی لەسەر لایەنی ئەمەریکی هەیە و نەک لایەنی ڕووسی، هەرچەندە لایەنی ڕووسی لە ڕووی کڕینی چەک و مەشق و ڕاهێنان لەگەڵ فیترۆونی خێرا لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی چەکەکان زیاتر گونجاوترە بۆ سوپای عێراق. ناوبراو گوتیشی: چەند ساڵێکی دەوێت تا ئەمەریکا چەکت پێ بدات، هەروەها ڕێگەش نادات شارەزا و ئەندازیارانی سەربازی عێراق بەشداری لەو خولە سەربازییانەدا بکەن کە بۆ مەشق و ڕاهێنان لەسەر چەکە نوێیەکان سازی دەکات بەتایبەتش ئەو خولانەی کە تایبەتن بە بەکارهێناتی تانکەکان. ئەمەش لە کاتێک دایە کە هێزەکانی وشکانی، ئاسمانی و دەریاوانی عێراق بە شێوەیەکی سەرەکی پشتیان بەستووە بە چەکی ئەمەریکی.

گوتەبێژی هێزە ناوەندییەکانی ئەمەریکا ڕائید بیڵ ئۆربن:

لەنزیکەوە چاودێریی سوپای ئێران، سوپای پاسداران و دریژکراوەکانیان دەکەین

سوپای ئەمەریکا بانگەشەی ئەوەیکرد کە سوپای ئێران و هێزە پشتیوانییکراوەکان لەلایەن تارانەوە، ئامادەکارییان بۆ پەلاماردانی سەربازانی سوپای ئەمەریکا لە خۆڕهەڵاتی ناوەڕاست کردووە. فەرماندەیی هێزە ناوەندییەکانی ئەمەریکا و فەرماندەیی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەورووپا وەڵامی نووسراوی پرسیارێکیان سەبارەت بە ڕەوانەکردنی فڕۆکەهەڵگری جەنگیی لینکۆڵن بۆ خۆڕهەڵاتی ناوەڕاست دایەوە.

گوتەبێژی هێزە ناوەندییەکانی ئەمەریکا ڕائید بیڵ ئۆربن لەوبارەیەوە ئاماژەی بەوەکرد لەسەر داوای فەرماندەیی هێزە ناوەندییەکان، کێنیس مەکێنزی و لەدوای ڕەزامەندیی بریکاری وەزیری بەرگریی ئەمەریکا، پاتریک شاناهان کەشتیی جەنگیی فڕۆکەهەڵگری USS Abraham Lincoln بۆ ناوچەکە ڕەوانە کراوە و ڕایگەیاند: فەرماندەیی هێزە ناوەندییەکان، دوای ئەوەی کە نیشانەی ڕوونی سەبارەت بە ئامادەکاریی بۆ پەلاماردانی سەربازانی سوپای ئەمەریکا لە ناوچەکە لەلایەن ئێران و هێزە پشتیوانییکراوەکان لەلایەن ئێران، بینی، داوای هێزی کرد. هەروەها ڕایگەیاند: لەنزیکەوە چاودێریی ڕژێمی ئێران، سوپاکەی، سوپای پاسداران و دریژکراوەکانیان دەکەین و لەپێناو پاراستنی هێزەکانی ئەمەریکا و بەرژەوەندییەکانی، بەشێوەیەکی باش جێگیربووین. هاوکات گوتەبێژی فەرماندەیی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەورووپا، مقەدەم جۆو هۆنتز ئاماژەی بەوەکرد کەکشتیی جەنگیی فڕۆکەهەڵگری USS Abraham Lincoln و کەشتییەکانی هاوەڵی، پلانی سەردانکردنی ژمارەیەک لە بەندەرەکانی ئەورووپایان بەهۆی ڕەوانەکردنیان بۆ ناوچەکە، هەڵوەشاندووەتەوە.

بە فەرمانی ئەنجوومەنی وەزیران.. 35 بەرکەوتووی چەکی کیمیایی رەوانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکرێن

سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە:

ئاگاداری تەواوی وردەکاریی ناردنە دەرەوەی ئەو 35 بەرکەوتووە نین

بەپێی نووسراوی ژمارە 2480ی ئەنجوومەنی وەزیران کە 2ی ئەم مانگە دەرچووە و ئاڕاستەی وەزارەتی تەندروستی کراوە رەزامەندی لەسەر ناردنە دەرەوەی35 بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دراوە. کۆپیەکی نوسراوەکە دەست (خەبات) کەوتووە و تێیدا هاتووە: رەزامەندی درا لەسەر خەرجکردنی بڕی 101,575,000سەدو یەک ملیۆن و پێنج سەد و حەفتا و پێنج هەزار بۆ چارەسەری بەرکەوتووی چەکی کیمیایی لە ولاتی ئێران کە بە زنجیرە (1-سەباح احمد کریم دەستپێدەکات و و بە زنجیرە 35- هێرش موختار عبدالله) کۆتایی دێت. بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەڵەبجە دەڵێ: بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی چوار جۆر نەخۆشیان هەیە". سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەش دەڵێت" دەبێت پرسی بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی بەجدی وەربگرین و لەبری ناردنە دەرەوەیان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران، پێویستە پزیشکەکان بهێنینە باشووری کوردستان".

خەبات/عدلی بانیشاری

د.ئازاد مستەفا، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەڵەبجە بە (خەبات)ی راگەیاند" هەر لە سەرەتاوە وەکو تەندروستی هەڵەبجە درکمان بەوە کردووە کە پێویستە هەندێک لە بەرکەوتوون بەمەبەستی چاندنی گلێنەی چاو، چارەسەری نەخۆشییەکانی سنگ رەوانەی دەرەوەی ولات بکرێن". گوتیشی" لەسەر فەرمانێکی وەزارەتی تەندروستی و بۆ هەمان مەبەست لیژنەیەکمان دروستکردووە کە لە6 پزیشکی پسپۆڕ لە بوارەکانی هەناوی و پێست و چاو پێکدێت لەگەڵ چەند کارمەندێکی تەندروستی کە لە پشکنینی چاو کار دەکەن، لیژنەکە بەرکەوتووەکانی بینی و پاشان 35 کەس ناویان بۆ وەزارەتی تەندروستی دەنێرن بۆ ئەوەی ئەو بەرکەوتووانە چەند جارێک سەردانی ئێرانیان کردووە و چارەسەریان وەرگرتووە و تائێستاش نەخۆش هەیە بۆ وەرگرتنی چارەسەر هاتووچۆ ئەو ولاتە دەکات".

سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە باس لەوەشدەکات هەموو بەرکەوتوویەکی چەکی کیمیایی پێویستە بە چارەسەرە. دەشڵێت" دەبێت لیژنەیەکی پسپۆڕ ئەو بەرکەوتووانە دیاری بکات کە پێویستیان بە نارنە دەرەوەی ولات هەیە، ئەو لیژنەیەش لە هەرێمی کوردستان نییە کە پسپۆڕی چەکی کیمیایی بێت و تائێستاش چاومان لە پێشینەیان لە چارەسەرکردنی بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی لە سنورەکەدا هەیە".

بەوتەی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەڵەبجە بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی چوار جۆر نەخۆشیان هەیە کە ئەوانیش (نەخۆشی پێست و چاو، نەخۆشییەکانی هەناسە و نەخۆشییە دەروونییەکان). سەبارەت بە کاتی وەرگرتنی نەخۆشخانەی کیمیابارانی هەڵەبجە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە؟ د.ئازاد مستەفا گوتی" لەئێستادا لەسەروبەندی وەرگرتنی





نەخۆشخانەکەین بەتەواویی، هەندێک پێداویستیمان ماوە لە ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی تائێستا رەزامەندیان لەسەر دەرنەبڕیوە، لە ئایندەیەکی نزیکدا و پاش وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی نەخۆشخانەکە دەکرێتەوە، لەگەڵ وەرگرتنی نەخۆشخانەکەش کێشەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی چارەسەر دەبێت و پێویستمان بەوە نابێت بەرکەوتووان بنێرینە دەرەوە".

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە بە (خەبات)ی راگەیاند: ئاگاداری تەواوی وردەکاری نارنە دەرەوەی ئەو 35 بەرکەوتووەی چەکی کیمیایی نین بۆ ولاتی ئێران". گوتیشی" بەفەرمی لە ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی تەندروستی ئەندامی لیژنە بووین بۆ نارنە دەرەوەی ئەو بەرکەوتووانە، بەڵام بەهۆی هەندێک بارودۆخەوە ئێمەیان پەراوێز خستووە و بێ ئاگاین لە نارنە دەرەوەی ئەو35 بەرکەوتووە". لوقمان عەبدولقادر دەشڵێت" پێش ئەو 35 کەسە، لە ڕێگەی بەشی تەندروستی نوسینگەی سەرۆکی حکومەتەوە34 بەرکەوتوو بۆ چارەسەر رەوانەی کۆماری ئیسلامی ئێران کراون، ئەو بەرکەوتووانە چەند جارێک سەردانی ئێرانیان کردووە و چارەسەریان وەرگرتووە و تائێستاش نەخۆش هەیە بۆ وەرگرتنی چارەسەر هاتووچۆ ئەو ولاتە دەکات".

سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە باس لەوەشدەکات هەموو بەرکەوتوویەکی چەکی کیمیایی پێویستە بە چارەسەرە. دەشڵێت" دەبێت لیژنەیەکی پسپۆڕ ئەو بەرکەوتووانە دیاری بکات کە پێویستیان بە نارنە دەرەوەی ولات هەیە، ئەو لیژنەیەش لە هەرێمی کوردستان نییە کە پسپۆڕی چەکی کیمیایی بێت و تائێستاش چاومان لە نارنە دەرەوەی ئەو35 بەرکەوتووە". لوقمان عەبدولقادر دەشڵێت" پێش ئەو 35 کەسە، لە ڕێگەی بەشی تەندروستی نوسینگەی سەرۆکی حکومەتەوە34 بەرکەوتوو بۆ چارەسەر رەوانەی کۆماری ئیسلامی ئێران کراون، لیژنەکانی دەرەوەیە". لوقمان عەبدولقادر دەڵێ" لە ساڵی 2009 یەکەم لیژنەمان هێنایە کوردستان، لیژنەکە 715 کەسیان بینی، لەو ژمارەیەش 254 کەسیان وەکو بەرکەوتووی چەکی کیمیایی دیاریکرد کە171 کەسیان خەڵکی هەڵەبجە بوون". ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا تەواوی ئەوانەی کە وەکو بەرکەوتووی کیمیایی تۆمارکراون 982 کەسن. بەڵام وەکو ئەو دەڵێت" کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە سەرنجی لەسەر ئەو ژمارەیە هەیە".

سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە دەشڵێت" ئەگەر ئێمە بمانەوێت پرسی بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی بەجدی وەربگرین پێویستە لەبری ناردنە دەرەوەیان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران پزیشکەکان بهێنینە باشووری کوردستان". لوقمان عەبدولقادر بەپێویستی دەزانێت حکومەتی هەرێم گرێبەست لەگەڵ تیمێکی پزیشکی پسپۆڕی چەکی کیمیایی بکات و بیانهێنێتە کوردستان بۆ ئەوەی ئاسانتر و خێراتر بەرکەوتووەکان چارەسەر بکرێن و هێندە هاتووچۆی ئێران نەکەن.

بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەڵەبجە:

لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو بەرکەوتووانەی کە فەرمانیان بۆ دەرچووە رەوانەی ئێران دەکرێن

لە ئاڵۆزییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا...

تاران هەڕەشە دەکات.. واشنتۆن هۆشداری دەدات.. مۆسکۆ ڕوونکردنەوەی هەیە

سەرۆک کۆماری ئێران:
ماوەی 60 ڕۆژمان داناوە بۆ لایەنەکانی ڕێککەوتنەکە لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێران



دوێنێ چوارشەممە حەسەن ڕۆحانی سەرکۆماری ئێران، لە یەکەم سالڕۆژی کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنەنامەی ئەتۆمی، گوتی: لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکەدا پابەندین بە پێتانەدنی سەدا 3.67یۆرانیۆم، بەڵام ئەگەر لە کۆتایی ئەم 60 ڕۆژەدا لەگەڵ پێنج وڵاتەکە نەگەینە ئەنجامێک، کۆتایی بەو بەرپرسیارێتییە دەهێنین.

لە گوتارێکیدا بەبۆنەی ساڵیادی کشانەوەی سەرۆکی ئەمریکا، دۆنالد ترەمپ لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لە هەشتی ئایاری 2018دا، ڕوحانی باسی لەوە کرد کە وڵاتەکەی دوو بەڵێنی لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنە ڕاگرتووە.

سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی ڕایگەیاند کە بەشێک لە بەڵێنەکانیان لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی ڕاگرتووە و ماوەی 60 ڕۆژیان داناوە بۆ لایەنەکانی ڕێککەوتنەکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێران.

ڕوحانی باسی لەوە کرد کە ماددەکانی 26 و 36ی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە مافی گرتنەبەری پێداون ئەگەر لایەنی بەرامبەر ئەو بەڵێنانەی داوێتی پێشێلی بکات، ئەوەیشی خستەڕوو کە بە پێنج وڵاتەکەی لایەنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەیان ڕاگەیاندووە کە دوو جێبەجێکردن ڕادەگرن.

حەسەن ڕوحانی ئاماژەی بەوەیش کرد کە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکەدا لە پێتاندنی یۆرانیۆمدا کاتێک زیاد لە 300کیلۆگرامیان پێتاندووە فرۆشتوویانە بە وڵاتانی دیکە و لە بەرامبەردا یۆرانیۆمی نەپێتێندراویان وەرگرتووە، بەڵام لەمڕۆوە ئەو فرۆشە ڕادەگرن.

ئاماژەی بەوەدا کە ئەو هەنگاوەی پێی هەستاون، بۆ ماوەی 60 ڕۆژکاری پێ دەکرێت و گوتی: "ئەگەر لەمیانی 60 ڕۆژدا وڵاتانی لایەن لە ڕێککەوتنەکەدا لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشن و لە فرۆشتنی نەوت و بانکداریدا بەرژەوەندییەکانمان دەستەبەر بکەن، دەگەڕێینەوە حاڵەتی ئەمڕۆ. لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکەدا پابەندین بە پێتاندنی سەدا 3.67یۆرانیۆم، بەڵام ئەگەر لە کۆتایی ئەم 60 ڕۆژەدا لەگەڵ پێنج وڵاتەکە نەگەینە ئەنجامێک، کۆتایی بەو بەرپرسیارێتییە دەهێنین".

ڕوحانی هەروەها لەبارەی ناوەڕۆکی ئەو نامەیەی بۆ هەریەکە لە سەرۆکی وڵاتانی (ڕووسیا، چین، بەریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیا)ی ناردووە کە لایەنن لە ڕێککەوتنەکەدا، گوتی: لەو پەیامەی بۆم ناردوون بەڕوونی پێم گوتوون، ئەگەر ئەم هەنگاوەی ئێمە بکەنە بەهانە و دۆسیەکە ببەنە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەڵمەتێکی زۆر جددیدا ڕووبەڕووی یەکتر دەبینەوە.



وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا:
بەرپرسە عێراقییەکان لەوە تێگەیشتوون کە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لەناوچەکە ئەرکی ئەوانە

محەمەدجەواد زەریف لە لێدوانێکدا لەبارەی قسەکانی حەسەن ڕۆحانی گوتی: ئەم قسە و مەرجانە بە واتای هاتنە دەرەوە لە ڕێککەوتنی ناوکی نییە، بەڵکوو ئێران تەنیا هەندێ چالاکیی دڵخوازی خۆی دەرێژە پێ دەدات.

هاوکات لەگەڵ ئەم هەڵوێستەی ئێران، مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە پەلەو لە سەردانێکی لەناکاودا گەیشتە بەغدا و لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق و بەرپرسێکی باڵای سەربازی (کە ناوەکەی ئاشکرا نەکراوە) کۆبوونەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە کۆبوونەوەیدا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق، هۆشداریەکی توندی بە حکومەتی عێراق داوە و هیچ بواریکیشی نەهێشتووەتەوە کە خۆیان لەمبارەیەوە بڕیار بدەن.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە سەرچاوەی جیاوازەوە باڵاو کراوەتەوە، لە میانی سەردانەکەی مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراق و بەرپرسێکی باڵای سەربازی (کە ناوەکەی ئاشکرا نەکراوە) کۆبوونەتەوە.



وتەبێژی کریملین:
ئەوەی هەیە دەرەنجامی هەنگاوە ناعەقڵانییەکانی واشنتۆنە دژ بە تاران



دەرەوەی ئەمەریکا بەو ڕۆژنامەنووسانەی گوتووە کە یاوەڕییان دەکرد، گفتوگۆیان لەبارەی پێویستیی پاراستنی ئەمریکییەکان لە عێراق کردووە، بەرپرسە عێراقییەکان لەوە تێگەیشتوون ئەوە بەرچاوەی گرتووە و گوتی: سەرۆکی ڕووسیا، ڤلادیمیر پوتین چەندین جار سەبارەت بە دەرەنجامی ئەو هەنگاوە ناعەقڵانییانەی واشنتۆن کە دژبە ئێران دەیهاوێژێت، قسەیکرد. ئەوە دەبینین کە ئەنجامەکانی ئەمە دەستیان بە دەرکەوتن کردووە.

گوتەبێژەکەی کرملین جەختی لەوەشکردەوە کە لە پێناو دریژەدان بە توانای جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە، دیپلۆماتەکانی ڕووسیا لەگەڵ هاوبەشەکانیان بە ئەوروپییەکانیشەوە، بەردەوامن لە گفتوگۆکانیان.

لایەن ئێرانەوە، دایەوە.

پێسکۆڤ باسی لەوەکرد بڕیارەکەی ئێران لە بڕیاری هاتنە دەرەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمییەوە سەرچاوەی گرتووە و گوتی: سەرۆکی ڕووسیا، ڤلادیمیر پوتین چەندین جار سەبارەت بە دەرەنجامی ئەو هەنگاوە ناعەقڵانییانەی واشنتۆن کە دژبە ئێران دەیهاوێژێت، قسەیکرد. ئەوە دەبینین کە ئەنجامەکانی ئەمە دەستیان بە دەرکەوتن کردووە.

گوتەبێژەکەی کرملین جەختی لەوەشکردەوە کە لە پێناو دریژەدان بە توانای جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە، دیپلۆماتەکانی ڕووسیا لەگەڵ هاوبەشەکانیان بە ئەوروپییەکانیشەوە، بەردەوامن لە گفتوگۆکانیان.

بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی و ڕاوێژکاری سیاسیی یونامی چەند پرسێک تاوتوێ دەکەن



دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دێموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی لە مونیاراتزی مۆتسی ڕاوێژکاری سیاسی و سەردەستەی تیم لە نوسینگەی هەرێمایەتی یونامی لە هەولێر کرد.

لە دیدارێکدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی و بەرپرسی ڕاوێژکاری سیاسی لە یونامی باسیان لەرەوشی سیاسی هەرێمی کوردستان و عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی کوردستان و حکومەتی عێراق و پرسی کەرکووک و هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان بەپێی دەستوور لە پێناو ئارامی ئاسایشی ناوچەکەو باشتر کردنی ڕەوشی ژیانی خەڵک بەگشتی باسی لێوەکرا، هەروەها پرسی پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە کوردستان و بەشداری لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکان و چارەسەربوونی گرفتەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیە و هەموارکردنەوەی یاسایی سەرۆکایەتی و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە چەند ڕۆژی داهاتوو و بەدرێژی تیشکی خرایەسەر، پاشان بەرپرسی پەیوەندییەکان تەئکیدی کردەوە پارتی لە پرۆسەی سیاسی عێراق و کوردستان هەمیشە پشوو درێژبووەو ئامانجی بووە پرۆسەی سیاسی سەربکەوێت و حکومەتێکی بەهێز بە بەشداری لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی کوردستان پێکبهێنرێت و ئەمڕۆ هەنگاو گفتوگۆ و گەیشتن بەئامانج و بە بەرنامەیەکی گشتگیر بۆ چوار ساڵی ئایندە لە چەند ڕۆژی ئایندە هەم سەرۆکی هەرێم هەم تەکلیفی سەرۆکی حکومەت دەکرێت، هاوکات بەرپرسی پەیوەندییەکان ئاماژەی بەروئیاو دیدی پارتی لەم قۆناغەو پرسی کەرکوک و کێشەی پارێزگاری کەرکوک کرد کە ئەمڕۆ شاری کەرکووک لەرووی بەرێوەچوونی شارەکە دەسەڵاتی سەربازی بەرێوەی دەبات و ئەمەش بەپێی دەستورو یاسا گونجاونیەو پێویستی بە چارەسەری سیاسیی و یاسایی و تەوافقی لایەنەسیاسیەکان و پێکهاتەکانی شاری کەرکوک هەیەو دەبێت دەسەڵاتی مەدەنی بۆ شارەکە بگەڕێتەوەو ئەمەش حکومەتی کوردستان و عێراق دەبێت چارەسەری بکەن، لەم بارەیەوەش داوای لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان یونامی کرد دەتوانن ڕۆڵی گەورەتر لە پێناو چارەسەرکردنی کێشە دەستوریەکانی نێوان کوردستان و عێراق بۆ تەواوی پرسەکان بگێڕن، لە کۆتایی دیدارەکەدا شاندی یونامی خۆشحاڵی خۆیان بەم دیدارە دەربڕی و تەئکیدیان کردەوە ئێمە هەر شتێک لە پێناو سەقامگیری و ئاشتی لەهەرێمی کوردستان و بەغدا بێت بەپێی ئەو دەسەڵاتەی یونامی لە عێراق هەیەتی هەوڵی جدی دەدەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

پتر ژ 100 نوژداران بۆ مەها ڕەمەزانێ بێبەرامبەر دێ چارەسەریا مالباتێن شەهید و پێشمەرگە و کێمدەرامەتا کەن



ئێک ژ بەرنامێن لقا ئێک پارتی دیموکراتی کوردستان د مەها ڕەمەزانێ دا ژ بۆ هاریکاریکرنا مالباتێن شەهیدێن سەر بلند و پێشمەرگێن چاڤ نەترس و خەلکێ کێم دەرامەت و هەژار یێ پارێزگەها دهوکێ ب هەماهەنگی دگەل ڕێڤەبەریا گشتی یا ساخلەمیا دهوکێ پتر ژ سەد نوژداران یێ بەرامبەر دێ هەیڤا ڕەمەزانێ چارەسەریا نەخوشێن وان کەن، ژ بۆ هایداربوون لسەر ڤی بەرنامەی سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک دگەل د.نزار عسمەت ڕێڤەبەریێ گشتی یێ ساخلەمیا پارێزگەها دهوکێ و سەندیکا نوژداران تایبێ دهوکێ و هژمارەکا نوژدارێن دی ل بارەگایێ لقێ پێشوازیا وان کر، ل دەستپێکێ بەرپرسێ لقێ سوپاسیا ڕێڤەبەریا گشتی یا ساخلەمیا دهوکێ و هەمی نوژدارێن بڤێ ئەرکێ پیروز ڕابووین کر و هەروەسا هەر سازییەکا هاریکاربووین دگەل پێشنیار و بەرنامێ مە یێ لقا ئێک بۆ مەها ڕەمەزانێ ئەم ڤی ئەرکی ب ئەرکەکێ نیشتمانی و نەتەوایەتی و ئولی د قەلەم دەین ئەف چەندە ژی بەرپرسێ لقێ گوت ئەم دێ کارکەین ڤی بەرنامەی ل هەمی هەیقێن سالێ بەردەوامیێ پێ بدەین ژ بۆ مالباتێن شەهید و پێشمەرگە و کێم دەرامەتا هەژارا، ڕێڤەبەرێ گشتی و ئامادە بوونێ ڤێ کوم بوونێ دەست خوەشیا لقا ئێک کرن ژ بۆ ڤێ پێشنیارا وان دیسان ئامادەبوونا خوە دیار کر بۆ سەرئێخستنا ڤی پروژەی.

بەرپرسی لقی 24 لە لایەن چەند قوتابخانەیەکی سنووری پەروەردەی شەقلاوە ڕێزی لێدەگیرێت



دوێنێ هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی 24ی سەفینی پارتی خەڵاتی ڕێزلێنانی پێ بەخشرا لەلایەن چەند قوتابخانەیەکی سنووری پەروەردەی شەقلاوە، کە پێکهاتبوون لە قوتابخانەکانی ئامادەیی دەنگارە و ڕووناکیی ئێواران و خالد مەدحەت لەبەرامبەر ئەو پالێشتییە بەردەوامەی کە بۆیانی هەبووە.

دوای پێشوازیکردنی لە نوێنەرانی هەریەک لە قوتابخانەکانی ناوبراو، تاوتوێکردنی ڕەوشی پەروەردە لە دەڤەرەکە، بەرپرسی لقی24ی سەفین هەموو پالێشتییەکی لقی بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی بواری پەروردەو فێرکردن نیشاندا.

لە سێ مانگی ئەمساڵ زیاتر لە 120 هاوڵاتی بە ڕوداوی هاتووچۆ گیانیان لەدەستداوە

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:

لەبەر پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکانی هاتوچۆ، ڕۆژانە لێرەولەوێ گوێبیستی گیانلەدەستدانی هاوڵاتیان دەبین بە ڕووداوەکانی هاتوچۆ، جگە لە زیانی مادی بەر ئوتومبێلەکان دەکەوێت. دەربارەی ئاماری سێ مانگی یەکەمی ئەمسالی ڕووداوەکانی هاتوچۆ، عەقیدی هاتوچۆ ئەسعەد مەلا کەریم گوتەبێژو بەڕێوەبەری پلاندانان لە هاتوچۆی گشتیی هەرێم لە لێدوانێکدا بە خەباتی ڕاگەیاند: هۆکاری سەرەکی ئەم هەموو ڕوداوانە پابەندنەبوونی شوفێرانە بە ڕێنماییەکانی هاتوچۆ، بەپێی ئەو ئامارەی کە تۆمار کراوە لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا نزیکەی120 هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە بە ڕوداوەکانی هاتوچۆ هەزارو236 هاوڵاتیش برینداربوون. دواتر بەڕێوەبەری پلاندانان لە هاتوچۆی گشتی دەربارەی ئاماری ژمارەی ئوتومبێل لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵ ڕوونیکردەوە: لەماوەی سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵی 2019 زیاتر لە 32 هەزار ئوتومبێل لە هەرێمی کوردستان تۆمار کراون و لە ئێستادا ژمارەی ئوتومبێل لە کوردستان زیاترلە یەک ملیۆن و 621 و 536 ئوتومبێل هەیە. دواتر ئاماژەی بە ژمارەی سەرپێچیەکانی سێ مانگی ڕابردوو بریتیە لە 353604 سەرپێچی و ژمارەی سەرپێچیەکانی سێ مانگی ئەمساڵیش بریتییە لە 575972 سەرپێچی و دیارە لەسێ مانگی ئەمساڵ ژمارەی سەرپێچیەکان زۆر زیادی کردووە لەچاو پارسااڵ، هۆکاری سەرەکی ئەو هەموو سەرپێچی و ڕووداوانە بۆ خێرا لێخوڕینی زۆری شوفێران و بەکار هێنانی هەندێ شتی لاوەکی کە لەلایەن شوفێرانە ئەنجام دەدرێت، وەک بەکارهێنانی مۆبایل و خراپی ڕێگاوبانەکان ئەوانە هۆکارن بۆ ئەو ڕووداوانەو داواش لە شوفێرانی کوردستان دەکەین کە هەمیشە پابەندی ڕێنماییەکانی هاتوچۆبن بۆ ئەوەی دوور بن لە ڕووداوەکانی هاتوچۆ.



لە ڕیزبەندی زۆرترین فرۆشدا، مێوژ پلەی یەکەمی داگیر کردووە

بەبۆنەی مانگی ڕەمەزانەوە خواست لەسەر کڕینی شەربەت زیادی کردووە



لە مانگی ڕەمەزاندا خواست لەسەر شەربەت لە لایەن ڕۆژووەوانانەوە بۆ کاتی بەربانگ زیاتر دەبێت، شەربەت فرۆشتکیش دەڵێت: لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا بەراورد بە بەرلە ڕەمەزان خواست لەسەر شەربەت زۆر زیاترە.

خەبات: سلێمانی

سااڵنەو لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزاندا بازاڕی کڕین و فرۆشتن لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەت بازاڕی خواردن و خواردنەوەکان گەرمتر دەبن، شەربەت یەکێکە لەو خواردنەوانەی لە مانگی ڕەمەزاندا خواست و داواکاری زۆری لەسەر دەبێت و دوکاندارەکان ڕۆژانە بڕێکی زۆر شەربەت بەتایبەت شەربەتی مێوژ دەفرۆشن.

لە شاری سلێمانی ژمارەیەکی زۆر دوکانی فرۆشتنی شەربەت هەیە، بەشێکی زۆری ئەو دوکانانە بە هۆی زۆری خواست لەسەر بەرهەمەکانیان لەم مانگەدا کاتێکی زیاتر کار دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژانە داواکاری زۆری شەربەتیان لەسەرە و ناتوانن بەو داواکارییە زۆرەی کڕیارەکانیان ڕابگەن.

سدیق محەمەد خاوەنی شەربەتی سەرگەڵووە لەناو بازاڕی شاری سلێمانی، ڕۆژانە بە بەردەوامی ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی لەبەردەم دوکانەکەی وەستاون و گوشارێکی زۆریان لەسەرە بۆ داواکردنی شەربەت.

ئەو لە بارەی فرۆشتنی شەربەت لە مانگی ڕەمەزاندا گوتی: لە ڕۆژانی مانگی ڕەمەزاندا گوشارێکی گەورەمان لەسەرە و بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژانی پێش ڕەمەزان جیاوازی زۆر گەورە هەیە لە ژمارەی ئەو کەسانەی سەردانمان دەکەن و داوای شەربەت دەکەن، بەجۆرێک ئەگەر پێشتر ڕۆژانە دوو سەتڵ شەربەت لە مانگی ڕەمەزاندا گوتی: لە ڕۆژانی مانگی ڕەمەزاندا گوشارێکی گەورەمان لەسەرە و بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژانی پێش ڕەمەزان جیاوازی زۆر گەورە هەیە لە ژمارەی ئەو کەسانەی سەردانمان دەکەن و داوای شەربەت دەکەن، بەجۆرێک ئەگەر پێشتر ڕۆژانە دوو سەتڵ شەربەتمان فرۆشتبێت ئێستا زیاتر لە بیست سەتڵ دەفرۆشرێت. لەنێو دوکانە بچووکەکەی سدیق-دا چەند کەسێک لە کاتژمێر 12ی شەوەوە دەست بە کارکردن و دروستکردنی شەربەت دەکەن و تا کاتی بانگی ئێوارە بەردەوام دەبن لە کارکردن، سدیق گوتی: لە کاتی بەیانیاندا لە قەزاو ناحیە و گەڕەکەکانی سنووری سلێمانی سەردانمان دەکەن و بە جومڵە و بە دەبەی گەورە شەربەت دەبەن بۆ فرۆشتنەوە، پاش نیوەڕۆوانیش ژمارەیەکی زۆر خەڵک دێن و زۆرجار گرژی و ئاڵۆزیش دروست دەبێت و بەو شێوەیە شەربەت دەبەن. لەنێو جۆرەکانی شەربەتدا شەربەتی مێوژ کە لە ڕووی تەندروستییەوە سوودی زیاتری بۆ مرۆڤ هەیە، زیاتر لە جۆرەکانی تر داواکاری لەسەرە و زۆربەی شەربەت فرۆشەکان زیاتر لەم جۆرە شەربەتە بەرهەم دەهێنن.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/5/9 ژمارە (5744)

بەرپرسێ لقێ نۆ : هەڤاڵێن هەلگرێن مەدالیایێن بارزانیێ نەمر جهێ فەخر و شانازییێنە

بۆ پتر ئاگەهداربوون لسەر ڕەوشا ساخلەمی و پرسکرن ب مالباتا خودێ ژێ ڕازی و هەلگرێ مەدالیا بارزانییێ نەمر، هەڤال ئیسماعیل ڕەزا گۆران، سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ 9 و دگەل شاندەکێ کارگێرو ئەندامێن لقێ 9 سەردانا مالباتا خودێ ژێ ڕازی ئسماعیل ڕەزا گوران ل بەردەرەش کر و پشتی بخێرهاتنێ و دورینشتنەکێ دا بەرپرسێ لقێ 9 ئاماژە دا خەبات وتێکوشین و بەرخودان و خوراگرییا مالباتا مام سمایل ڕەزایی کر کو چەوا ب هەمی شیانێن خوە بەرەڤانی ل ئاخا پیرۆزێ کوردستانێ کر و ب خوە و کەدو ماندیبوونا ئەڤان جورە قەهرەمانان وخوینا شەهیدان ئەڤرۆ ئەم دئازادین و ب سەربلندی دژین و هەلگرێن مەدالیایێن بارزانییێ نەمر جهێ فەخرو شانازییێنە و هەردەم مالباتێن وان ژی تڤیا خۆ ب سەربلند بزانن کو ل مالباتەکا شورشگێرو تێکوشەر و ئەڤە ژی نیعمەتەکا خودێ یە کو مرۆڤ بکاریت خزمەتا گەل و وەلاتی خۆ بکەتن، ژ ئالیەکێ دیڤە بەرپرسێ لقێ 9 و ل بارەگایێ لقێ 9 پێشوازیا شاندەکا ماموستایێن ئایینی کر کو ئەڤ شاندە پێکهاتبوون ل ڕێڤەبەرێ ڕێڤەبەریا ئەوقافا ئاکرێ و سەروکێ لقا ئاکرێ یا ئێکەتیا زانایێن ئایینێ ئیسلامیێ ل کوردستانێ و چەندین ماموستایێن ئایینێ ، دروینشتنەکێ هەردوو ئالیان بەحسێ گرنگیا ڕێکەفتنا دنێڤبەرا لایەنێن سیاسی بۆ پێکئینانا حکومەتا هەریما کوردستانێ کرن و خویا ژی کرن کو چەند زویتر حکومەت بهێتە پێکئینان دێ کارن پتر خزمەتا پێشکێشی کوردستانیان بکەن، د تەوەرەکێ دی دا بەحسێ گرنگیا ڕۆژی گرتنێ و وەکو ئەرکێ دوویێ لسەر موسلمانان هاتە کرن و سودو مفایێن وێ یێن جڤاکی و گیانی هاتە کرن یێن لسەر دونیایێ و ژبلی بۆ دونیایا دی کو ئەم هەمی دێ حەوجەیی وێ ڕۆژێ بین.



قۆناغی چوارەمی شەقامی 100 مەتری قیرتاو کرا



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: ئەندازیار شێخ بەشدار شێخ ڕەزا بەڕێوەبەری شارەوانی پێنجی هەولێر بە خەباتی ڕاگەیاند: لەسەر داهاتی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێرو وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی شارەوانی توانرا بودجەی پێویست بۆ قیرتاو کردنی شەقامی 100 مەتری تەرخابکرێ و لەلایەن کۆمپانیای سالەیی کاری قیرتاوکردن و چاککردنەوەی شەقامەکە ئەنجامدرا. قیرتاوکردنەکەش لەپێش وێستگەی ئاکار دست پێدەکات تا نزیک کۆمپانیای جیهان. سەرەتا توانیمان بە ئامێری قاشیتە شەقامە بڕنین و ئامادەی بکەین بۆ قیرتاوکردن و بەشێکی زۆری ئەو شەقامە تێکچوو بوو، سەرەتا توانرا شارەوانی پێنج چاکبکەینەوە. دواتر هەر دەربارەی قیرتاوکردنی قۆناغی چوارەمی شەقامەکە، سیروان بەکر لە کارگەی قیری سالەیی ڕونیکردەوە: ئێمە وەکو کۆمپانیای سالەیی هەموو قۆناغەکانی قیرتاو کردن لە ئەستۆ دەگرین و ڕووبەری قیرتاوکردنی ئەو قۆناغە بریتیبە لە 25 هەزارمەتری چوارگۆشەو دێژێیەکەی زیاتر لە یەک کیلۆمەترەو هەر قیرتاوکردن نییە، بەڵکو چاککردنەوەی شەقامەکەشە جگە لەوەش توانیمان بە دیزاینێکی تازە سەرە منهۆڵەکان بگۆڕین، لەگەڵ خاوێنکردنەوەی تەواوی هەموو مەنهۆڵەکان و دانانی29 سەرەمەنهۆڵی تازە.

ڕاگەیاندنێک لە کۆمەڵەی نەهێشتنی جگەرەکێشان بەبۆنەی هاتنی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان

هاوڵاتیانی بەڕێزی کوردستان... خوشک و برایانی موسڵمان... ئەوا جارێکی دیکە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز دەبێتەوە میوانمان، بەو بۆنەیەوە پیرۆزباییەکی گەرم لەگشت هاوڵاتیان و موسڵمانانی کوردستان و جیهان دەکەین، هیواخوازین ئەو مانگە ببێتە مایەی خۆشی و هەرزانی و ئاشتی و ئارامی لەوڵاتەکەمان و لەهەموو جیهاندا.. بەڕێزان.. ئەو مانگە پیرۆزە مانگی بەخۆداچوونەوەیە، پێداچوونەوە بەژیان و شێوازی خواردن و خواردنەوە.. یەکێک لەهۆکارە گرنگ و مەبەستە زۆر پیرۆزەکەی ڕۆژووگرتنی ئەو مانگە پاراستنی تەندروستیی مرۆڤە، بێجگە لەوەی کە ئەرکێکی ئایینییە، لەڕووی تەندروستیشەوە دەرکەوتووە کە بەڕۆژووبوون سوودێکی زۆری هەیە بۆ لەش ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاست و دروست پەیڕەو بکرێ.. گرنگترین گۆڕانکاری لە شێوازی ژیانمان لەو مانگەدا ئەوەیە کە بۆ ماوەیەکی درێژ خۆمان لەخواردن و خواردنەوەکان دەگرین، ئەوەش وەکو ئەوە وایە کە جەستەمان سەرلەنوێ بەرنامەڕێژ بکرێتەوە... پەیامی ئێمە لەکۆمەڵەکەمان کۆمەڵەی نەهێشتنی جگەرەکێشان ئەوەیە کە ئەو هەلە بقۆزینەوەو وازهێنان لەجگەرەو نیزگەلەکێشان بخەینە ناو بەرنامەی ئەو مانگەمان.. ئەگەر کەسێک توانی ڕۆژێکی درێژ بەبێ جگەرەو نیزگەلە ببیاتە سەر، ئەوا دوای ڕۆژووشکاندنیش تەنیا کەمێک دان بەخۆداگرتنی دەوێ کە بەردەوامبێ و هەر ئەوەش لەماوەیەکی کەمدا وای لێدەکا بەسەر ئەو خووە خراپەیدا زاڵ بێ و بەیەکجاری واز لەو هۆکارە بێنێ کە دەیبێتە مایەی سەتان دەرد و نەخۆشی.. بۆ ئەوانەی جگەرەو نیزگەلەو بەرهەمەکانی دیکەی تووتن بەکاردێنن، ئەو مانگە هەلێکی زێڕینە کە هەر لەسەرەتاوە بیر لەوازهێنانیان بکەنەوەو بەرنامەی بۆ دابنێن بۆ ئەوەی ببێتە هەنگاوی یەکەم لەدەستپێکی وازهێنان لەو خووە خراپە کە هیچی کەمتر نیە لەئالوودەبوون بەمادە هۆشبەرەکان.. هیواخوازین مانگی پیرۆزی ڕەمەزان ببێتە مانگی تەندروستیەکی باش و دوور لەنەخۆشی و دووکەڵی جگەرەو نیزگەلەو ژینگەیەکی پاک و بێدووکەڵی تووتن بۆ منداڵ و نەوەکانمان بەجێ بێڵین... ئینتر خودا ڕۆژووی هەموومان قبوڵ بفەرموێ.

کۆمەڵەی نەهێشتنی جگەرەکێشان لەکوردستان
2019/5/2

قادر سەفتی، هەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کۆچی دوایی کرد



خەبات- سەفەر یوسف میرغان ژاژوکی: دوای ماڵئاوایی کۆمەڵێک هاوڕێ و هاوسەنگەری فیداکار قادر محەمەد عومەر، ناسراو بەقادر سەفتی کۆچی دوایی کرد و لە ڕێورەسمێکی شایستەدا تەرمی خواڵێخۆشبوو، بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حزبی و حکومی و لەشکری جەماوەری دەڤەری بارزان و کەسوکار و هاوسەنگەرانی لە گوندی سەفتی سەر بە دەڤەری بارزان بە خاک سپێردرا. خواڵێخۆشبوو قادر سەفتی لە ساڵی 1922 لە گوندی سەفتی سەر بە دەڤەری بارزان لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە دایکبووە، لە ساڵی1932 لە تەمەنی 10 ساڵی دابووە لەگەڵ کەسوکاری ئاوارەی تورکیا دەبێت. ساڵی1943 یەکێک بووە لە بەشدارەوانی شۆڕشی دووەمی بارزان و ڕۆڵی لە داستانەکان هەبووە، بەشداری لە بەرگریکردن لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد و یەکێک لە هەڤاڵەکانی بارزانیی نەمر بووە بەشداری لە ڕێڕەوە میژوویەکە بۆ سۆڤیەتی جاران کردووە، ئەیلوول و گوڵان و ئاوارەی ئێران بووە و دوای ڕاپەڕین دەگەڕێتەوە کوردستان و لە گوندی سەفتی سەر بە دەڤەری بارزان نیشتەجێ دەبێت و جگە لە پێشمەرگایەتی مرۆڤێکی تێکۆشەر و دڵسۆزی ڕێبازی بارزانیی نەمر بووە و هەموو تەمەنی پڕە لە خەبات و تێکۆشان و کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی دەڤەری بارزان بووە. لە بەر خەبات و ماندووبوونی لە کۆنگرەی 13ی پارتی لە لایەن جەنابی سەرۆک بارزانی، میدالیای بارزانیی نەمری پێبەخشراوە، ماوەی چەند ساڵە لە بەر خەبات و ماندووبوونی توشی نەخۆشی ببووە، هەڤاڵی بارزانیی نەمر قادر سەفتی دوای لەگەڵ نەخۆشی لە تەمەنی 98 ساڵی کۆچی دوایی کرد. پرسە کە لە گوندی سەفتی سەر بە دەڤەری بارزانە.

زانکۆی سەلاحەدین و IFPO ووۆرکشۆپێک ساز دەکەن

بەشی شوێنەواری کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر بە هاوبەشی لەگەڵ پەیمانگای فەرەنسی بۆ ڕۆژهەلاتی نزیک لقی هەولێر ئاسراو بە IFPO وۆرکشۆپێکی دوو ڕۆژە لە بارەی مەسیحیەت لە عێراقدا لەگەڵ هاتنی ئیسلام بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەکادیمیست و توێژەران سازکرد، لە دەستپێکی وۆرکشۆپەکەدا هەریەکە لە سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و کونسلی گشتی فەرەنسا لە هەولێرو ڕاگری کۆلێژی ئادابی و بەڕێوەبەری گشتی شوێنەوار لە هەریمی کوردستان و سەرۆکی بەشی شوێنەوار لە کۆلێژی ئادابی و بەڕێوەبەری بەشی شوێنەوارو میژووی سەردەمی کۆن لە پەیمانگای فەرەنسی بۆ ڕۆژهەلاتی نزیک و بەڕێوەبەری بەشی توێژینەوەی عەرەبی لە سەدەکانی ناوەڕاست وتاریان خوێندنەوە. پرۆفیسۆر دکتۆر ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین لە بەشێکی وتارەکەیدا ڕایگەیاند: قسەکردن لەسەر بابەتێکی ئاوا لە زانکۆی سەلاحەدین کە زانکۆیەکی فرە ڕەنگ و ئایین و مەزهەب و نەتەوەییە، مانایەکی قوڵی هەیە، چونکە ئەو زانکۆیە مۆلکی هەموو هەریمی کوردستانەو بە شانازییەوەش زانکۆمان بەشێکی تایبەت بە سریانی ماوەی چەند ساڵێکە کردۆتەوەو ساڵ بە ساڵ ئەو بەشە پێشدەکەوێت. شیاوی باسە وۆرکشۆپەکە ماوەی دوو ڕۆژی خایاند ژمارەیەک توێژینەوەی شوێنەوارناسی لە بارەی ئایینی مەسیحی لە هەریمی کوردستان و عێراق و کاردانەوەی مەسیحییەکان لە کاتی هاتنی ئیسلام لە عێراق وداهاتووی مۆلکی مەسیحیەکان لە خواروو عێراق و ئایینی مەسیحی لە پارێزگانی هەریمی کوردستان خرانەڕوو.

به وێنه

بازاڕی سلێمانی له ڕۆژانی ڕەمەزاندا

خەبات- سلێمانی:
دوکاندار و فرۆشیارەکانی خواردن و خواردەمەنییەکان لە نێو بازاڕی شاری سلێمانی بڕێکی زیاتری کالاکانیان هێناوەتە بازاڕ و بەشێوەیەکی جوانتر نمایشیان کردووە بۆ فرۆشتن، لە بەرامبەردا ژمارەیەکی زیاتری هاووڵاتیان لەم ڕۆژانەی ڕەمەزاندا سەردانی بازاڕ دەکەن و خواستیان لەسەر کڕینی ئەو خواردن و خواردەمەنیانە زیاترە بۆ کاتی بەربانگ و پارشێو.







گوزەرێک بەنێو خەباتی بێوچانی بارزانیی نەمردا

شێخ تاهیر شووشی: بارزانی سیمبولی قوتابخانەی کوردایەتییە

مەلامستەفا بارزانی هەموو شتێکی لەسەر خۆی و بارزانییەکان قبوڵ کردووە وەک برسیەتی و دەربەدەری و مااڵوێرانی، بەاڵم ئامادەنەبوو وازبهێنێ لە خەباتی کوردایەتی و هەرگیز تەسلیم بە ئیرادەی نەیارانی کورد نەبووە

زانیار سەردار قرگەیی

بارزانیی نەمر لە سەرەتاوە ناوی بە جوامێری و گیانبەخش و فیداکار لەپێناوی کوردستاندا دەرکردبوو، هەر لە تەمەنی منداڵیەوە تووشی زیندان و دەربەدەری بووە و زۆر جاریش بەشداری شەڕ و پێکدادان و بەرەنگارییەکان لەگەڵ دوژمنانی دەبووەوە، ناوی بە میرخاس دەرکردبوو کە بە درێژایی تێکۆشانی خۆی سەلماندی کە پێشمەرگە و رابەر و کوردپەروەرێکی بەهێزە، دواتریش پێشەوایەتی و سەرکردایەتی چەندین شۆڕش و راپەڕینی کوردستانی کردووە بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەانی نەتەوەکەی. بۆ ساتێکیش سازشی لەسەر بستەخاکێکی کوردستان نەکردووە و، سڵی لە هیچ جۆرە دوژمنکارییەک نەکردۆتەوە و بەردەوام سوور بووە لەسەر داوا رەواکانی نەتەوەکەی تا کۆچی دوایی کوردایەتیەکی پاک و بێگەرد و راستەقینەی کرد. بۆ قسەکردن لەسەر خەبات و تێکۆشانی سیمبوولی قوتابخانەی کوردایەتی بارزانیی نەمر و، گوزەرێک بە نێو ژیان و خەباتیدا و رۆڵی مەزنی لە شۆڕشەکانی کوردستاندا کە وەک پێشەوا و رابەرێکی رۆحی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلەکەی تێکۆشاوە و کاریگەرییەکانی لەسەر بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەییمان و شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی ئافرەتی کردە کەسایەتی سیاسی و تێکۆشەری دێرین (شێخ تاهیر عەبدولغەفوور شووشی)، ئەویش بەمجۆرە شرۆڤەی خەبات و تێکۆشانی بارزانیی نەمری بۆ کردین.



شێخ تاهیر عەبدولغەفوور شووشی

هەڵهاتنی ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی کوردایەتیدا

ڕۆژی 1903/3/14ڕۆژێکی پڕشنگدارە، لەدایکبوونی مستەفا بارزانییە لە گوندی بارزان و لە بنەماڵەی شێخەکانی بارزان کە هەر لە منداڵییەوە تا دوا چرکەساتەکانی ژیانی لەسەر باوەڕی بە خودا بەهێز بووە، هێندەش باوەڕی بە مافی ڕەوای میللەتەکەی هەبوو، لەو سۆنگەیەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەوراز و نشێوپەکانی ژیان کۆڵی پێ نەدا و لەو پەیمانەی پاشگەز نەکردەوە کە بەخوا و میللەتەکەی دابوو. کەسێکی ئارامگر بوو، هەموو شتێکی لەسەر خۆی و بارزانییەکان قبوڵ کردووە وەک برسیەتی و دەربەدەری و مااڵوێرانی، بەاڵم ئامادەنەبوو وازبهێنێ لە خەباتی کوردایەتی و، تەسلیم بوون بە ئیرادەی نەیارە سەرسەختەکانی کورد و دەسبەردارنەبوون لە مافە ڕەواکانی.

نەک تەنها لە کوردستان، بەڵکو لەسەرانسەری جیهان، شۆڕشی ئەیلوول بە گەورەترین و بەهێزترین شۆڕشی میللەتی کورد ناسراوە

بارزانی جەنگاوەر و پشت و پەنا بوو بۆ تەواوی خەباتکارە نیشتمانپەروەرەکان لە هەر کونج و کەلەبەرێکی ئەم کوردستانە جا لە سلێمانی بێ کە 1919 شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید بلێسەی سەند یاخود لە کۆماری کوردستان لە کە 1946 خۆی و شەڕڤانانی بارزانی بوونە پێشمەرگە و پارێزەری ئەو کۆمارە و 1947 لەگەڵ زیاتر لە 500 جەنگاوەر ڕوویان کردە یەکێتی سۆڤیەت و پاش چەند ساڵ ئاوارەیی و دەربەدەری، دواجار بەسەربەرزی لە 1958 گەڕانەوە کوردستان، ئەمەش لاپەڕەیەکی گەشە لە ڕێبازی بارزانی و پێشکەوتنی ئەو قوتابخانەیە.

ئاوێتەبوونی ناوی بارزانی بەناو و دروشمی قوتابخانەی کوردایەتی

بە دامەزراندنی پارتی دێموکراتی کوردستان لە 16ی ئابی 1946و هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی 1961 ئەم قوتابخانە سەرجەم مەرجەکانی بەدی هات و بووە دایەمۆ و بزوێنەری بەدەستهێنانی چارەنووسی رزگاری و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ. هەڵبەتە لە سەردەمی شۆڕشەکانی بارزاندا، بارزانی و باب و باپیرانی ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەریان لە قۆناغەکانی دروست بوونی ئەم قوتابخانەیە بینی و بارزانی سەرکێشی ئەو هەوڵ و کۆششانە بوو. ناوی لە میدیا و ڕاگەیاندنەکانی جیهانی دەهات و لە سەرتاسەری کوردستان بە شۆڕشگێرێکی قارەمان و رابەرێکی میللی ناسرا، ئەوەش لە جێی خۆی بوو کە ناو و ڕێبازەکەی لەگەڵ ناوی قوتابخانەی کوردایەتی تێکەڵ بەیەک ببێت و بەناوی (بارزانی قوتابخانەیە) بناسرێت.

بارزانی لە منداڵیەوە ناوی بەجوامێری و گیانبەخش و فیداکاری دەرکردبوو، هەر لە تەمەنی منداڵیەوە تووشی زیندان و دەربەدەری بووە و بیروباوەڕی خودانasi و ڕێچکەی نیشتمانپەروەری و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەاڵیەتی گەورەبوو و بەو ڕێیەدا گوزەری کرد، بە ڕەنگ و بۆیەکی وا بە دڕێژایی تێکۆشان و خەباتی خۆیدا لەسەر دەستی فەرمانڕەوا و ڕژێمە کۆنەپەرستەکان و دوژمنانی کورد، نەهامەتی و دەردەسەری و زیندان و دوورخستنەوەی زۆری بەخۆوە بینی.

بارزانی چەندە ئیمان و سووریا و پاشان ڕۆڵی لە سەردەمی شەڕەکانی پاراستنی بارزان و ناوچەکانی تر لە هێرشی هێزەکانی عیراق و چەتە و جەنگاوەری بارزانی و ڕۆڵی سەرەکی بارزانی لە دامەزراندی پارتی دێموکراتی کوردستان لە 16/8/1946 کە ئەو کات لەگەڵ هەزاران جەردەکانی عەشایری کوردی کۆنەپەرست و سەرکێشی کردنی چەکدارەکانی بارزانی لە پاراستنی کۆماری کوردستان زیاتر بەدەرکەوت.



شێخ تاهیر عەبدولغەفوور شووشی بۆ (خەبات) دەدوێ

کەسانی تر لە مەهاباد و ناوچەکانی دەوروبەری بەرگریان لە کۆماری کوردستان دەکرد و لەو کاتە ناسک و هەستیارەدا بیری ئەمەکەکانی کوردستان بە هەڵگرتنی چەک لە شاری زاخۆوە تا خانەقین بۆ بەرگریکردن لە خاک و ماف و شەرەفی میللەتی کورد ئەمانە هەمووی بە بانگەوازی پارتی و سەرۆک بارزانی بوون بە پێشمەرگە و شەهید بوون و قوربانیان دا لە ڕێگای رزگاریی کوردستان و نیشانی هەموو دنیایاندا کە میللەتی کورد ئامادەیە گیان و سەروسامانی خۆی لە ڕێی ئازادی و سەربەخۆیی ببەخشێت، نەک تەنها لە کوردستان، بەڵکو لەسەرانسەری جیهان، شۆڕشی ئەیلوول بە گەورەترین و بەهێزترین شۆڕشی میللەتی کورد ناسراوە.

ئەو شۆڕشە بەجۆرێک حکوومەتی عێراقی خستە سەر چۆکان کە لە 11ی ئازادی 1970 دانی بە شکستی خۆیەیناو و

مەلا مستەفا بارزانی جەنگاوەر و پشت و پەنا بوو بۆ تەواوی خەباتکارە نیشتمانپەروەرەکان لە هەر کونج و کەلەبەرێکی ئەم کوردستانە

سەرۆک، دەنگدانەوەی ئەم ناسنامە و پێناسەیە بە شێوەیەکی فراوان و بەبێ سنوور وای لێهات کە خەڵکانی دەرەوەش میللەتی کورد بەناوی بارزانی بناسن و زۆر جاران کاتێ کوردەکان سەردانی ئەوروپایان دەکرد، خەڵکی ئەو وڵاتانە لێیان دەپرسین کە چ کەسن، کە وەاڵمیان دەدرایەوە بەوەی (ئێمە کوردین)، ئەوان دەیان گووت: (ئا.. ئێوە بارزانین) پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن لە 11/9/1961 بە سەرۆکایەتی بارزانی و هەڵسانی ڕۆڵە بە بەڵێننامەی 11ی ئاداری لەگەاڵ بارزانی واژۆ کرد کە بووە بنەمایەک بۆ پەرەپێدان و مسۆگەرکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد. شۆڕشگێڕی و کاریزمایی بارزانی هەر تەنها بواڕەکانی سیاسی و سەربازی لەخۆ نەگرت، بەڵکو سەرجەم سێکتەرەکانی کۆمەاڵیەتی و ئابووری و پەروەردە و زانستی گرتەوە و بایەخی زۆری بە تەندروستی پێشمەرگە و هاوواڵتیاندا بە دابینکردنی دکتۆر و کارمەندی تەندروستی و ئامێر و دەستەبەری داودەرمان و کردنەوەی خولی تایبەت بە کارمەند و نۆژداران. وێڕای بایەخدان بە ڕێکخراوە جەماوەریی و پیشەییەکان، بە فەرمانی بارزانی لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا یەکێتیەکانی (قوتابیان و الوان و ئافرەتان و مامۆستایان و مامۆستایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان)ی دامەزراند و لە سەروبەندی شۆڕشی ئەیلوول بە دەیان ڕێکخراوی پیشەیی و ئەدەبی و هونەری لە سەرتاسەری کوردستان دەسبەکاربوون یەک لە وتە بەنرخەکانی بارزانی دەاڵێت: (قوتابیان سەری ڕمن لە گشت شۆڕش و ڕاپەڕینێکدا).

با ڕەچاوی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانی بکەین

پێویستە بەزووترین کات (ئەنجوومەنی سیاسی کوردستان) لە تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان پێکبهێندرێت



نووسینی: غەفوور مەخموری*

گەلی کوردستان بە درێژایی مێژوو لە دژی زوڵم و چەوسانەوە لە خەبات و بەرخوداندا بووە، ئەو زوڵمەی داگیرکەران لە کوردستانیان کردووە و ئەو رووداوانەی بەسەر کوردستاندا هاتوون مایەی هەڵوەستە لەسەرکردن و ڕامانی وردن، زۆر جار مرۆڤ کە سەیری رووداوەکانی دەوروبەری خۆی دەکات و لێی وردەبێتەوە و شرۆڤەی دەکات، ڕوانینێکی تایبەتی لا دروست دەبێت، زۆر جاریش کە سەیری واقیعەکە دەکات دەکەوێتە نێوان دوو حاڵەت (ڤیان و شیان) واتەی ئەوەی دەیخوازێت و ئەوەی دەیتوانێت، زۆر جاریش وا ڕێکدەکەوێت ئەوەی مرۆڤ دەیخوازێت توانای بەجێهێنانی نییە.

ئێمەی کورد لە نێوان (ڤیان و شیان)دا زۆر جار خەم و خولیا و ڤیانی کاری مەزنمان هەبووە بەڵام نەشیاینەی بەجێیان بهێنین، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ درێندەیی داگیرکەرانی کوردستان و ئەو نەخۆشییە درێژخایەنەی کەوا بەشێک لە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان تووشی بووە، کە ئەویش نەخۆشی (یەکتر قبوڵنەکردن و گوێ لەیەکتر نەگرتن)ە، بەداخەوە ئەم نەخۆشییە درێژخایەنەی کوردان تا ئێستاش بێچارەسەر ماوەتەوە، ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کوردستان یەکڕیز و یەکدەنگ و هاوهەڵوێست بووا، ئەوا کاردانەوەی پۆزەتیڤی دەبوو بۆ دروستبوونی یەکڕیزی گەلی کوردستانیش، ناکۆکی و ململانێی ناتەندروستی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ڕەنگدانەوەی نێگەتیفی هەبووە لەسەر کۆمەڵگای کوردستان و وایکردووە ئەو ململانێ و ناکۆکییانە شۆڕببنەوە بۆ ناو چینەکانی کۆمەڵگای کوردستان، ئەگەر ئەم نەخۆشییە چارەسەر نەکەین لە داهاتوودا کاریگەرییەکی خراپتری دەبێت، بێگومان تاکە چارەسەری ئەم نەخۆشییەش یەکدی قبوڵکردن و یەکدەنگی و یەکڕیزی و بەیەکەوە کارکردنە. لای هەموو لایەکمان ڕوونە کەوا تەنها بە یەکڕیزی و تەبایی دەتوانین هەنگاو بەرەو ئایندەیەکی گەش بهاوێین، بەتایبەت لەم کاتەدا کە کوردستان و ناوچەکە لە ڕەوشێکی نائاسک و هەستیاردان و، گەلی کوردستان بە قۆناخێکی زۆر چارەنووسسازدا دەڕباز دەبێت، ئەم قۆناخە چارەنووسسازە پێویستی بە یەکێتی نەتەوەیی یەکڕیزی نیشتمانی هەیە، ئەمڕۆ بارودۆخی نێودەوڵەتی بۆ گەلی کوردستان زۆر گونجاوە لەڕووی خەباتی سیاسی و دبلۆماسی، هەموو جیهان بە چاوی هێواوە سەیری کوردستان دەکەن و، کوردستان بۆتە ژمارەیەکی گرنگ لە نێو هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا، بەڵام بەداخەوە بارودۆخی ناوخۆیی کوردستان باش نییە و پەیوەندی نێوان پارچەکانی کوردستان و حزبەکان لە ئاستێکی خراپدایە، لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە دەسەڵاتی باشووری کوردستان ناکۆکن و ئەوەندەی ڕەچاوی بەرژەوەندی حیزبی دەکەن نیو ئەوەندە ڕەچاوی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانی ناکەن، لایەنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کێشەیان هەیە و لەهەڤ نایەن، لە باکووری کوردستاندا سەرەڕای ئەوەی ڕژێمی تورکیا پرۆسەی ئاشتی بە بنبەست بخەینەڕوو، باشووری کوردستان لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بە کۆمەڵێ هەورازو نشێودا تێپەڕیوە، وەکو ئەزموونی حوکمداری گەلی کوردستان بێ کێشەو بێ گرفت نەبووە، بەڵام سەرەڕای ئاستەنگەکان توانیویەتی لەسەر پێی خۆی بوەستێ، بێگومان لە تەواوی جیهاندا حکومەت نیە بێ گرفت و بێ کێشە بێت، بەڵام کێشەو گرفتەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیان، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی تێگەشتن لە سیستەمی حوکمداری لە هەر کۆمەڵگایەکدا.

کێشە و گرفتەکانی ئێستای کوردستان باکگراوندێکی سیاسی و مێژوویان هەیە، ڕەنگدانەوەی واقیعی دووبەرەکی وناکۆکی سیاسی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستانن، بۆیە چارەسەری ئەم پرسە پەیوەستە بە چارەسەری گرفت و ناکۆکی مێژوویی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بۆئەمەش پێویستە لایەنە سیاسییە ناکۆکەکان قۆناخی سااڵنی ڕابردوو دەربازبکەن و بە شێوازێکی سەردەمیانە مامەڵە لەگەڵ یەکدا بکەن و، بە دیدگایەکی سەردەمییانە سیاسەتی نوێی جیهان بخوێننەوە و لەجیاتی بەرژەوەندی تەسکی حیزبی ڕەچاوی بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی بکەن.

پێویستە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان وەکو دوو دامەزراوەی نەتەوەیی و نیشتمانی نوێنەرایەتی گەلی کوردستان بکەن

ئێمە لەسەر هەموو ئاستەکانداپێویستیمان بە بەخۆداچوونەوەیە بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ بوویەر و ڕووداوەکاندا، پێویستە ڕەخنە لە شێوازی کاری ڕابردوومان بگرین و، ڕەخنە وەک مەکانیزمی پێشکەوتنی پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەیر بکەین، کە ڕاشکاوانە ڕەخنەمان گرت، کێشە و ناتەواوییەکان دەبینین، کە کێشە و ناتەواوییەکانمان بینی بەدوای چارەسەردا دەگەڕێین، بەمەش دەتوانین پەیوەندییەکی تەندروست و کۆمەڵگایەکی تەندروست بینا بکەین.

پێویستە لایەنە ناکۆکەکانی باشووری کوردستان ڕەچاوی هەستیاری بارودۆخی کوردستان بکەن و، وەکو ڕێزگرتن لە خوێنی پاکی شەهیدان و قارەمانێتی پێشمەرگە و خۆڕاگری گەلی کوردستان، ناکۆکییەکانیان بخەنە لاوە و بگەڕێنەوە سەر مێزی دیالۆگ و لەیەکترگەیشتن، لەبەرئەوەی سەردەمی دیالۆگ و لەیەکترگەیشتن، لەهەڤاتنە، لەم پێناوەدا پێشنیار دەکەین کەوا :

یەکەم: بۆ ڕێکخستنەوەی ناوەندی سیاسی کوردستان و دەربازکردنی لەو پەرش و بڵاوییەی کە تێیدایە پێویستە بەزووترین کات (ئەنجوومەنی سیاسی کوردستان) لە تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان پێکبهێندرێت و، ئەم ئەنجوومەنە وەکو پاڵپشتێکی سیاسی بۆ دەسەڵاتی سیاسی کوردستان لە کارادابێت و ڕۆڵی ڕاوێژکاری ببینێت و، لە کاتی هاتنەپێشی قەیرانەکاندا بە پرۆژە و کارنامەی هاوبەشی سیاسی هاوکاربێت.

دووەم: کۆنگرەیەکی ڕاوێژکاری بۆ شارەزا و پسپۆڕان ئەنجامبدرێت، بۆ داڕشتنی نەخشەڕێگایەکی گشتگیر بۆ دەربازکردنی باشووری کوردستان لەو قەیرانانەی کە تێیکەوتووە.

سێیەم: بێگومان گەورەترین کێشە لە وڵاتی ئێمەدا ئەوەیە کە دەزگا و دامەزراوەکانی ئێمە سیستەماتیک نین و ئیش و کارەکان لەسەر بنەمای میزاجی شەخسی بەڕێوەدەچن، بۆیە تا ئێستاش ئەو حزبانەی کە دەگەنە دەسەڵات بەهەمان شێوازی پێشوو مامەڵە دەکەن، پێویستە کاربکرێت بۆ سیستماتیکردنی دەزگا و دامەزراوەکانی کوردستان و، دوورخستنەوەی کاری حیزبی لە دەزگاو دامەزراوەکان، بۆئەوەی حکومەتی کوردستان بێبێتە حکومەتی خەڵکی کوردستان نەک حکومەتی ئەم حیزب و ئەو حیزب.

پێویستە پێکهێنانی (بۆردی سەربەخۆیی کوردستان) کەوا کار بکات بۆ جولاندنی ئەنجامی ریفراندۆم و چۆنیەتی هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی کوردستان

چوارەم: قبوڵکردنەوەی گیانی یەکدی قبوڵکردن و ڕەتکردنەوەی خۆسەپاندن و قۆرخکاری لە ناوەندی سیاسی کوردستان و تەواوی ناوەندەکانی کار و بوارەکانی ژیاندا.

پێنجەم: لە جیاتی حزبەکان، پێویستە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان وەکو دوو دامەزراوەی نەتەوەیی و نیشتمانی نوێنەرایەتی گەلی کوردستان لە تەواوی ناوەندەکانی ناوخۆ و ناوچەکە و جیهان بکەن.

شەشەم: گۆڕینی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و باشترکردنی ژیان و گوزەرانیان.

حەوتەم: یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بە کردەیی و باشترکردنی ژیان و گوزەرانیان.

هەشتەم: یەکخستنەوەی دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکان بەکردەیی و کردنیان بە دامەزراوەی نەتەوەیی و نیشتمانی و دوور لە دەستتێوەردانی حیزبی و، دەوڵەمەندکردنیان بە ئەزموون و ئامێری پێشکەوتوو و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا.

نۆیەم: بەشدارکردنی تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە داڕشتنی بڕیاری سیاسی و وازهێنان لە پەراوێزخستنی ئەم لایەن و ئەو لایەن.

دەیەم: پێویستە لایەنە ناکۆکەکان واز لەیەکدی ناشیرینکردن و شەڕی ڕاگەیاندن بهێنن و بە زمانی سەردەم، زمانی لۆژیک لەگەڵ یەکدی بدوێن و دیالۆگ بکەن.

یازدەهەم: پێکهێنانی (بۆردی سەربەخۆیی کوردستان) کەوا کار بکات بۆ جولاندنی ئەنجامی ریفراندۆم و چۆنیەتی هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی کوردستان، ئەم پرسە پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە و پێویستە هەموو لایەکمان لەسەری هاوکار و یەکدەنگ بین.

دوانزەهەم: پەسەندکردنی دەستوور، ئێمە دەبێ وەکو پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی سەیری دەستوور بکەین، نەک وەک مەسەلەیەکی حزبی، کەبەداخەوە زۆربەی پرسەکان چارەسەر بکرێت.


بۆ چارەسەر و ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵەیەش پێویستە پەرلەمانی کوردستان لەم خولەدا پرسی دەستووری کوردستان یەکلایکاتەوە، لەبەئەوەی پرۆژەی دەستوور هەردوو قۆناخی نووسینەوە و قۆناخی دەنگدان لەسەری لە پەرلەمانی تێپەڕاندووە، قۆناخی سێیەم ماوە کە بریتییە لە قۆناخی ڕیفراندۆم، بوونی دەستوور بۆ ئێمە زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی لەڕووی یاساییەوە دەبێتە هۆکارێک بۆ ڕێکخستنەوە و دیاریکردنی ئەرک و مافی تاکەکان و داڕشتنی بنەما و سیستمی بەڕێوەبردنی وڵات و بەدامەزراوەییکردنی دەزگا و دامەزراوەکان، ئەمانەش هەموو لە (پرۆژەی دەستووری کوردستان) جێگیرکراون، بۆیە هەتا ڕۆژێک زووتر ببینە خاوەنی دەستووری خۆمان باشترە لەوەی کە بەهۆی هەندێک مەرامی سیاسییەوە دوایبخەین، لەهەموو دنیادا وایە کاتێک دەستوور ڕیفۆراندۆمی لەسەر دەکرێ و تەنانەت پەسەندیش دەکرێ، ئەوا بە پێی گۆڕانی بارودۆخەکە گۆڕانکاری تێدادەکرێت و هەموار دەکرێتەوە، زۆر ئاسایییە پرۆژەی دەستووری کوردستانیش کە ڕیفۆراندۆمی لەسەر کرا و کەوتە واری جێبەجێکردنەوە، دواتر بەپێی پێویستی سەردەم هەموار بکرێتەوە.

ئەم خاڵانە وەکو هەنگاوێک بەرەو هێورکردنەوەی ناکۆکی لایەنەکانی دەسەڵات دەخەینەڕوو، بۆئەوەی ببێتە فاکتەرێک بۆ لەهەڤاتن و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و ئەنجامدانی چاکسازی بۆ دەربازکردنی باشووری کوردستان لەو قەیرانانەی تێیکەوتووە، ئەمەش پێویستی بە نیەت پاکی و هاوکاری و کاری هاوبەشی هەموو لایەکمانە، ئومێد دەکەین هەموو لایەکمان بۆ ڕاستە ڕێی یەکڕیزی و یەکدەنگی گەلی کوردستان و زیاتر قوبڵکردنەوەی گیانی برایەتی و بەیەکەوە ژیان و یەکتر قبوڵکردن و گوێ لەیەکترگرتن بگەڕێنەوە و ڕەچاوی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانی بکەین بۆ ئەوەی ئەنجامەکان ببنە خاوەنی دەستووری هەمیشەیی و هەتاهەتایی کوردستان.

هەتا ڕۆژێک زووتر ببینە خاوەنی دەستووری خۆمان باشترە لەوەی کە بەهۆی هەندێک مەرامی سیاسییەوە دوای بخەین

* سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK.

سازان وەهاب



عێراق لەنێو ئەبراهام لینکۆڵن

سەرهەڵدانی داعش لە ناوچەکە، دەرفەتێکی باشتر بوو بۆ ئێران تا هەیمەنەی سیاسی و سەربازی خۆی بەهێزتر بکات، زۆر هێز لە عێراق و سوریا دروستکران و دامەزرێنرانەوە لە پاڵ هێزەکانی ئێران و پاڵپشتی دارایی و سەربازی کران. بەتایبەتی لە عێراق. بەڵام لە کۆتاییدا ئەمەریکا وەک ڕایگەیاندوە، ئیتر کاتی کۆتاییهێنانی ئەم هەیمەنە سەربازییەی ئێرانە لە ناوچەکە! پرسیاری گرنگیش لە ناوەندی گفتوگۆی سیاسی و میدیایی و دامەزراوەکانی تایبەت بە تۆێژینەوە، ئەوەیە عێراق چەقی ململانێیەکەیە یاخود تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

عێراق وەک وڵاتێکی تەسلیمکراو بە ئێران، بەشێکی گرنگی ئەو ململانێیە نەک چەقی ململانێیەکە، وڵاتێکی پێشێلکراوی سەروەرییە و بە ئاستێک توانای ڕاگرتنی هاوسەنگی و مامەڵەی دیپلۆماسی و سیاسی و ئیدارەدانی ململانێیە هەرێمایەتی نییە، کە جێگەی تانە لێدان نییە، ئەوەندەی جێگەی پێکەنینە ئەگەر وەک هەندێک شرۆڤەکاری سیاسی عێراقییەکان بۆ پێشینی ئەو لاوازییە بەرپرسانی وڵاتەکەیان وەک کارەکتەری سەرەکی نێو پرۆسەکە وێنا دەکەن.

لە عێراق، هێزی سەربازی ئەمریکی و ئێرانی بە ئاشکرا هەن، باس لەوەش دەکرێت کە سەکۆی موشەکی ئێرانی لە عێراق جێگیرکراوە، فڕۆکەخانەی نەجەفیش لەژێر کۆنترۆڵی ئێرانە! ڕۆژانە بەرپرسانی سەربازی ئێرانی بە ئاشکرا ئەمە دووپات دەکەنەوە، عێراق دەروازەی هێزەکانیانە بۆ ناوچەکە، ئەمەریکایش و سعودییە و تورکیا ئەم ڕاستییە باش دەزانن کە بەرپرسانی عێراقی خاوەن ئەو ئیرادەیە نین پارێزگاری لەسەروەری خاک و وڵاتیان بکەن، بەڵکو هەمیشە وەک ملکەچ بوو یاخود وەک دەوڵەتێکی داگیرکراو مامەڵە دەکەن.

وەزیری بەرگری ئەمەریکا پاتریک شاناهان بە فەرمی ناردنی کەشتی فڕۆکەهەڵگری وڵاتەکەی بەناوی (ئەبراهام لینکۆڵن) و موشەکە دووڕهاوێژەکانی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕاگەیاند. ئەمە ئەگەر وەک دەگوترێت ئامادەکاری بێت بۆ ئەگەری هێرشەکانی سوپای پاسداران بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە، ئەوا دەبێت زۆرترین چاو لەسەر هەڵوێست و بڕیاری عێراق بێت، ئاخۆ لەبەردەم ئەم ئەگەڕەدا چۆن مامەڵە دەکات؟ بەوشێوەی هەیە ئەوا زێدەتر بەلای ئێرانەوە شکاوە، ئەمەریکایش ئەم بابەتەی بەلاوە یەکلایی بووەتەوە بەرپرسانی عێراقی ناتوانن بەبێ ئێران هیچ بڕیارێک بدەن. بەڵام ئەگەر هێرشکردنە سەر هێزە ئێرانییەکان لە دەرەوەی وڵاتەکەی بووە ئەمری واقیع وەک هەندێکجار لەسوریا و چەند وڵاتێکی دیکە ڕوویاندا، عێراق توانای ئەوەی هەیە مامەڵەیەکی وا بکات زیانەکانی لەسەر کەم بێتەوە؟ بێگومان نەخێر، چونکە دوای 2011و کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، جێگەی هێزە ئێرانیەکان خۆشتر و پتەوتر بوو، بۆیە دەگوترێت ئێران بەرپرسانی عێراق و حکومەتی عێراقی وەک کارتێک بەرامبەر ئەمەریکا بەکاردەهێنێت، کەواتە عێراق و بەرپرسەکانی هیچ میحوەرێکی گرنگ نین لەو ململانێیە بەڵکو بەکارهێنەرن. هەروەک لە سزا ئابورییەکانی ئەمەریکا لەسەر ئێران بەدیارکەوت، کە تائێستا عێراق و بەرپرسەکانی نازانن چۆن بەچ شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ دۆسیەکەدا بکەن.

کورد زۆر پێداگیری لەسەر ئەوە دەکرد، عێراق وڵاتێکی بێ سەروەریە و خاوەنی ئیرادەی خۆی نییە و تەنیا وەک وڵاتێکی بەکارهێنەر بۆ ململانێیەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران، سعودییە و ئێران و دەوڵەتانی دیکەی عەرەبی بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەمەریکی و بەرپرسەکانیان تایبەت بە دۆسیەی عێراق خوێندنەوەی زۆر بەهێزیان نەبوو، کە تەسلیمکردنی عێراق بەمشێوەیە ئایندەی ململانێیەکان بە قازانجی ئێران دەشکێتەوە. بەتایبەتی ئەو کارتەی سعودییە کە ئەمریکیەکانیش بەکاریانهێنا بۆ سرنجراکێشانی بەرپرسانی عێراقی بەلای سعودییە و پەیوەندی و بازرگانییەکان کارتێکی سوتاو بوو.

بۆیە ئێستا عێراق لەنێو کەشتیەکەیە (ئەبراهام لینکۆڵن)ی ئەمەریکایە، ئاخۆ لەنێو کەشتیەکەدا بەم شەرمنی و بێ ئیرادەیە دەمێنێتەوە و دەبێتە لایەنگری بەناو (سەقامگیری ناوچەکە) یاخود لەپاڵ تەسلیمبوونی ئێران دەبێت و چاوی دەبڕێتە ئەو کەشتیەی کە ڕۆژگارێک یارمەتیدەری بووە بۆ ڕزگاربوونی لە دیکتاتۆریەت؟

ئەم پرسیارە وەڵامدانەوەی ئاسانە، چونکە واقیعی عێراق وایە، وڵاتێکە تەنیا بە ڕووکەش و ناو لەسەر نەخشە وەک کیانێک سەیر دەکرێت، وەکوتر بەشێکە لەو چوارچێوە سیاسی و سەربازی و ئابورییەی ئێران لەناوچەکە پیادەی دەکات و بەکاریدەهێنێت.

وون بوون

پسوولەی ئاوی هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٠٩٠٤٩١ بەروار ٢٠١٥/١٠/٧ بەبڕی ٣٠٠٠٠٠ بەناوی علی صالح علی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی کۆلێژی کارگێری و ئابووری بەشی ژمێریاری بەناوی رۆشنا مغدید حمدامین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

دائرة التسجيل العقاري فى الحادية

اعلان

قرار تثبيت عائدية عقار مجددا

بناء على ثبوت عائدية تمام العقار المرقم تسلسل ٦٠ محلة((المليدان)) الى طالب التسجيل ((سردار على طاهر)) بموجب قرار تثبيت العائدية المؤرخ ٢٠١٩/٤/٢٣ الصادر من هذه الدائرة عليه تعلن هذاالقرار وعلى من لديه اعتراض على القرار المذكور اقامة الدعوى لدى المحكمة المختصة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالى لنشر هذاالاعلان وعند انتهاء وعدم ورود اشعار من المحكمة باقامة دعوى لديها خلال المدة المذكورة ستباشر هذه الدائرة بالتسجيل وفقا لقرار تثبيت العائدية

القاضى / نزار خليل ابراهيم

***

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقود :١- جولو جندو سلي ٢- كوزي علي حيدر

قدم السيد / مغي جولو جندو طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / علي حسن كريبان

***

مديرية التسجيل العقاري سيمل

العدد / ١٨١٨

التاريخ/٢٠١٨/٦/٢٧

الى الراهن (تيمن محو محمود)

م/ اعلان

طلب دائن المرتهن (مصرف كوردستان الدولي/فرع دهوك) بيع العقار المرقم (١٥٩٩/١) المقاطعة ١٨ زينيات) بالمزايدة العلنية وفق المادة (١٦١) من قانون التسجيل العقاري المرقم ٤٣ لسنة ١٩٧١ وذلك لانتهاء المدة المذكورة عن موعد تسديد مبلغ الرهن الى الدائن المرتهن خلال (١٥) خمسة عشرة يوما من تاريخ النشر المتاخر في احدى الصحيفتين ولمجهولية اقامتك قرر تبليغك اعلانا بصحيفتين محليتين يوميتين وفق المادة (١٦٧ ف ١ من قانون التسجيل العقاري) وعند عدم تسديدك مبلغ الرهن في الموعد المحدد في الاعلان ستجري المزايدة العلنية للعقار اعلاه وفق الاصول

الحقوقي/ عمر ابراهيم احمد / مدير التسجيل العقاري سميل

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر

ژمارە: ٢٠١٦/٤٥٩٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٦

ئاگادارى

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٤٥٩٩) کەلوپەلی جوانکاری ئۆتۆمبێل هاوپێچ کراوی قەرزار (محمد یونس حسین) بەلێک زیادکردنی ناشکرا دەفرۆشێت لەجیاتی قەرزی (کۆمپانیای هێمن) بەبڕی ١١,٢٨٨,٥٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزووی کرینی دەکات لە ماوەی (٣) سێ ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە دەلالیەکەش لەئەستۆی کریارە و نرخی کەلوپەلەکان بەبڕی ٣٩٢,٦٥٠ هەزار دینار قرساوە.

جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ

١- ئاوی کاڵا/ بالیفی کوشین ژمارە/١٧ نرخی/١٢٥٠ تێکڕای نرخ/ ٢١٢٥٠

٢- ئاوی کاڵا/ ئاوی رادێتەر ژمارە/١٧ نرخی/٦٠٠ تێکڕای نرخ/ ١٠٢٠٠

٣- ئاوی کاڵا/ فلچەی سەیارە ژمارە/٥٨ نرخی/٩٠٠ تێکڕای نرخ/ ٥٢٢٠٠

٤- ئاوی کاڵا/ قایش سوکان ژمارە/٣٣ نرخی/٦٠٠ تێکڕای نرخ/ ١٩٨٠٠

٥- ئاوی کاڵا/ تغلیف ژمارە/١٠ نرخی/٦٠٠٠ تێکڕای نرخ/ ٦٠٠٠٠

٦- ئاوی کاڵا/ فەرو دشبول ژمارە/١ نرخی/٣٠٠ تێکڕای نرخ/ ٣٠٠٠

٧- ئاوی کاڵا/ قایش بن پێ ژمارە/٦ نرخی/٥٠٠٠ تێکڕای نرخ/ ٣٠٠٠٠

٨- ئاوی کاڵا/ پەردە ژمارە/١ نرخی/٦٠٠٠ تێکڕای نرخ/ ٦٠٠٠

٩- ئاوی کاڵا/ بەنج جۆراوجۆر ژمارە/١٥ نرخی/١٢٥٠ تێکڕای نرخ/ ١٨٧٥٠

١٠- ئاوی کاڵا/ فیت پەمپ ژمارە/١٤ نرخی/٣٧٥٠ تێکڕای نرخ/ ٥٢٥٠

١١- ئاوی کاڵا/ گلوب سیارە ژمارە/٢٦ نرخی/٦٠٠ تێکڕای نرخ/ ١٥٦٠٠

١٢- ئاوی کاڵا/ سپرای دشبول ژمارە/٦ نرخی/٦٠٠ تێکڕای نرخ/ ٣٦٠٠

١٣- ئاوی کاڵا/ لحیم قطرە ژمارە/١٠ نرخی/٣٠٠ تێکڕای نرخ/ ٣٠٠٠

١٤- ئاوی کاڵا/ چەسپی ٢ دانەی ژمارە/٢٤ نرخی/٣٠٠ تێکڕای نرخ/ ٧٢٠٠

١٥- ئاوی کاڵا/ ئالیار سیارە ژمارە/٤ نرخی/١٢٥٠ تێکڕای نرخ/ ٥٠٠٠

١٦- ئاوی کاڵا/ علامەتی سیارە جۆراجۆر ژمارە/٩ نرخی/٥٠٠ تێکڕای نرخ/ ٤٥٠٠

١٧- ئاوی کاڵا/ پەردەی سیارە ژمارە/٦ نرخی/٣٧٥٠ تێکڕای نرخ/ ٢٢٥٠٠

١٨- ئاوی کاڵا/ بۆن سیاری ژمارە/٢٠ نرخی/٢٥٠ تێکڕای نرخ/ ٥٠٠٠

١٩- ئاوی کاڵا/ سپارەی تایە ڕەشکردنەوە ژمارە/١٦ نرخی/٦٠٠ تێکڕای نرخ/ ٩٦٠٠

٢٠- ئاوی کاڵا/ سپرای کوشین ژمارە/٨ نرخی/٦٠٠ تێکڕای نرخ/ ٤٨٠٠

٢١- ئاوی کاڵا/ پولیش ژمارە/٢١ نرخی/١٢٥٠ تێکڕای نرخ/ ٢٦٢٥٠

٢٢- ئاوی کاڵا/ پولیش ڕەنگ شین ژمارە/١٥ نرخی/١٢٥٠ تێکڕای نرخ/ ١٨٧٥٠

٢٣- ئاوی کاڵا/ شامپو ژمارە/٤١ نرخی/٦٠٠ تێکڕای نرخ/ ٢٤٦٠٠

٢٤- ئاوی کاڵا/ بورغی سیارە ژمارە/١٦ نرخی/٥٠٠ تێکڕای نرخ/ ٨٠٠٠

٢٥- ئاوی کاڵا/ تەنەکەر ژمارە/٥ نرخی/٦٠٠ تێکڕای نرخ/ ٣٠٠٠

٢٦- ئاوی کاڵا/ بەردەدرگا نەخش ژمارە/٨ نرخی/٦٠٠ تێکڕای نرخ/ ٤٨٠٠

کۆی گشتی/ ٣٩٢٦٥٠

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد

فەرمانگەدادنوسی کەلار / یەك

ژمارە / ٧

ڕێکەوت / ٢ / ٥ / ٢٠١٩

ئاگادارى

بەپێی ئەو داوایەی کەلەلایەن داواکار پشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بە ناوی (حسن عبدعلی محمد) داواکارە بە تۆمار کردنی ئامێرەکانی (کارگەی فڕنی چرۆ بۆ دروستکردنی سەمون) کە لە (کەلار / ناوبازاڕ) دانراون و ئامێرەکان لە خوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسای دادنووس ژمارە (٣٣) لەسالی (١٩٩٨) بڵاوی دەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەك لەم ئامێرانە دادەنێ لەماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارەوە تۆمار دەکرێت و بڕوانامەی پێ دەدرێت.

ژانوی ئامێر ا ژمارەی ئامێر ا دروستکراو ا مۆدێل ا توانای کارەبایی

١- فڕنی ئۆتۆماتیکی چوار ڕەفە

نیەتی ا تورکی ا ٢٠٠٩ ا ئەمپێر ١٠

سیامند محمد صالح

دادنووسی یەکەمی کەلار

٥/٢ / ٢٠١٩

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگادارى

بەروار: ٢٠١٩/٥/٨

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (زەردەشت ناجی محمد صالح) لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٧ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وتیستا دانداراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت

تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

نامێرەکان:

١- تەشریح حرف T المنیۆم ژمارە/ ٠٥٢٠٧١٥٠٠١٩ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٤,٦.

٢- نەرمادە و کیلۆن ژمارە/ ٠٦٢٠٠١٣١٢٣٥٦٤ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٥,٢.

٣- کەتەری وەسەت ژمارە/ ١١٠٠١٣٠٦٢٠١٤ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٣,٤.

٤- کەتەری گەورەی عدل و زاویە ژمارە/ ٠١٢٠٠١٤٠١٠٠١١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٧.

***

سەرۆکایەتی لێژنەی بریاری ٢٢٢

سالی ١٩٧٧

ژمارە: ١٥٨

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٧

ئاگادارى

ئاگادارى خاوەن پارچە زەویەکانی ژمارە (٦٠ و ٨٢ و ٩٠ و ١٢) کەرتی ١٨/قیرزە و (١١٧ و ٥٦) کەرتی ١٠/بیریز و (٥٣ و ٤٥ و ١٧٦) ٧٩ گراو هاوڵاتیان (هیوا احمد شریف و سەردار پیرداود حمدامین و هەرێم زیتو محمد و بۆتان صلاح حسین و حمد حسن اسماعیل و سرود فاروق فتح الله و ڕیباز فرحان اسعد و عبدالزمان ولی عبدالواحد و پشتیوان بکر قادر) دەکەینەوە کەوا لێژنەی بریاری (٢٢٢) سالی ١٩٧٧ هەڵبەستێت بە کۆڕاندنەوەی پارچە زەوی ئاماژە پێکراو بۆ بەڕێوەوەندی سەرۆکایەتی شارەوانی سەری بڵند جا بە خۆتان یان بریکاردارتان ئامادەبن لە ڕۆژی ٢٠١٩/٦/٣ بۆ کەشف بۆ سەر پارچە زەویەکە بە پێچەوانەوە لێژنەکە کاری یاسایی خۆی ئەنجام دەدات.

د.عبدالرحیم عمر مصطفی

سەرۆکی لێژنە

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگادارى

بەروار: ٢٠١٩/٥/٨

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (هیوا احمد شریف) لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٧ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وتیستا دانداراوە لە (پ.باکوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت

د. کمال طیب قادر

بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

ئاگادارى

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ڕووبەری (١٦٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٦/٢) ك (١٠) سوێرێ پشت سەربڕخانەی هەولێر، بەمەبەستی دروست کردنی (کۆگای ساردکەرەوە) بۆ ماوەی (٢٠) بیست ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ژمارە ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

د. کمال طیب قادر

بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

دادگای بەرایی سلێمانی / ٢

ژمارە: ١٠٥٦ / ب / ٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/٥/٨

ئاگادارى

داواکار: ب / ڕێپێدراوی کۆمپانیای mind pixle / سەرەڕای کارەکەی

داواکار بەناوی (ب / ڕێپێدراوی کۆمپانیای mind pixle / سەرەڕای کارەکەی) لەم دادگایە داوایەکی لەسەر تۆمارکردوون بە ژمارە (١٠٥٦ / ب / ٢٠١٩) تایبەت بە (قەرز بە بڕی (٩١٠٠٠ $) نەوەد و یەك هەزار دۆلار ئەمریکی/ کرێی بۆشایی ئاسمانی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیارە بۆ یە ئەم دادگایە بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی نێوخۆی فەرمی (رسمی) بەمەبەستی ئامادەبوونتان بۆ دادگایی کردن بۆ ڕۆژی (٦/١٧/ ٢٠١٩) سەعات (١٠:٢٥) یان ناردنی بریکارێك بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن بە پێی یاسا داواکە دەبینرێت .

دادوەر /کمال رضا احمد

***

پۆزش

لەڕۆژی ٢٠١٩/٤/٧ لە ژمارە ٥٧٢٥ی ڕۆژنامەی خەبات داوای ژمارە ١٢٢٣/ ش٢٠١٩/٣ کە تایبدا داواکار احمد اسماعیل عبدالله داوای لەسەر داواڵێکراو هاوژین خالد عزیز تۆمارکردووە کەچی ناوی دادوەر بەهەڵە هاتووە لەجیاتی (دادوەر/ صباح قادر کاملا) نووسراوە (دادوەر/ خلیل ابراهیم صالحی) بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی بۆ ئاگاداری ڕۆژی دادبینی تایبدا ٢٠١٩/٥/١٦

***

داواڵەسەرکراو: ب / ڕێپێدراوی کۆمپانیای ئورنج سکای

بۆ داواڵەسەرکراو: ب / ڕێپێدراوی کۆمپانیای ئورنج سکای / سەرەڕای کارەکەی

داواکار بەناوی (ب / ڕێپێدراوی کۆمپانیای mind pixle / سەرەڕای کارەکەی) لەم دادگایە داوایەکی لەسەر تۆمارکردوون بە ژمارە (١٠٥٦ / ب / ٢٠١٩) تایبەت بە (قەرز بە بڕی (٩١٠٠٠ $) نەوەد و یەك هەزار دۆلار ئەمریکی/ کرێی بۆشایی ئاسمانی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیارە بۆ یە ئەم دادگایە بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی نێوخۆی فەرمی (رسمی) بەمەبەستی ئامادەبوونتان بۆ دادگایی کردن بۆ ڕۆژی (٦/١٧/ ٢٠١٩) سەعات (١٠:٢٥) یان ناردنی بریکارێك بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن بە پێی یاسا داواکە دەبینرێت .

دادوەر /کمال رضا احمد

***

ئاگادارى

ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (هەمبەر) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی وبەرهێنانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی یاسایی و کارگێری و دارایی

بەشی یاسایی

ژمارە: (٣٢)

ڕێکەوتی: ٢٠١٩/٥/٨

ئاگادارى

ئاگادارى سەرجەم هاوواڵتیان دەکەینەوە کە وەبەرهێنەر (ڕاگر بۆ بازرگانی گشتی گواستنەوەو بازرگانی بەرهەمە نەوتییەکان/ سنوردار) کە پڕۆژەی (Ascent Business Tower) بە مۆڵەتی ژمارە ٨٢٦ی وەبەرهێنان جێبەجێ دەکات، ناوی پڕۆژە لە (Ascent Business Tower) دەگۆڕێت بۆ (ڕاگر) هەر کەس و لایەنێك لاری هەیە لەسەر ناو گۆڕینەکە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیان بکات لەماوەی ٣٠ ڕۆژ لە دەرچوونی ئەم ئاگادارکردنەوەیە.

سامان عارب صادق

بەڕێوەبەری گشتی

ئاگادارى

ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (بیانی) (Aspect Energy International) بۆ ووزە و نەوت/ سنوردار بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ محمد عبدالله حمید

ناونیشان/ هەولێر- ژووری پارێزەران

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٩٠٦٤٥

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Early Works Project Manager
Work Location	Erbil Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Key Responsibilities:
- Management and delivery of the Project works in accordance with the companies HSE policy
- Project planning and scheduling, cost control, change control, quality assurance, quality control, document control, health, safety, and environment (HSE) design and management and approvals management.
- At all times, the Early Works Project Manager shall recognize the scale and dimensions of the Project and ensure the project has sufficient staff and expertise to maintain the overview and decision-making processes
- Direct Engineering and/or EPC contractor's activities with respect to all aspects of project execution.
- Ensure all contracts are commercially compliant.
- Produce professional project status reports.
- Monitor project progress and ensure necessary information flow between stakeholders to meet project milestones
- Support effective handover and closure of project contracts.

Required Qualifications & Experience:
- Convincing academic background within one or more engineering discipline(s) of which process/mechanical/Instrumentation should be core.
- >15 years of experience in capital expenditure (capex) projects, preferably within the oil and gas industry.
- Have a wide range of technical skills and experience and a practical knowledge of the major engineering disciplines.
- Hands on experience with construction and commissioning.
- Experience in developing technically acceptable, constructible and operable costeffective solutions to complex problems.
- Familiar with commonly used project management concepts and tools, used to contribute project control information.

Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 Office +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سۆران
فاکەلتی یاسا و پەیوەندی نێودەوڵەتیەکان
خوێندکاری قۆناغی چوارەمی بەشی یاسا
ژمارە: ٣٢٤/٢/٤
بۆ بەرێز/ بەختیار حسن مصطفی
ئاگادارکردنەوە
دوای تەواوبوونی ماوەی مۆڵەتی ئاسایی لە رێکەوتی ٢٠١٩/٣/١٧ وە ئامادەنەبوونت لەسەر کارو پابەندنەبوونت بەرێنماییەکانی دەوام کردن ئاگاداری بەرێزتان ئەکەینەوە لە ماوەی یەک هەفتە لە ناوەوەی هەرێم ماوەی مانگێک لە دەرەوەی هەرێم سەردانی فاکەلتی بکەیت ئامادە نەبوونت بەپێی برگەی ٢ لە مادەی ٣٧ لە یاسای شارستانی ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٦٠ هەموارکراو کۆتایی بەراژەکەت دێت.
د.هێمن نامق جمیل
راگر بەوەکالەت

***

ڕێقەبەریا گشتی یا باژێرڤانی یا پارێزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە:١٠/٣٠٠/١/١
میژوو: ٢٠١٩/٥/٥
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولیکێن دەولەتێ ژمارە (٣٢) یاسالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکنا دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زیدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (کومەکا دوکانا) لسەر بەشەك ژ پارچا زەڤیا ژمارە (٣٦٠/١) کەرتێ ٤٢ فایدە ب رووبەرێ ١٠٠٠م٢ بشێوێ مافی بەرخوری (مساطحة) بو ماوێ ١٦ شازدە سالا و هەرکەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیك زیدەکرنێدا بکەت ژبلی فەرمانبەر و پێشمەرگە و هێزین نافخویی بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کوکێمتر نەبیت ژ (٢٠٪) ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەرۆکاتیا باژێرڤانییا فایدە بکەت د ماوێ (٣٠)سیە روژا دا ژ بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ دروژنامێ دا و ئەڤ سەرئیك زیدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەرۆکاتیا باژێرڤانییا فایدە دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ, و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت دی کەڤنە ستوی وی.
ئەندازیار
خالد سلیمان یاسین
ه. ڕێقەبەرێ گشتی بو کاروبارێن هونەری

***

دادگای باری کەسایەتی ئاکرێ
ژمارە/ ٩٩/ش/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٢٨
بۆ داوالێکراو (هێلین عبدالقادر رجب) جێگای نیشتەجێبوونی نادیارە
ب / ئاگاداری
داواکار (یاسین سلیم یاسین) داوای ژمارە (٩٩/ش/٢٠١٩) تومارکردووە دەرهەق بە تو لە بەردەم دادگاکەمان کە تایبەتە بە پەسەند کردنی تەلاقی دەرەکی (تصدیق طلاق خارجی) ولەبەر دیارنەبوونی نیشتەجێبوونت دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگادار کردنەوەت لە رێگای دوو روژنامەی ناوخۆییەوە تاکو ئامادەبی لەبەردەم دادگاکەمان سەر لە بەیانی روژی(٢٠١٩/٥/١٢)کە دیاریکراوە بۆ داپنبینی یا ناردنی بریکارێك لە جیاتی خۆت وە بە پێچەوانەوە دادگا هەلدەستێت بە دادبینی پا شمەلە دەرهەق بەتۆ وبەپێی یاسا بریاری پێویست دەردەکات
دادوەر / طارق رمضان صالح

***

بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ١١٩٧ / ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٨
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (صباح محمد حسن)
ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددەیا (٢٧)ی یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب رێیا دوو روژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەین بۆ ماوێ (١٥) رۆژا ژ رۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ نامادەبی لرێقەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا رێکارێن جێ بەجێ کرنێ وبەروڤاژی دێ نەچاری رێکێن یاسایی یێن (اجبری) بین
هاریڤان ایوب عبدالله / (جێ بەجێ کاری داد)

***

بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٦٨٦ / ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٥
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (ریمة یاسین احمد)
ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددەیا (٢٧)ی یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب رێیا دوو روژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەین بۆ ماوێ (١٥)پازدە) رۆژا ژ رۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ نامادەبی لرێقەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا رێکارێن جێ بەجێ کرنێ (الاجراءات التنفیذیة) وبەروڤاژی دێ نەچاری رێکێن یاسایی یێن (الاجراءات القانونیة الجبریة) بین
ژڤان عزیز محمد / رێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)

***

بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ٤٢١/ت/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٥
ئاگاداری
بۆ / قەرزار : مهدی فارس غازی
لەبەر نەزانین ونەدیاری شوێنت بۆیە بەپێی مادە (٢٧)ی یاسای جێ بە جێ کردن بریاردرا لە رێی رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لە ماوەی (١٥/بازدە) رۆژ لە رۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەرێوەبەرایەتیە نامادەبیت بۆ ئەنجامدانی رێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی خاوەن قەرز (رئاسة بلدیة سمیل) کە (٩٤٨٦٠٠٠) نەە ملیون وچار سەد وحەشتێ وشەش هزار دیناری عیراقی یە دەنا بە پێی یاسا ناچاری دانەوەی دەکرێت
جێ بە جێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

***

بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٥٨٤/ ٢٠١٣
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٦
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (١٧٣٦/٢) کەرتێ (٧٩/بروشکی الجنوبیە) کو دکەڤیتە (دهوك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (زکیة عبدالقادر طاهر) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیف داخازا قەردەران (١- کومپانیا ٢- عبدالله جولی عبدالله) بکوژمێ (٩٦٣٠٠٠٠٠٠) نەهـ سەد وشێست وسێ ملیون دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا رێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣/سێ) روژا کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بریژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (١٥٦٠٠٠٠٠٠)سەد وپێنجی وشەش ملیون دینار دگەل رەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مۆلکێ ژمارە (١٧٣٦/٢) کەرتێ(٧٩/بروشکی الجنوبیە) جور پێك هاتیە ژ ئاڤاهیێ ئاکنجیبوونێ ئیك قات سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ ژورا پێشوازیێ و (٢) ژورێن نڤستنێ ئیك ژوان سۆیدیە وهۆل داخلی ولێنانگەہ وپێکهاتێن ساخلەمیێ واجیە جەنۆب شەرق روبەر (٢٤٠) م٢ کوژمێ خەملاندی (١٥٦٠٠٠٠٠٠)سەد وپێنجی وشەش ملیون دینار
هاریڤان ایوب عبدالله / جێ بەجێ کاری داد

***

سەرۆکاتیا باژێرڤانیا زاویتە
مولکایەتی
ژمارە: ١٩٢
رێکەفت: ٢٠١٩/٥/٧
ئاگەهداری
لدیف نڤیسارا رێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییێن پارێزگەها دهوکێ یا ژمارە (٣٨٧٠) ل ٢٠١٩/٥/٦ ئەوا ئامازە دایە نڤیسارا رێڤەبەریا نەخشەدانانێ و ئافەدانێ یا ژمارە (١٢٥٩) ل ٢٠١٩/٥/٦ کو رەزامەندی هاتە کرن بوراستڤەکرنا بلوکەکێ ژ نەخشێ ٢٦٨ کو رەگەزێ وێ نیشتەجێبوونە لەوما هیڤیە هەر جهەکێ پەیوەندی دار یان هەر هاوڵاتیەك یان هەر بەرهەنگاریەك هەبیت داخاز خو ئاراستەی باژێرڤانیا مە بکەت د ماوێ ٣٠ سیە روژا ژ بەروارا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامە خەبات دا.
صالح طاهر صالح
سەرۆکێ باژێرڤانیا زاویتە

***

بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ١٤/ خ/ ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٢٩
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (عادل جمیل یونس) د مولکێ ژمارە (٦٣٤/١) کەرتێ ٤١ کری بانی)دا ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە روژاندا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین رەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
روونکرن :-
ژمارە وجە :- (٦٣٤/١) کەرتێ ٤١ کری بانی - تاخی روژ)
رەگەز وجۆر :- خانیێ ئاکنجیبونێ یە ئێك تا بقە
رووبەر :- (١٥٠ م٢)
بهایێ هاتیە دانان :- (٧٢٠٠٠٠٠٠) حەفتی ودوو مەلیون دینارێ عیراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

KURDISTAN PARTNER/REPRESENTATIVE
An International Technical Training Company is looking for a Partner/ Representative in Erbil in order to expand their business in Kurdistan
Please submit a detailed cv with photograph in confidence at the earliest to:
kurd@haward.org

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٣٣٣٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٧
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (LAND FORM) بۆ (بازرگانی گشتی و هاوردە و هەناردەکردن/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٣٣٣٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٧
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ئەمازون) بۆ (فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (ZARGAN یا بازرگانیا گشتی / ئینان وبرن /سنوردار) بریاری گۆرینی ناوی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (ZARGAN یا بازرگانیا گشتی /ئینان وبرن /سنوردار) بۆ کۆمپانیا (GOK KAYA یا بازرگانیا گشتی / ئینان وبرن /سنوردار) بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان هەر مافێکی لە سەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەریوە بەرایەتی گشتی تومارکردنی کۆمپانیان بکاتەوە لە (پارێزگای دهوك)
شێروان حیتو عبدالرحمن
رێڤەبەرێ کۆمپانیان / دهوك

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٨٤٦٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٦
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (بارژن) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (بارژن) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٤/٢٢) کە تۆمارە لەژێر ژمارە (٢٢٥٣٨) لەڕێکەوتی ٢٠١٥/١١/١٠ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا (شاخوان عبدالحمید جوهر) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (زانا مقصود صالح) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٦
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٨٤١٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (هەمبەر) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (هەمبەر) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٣/٣١) کە تۆمارە لەژێر ژمارە (١٣٩٥) لەڕێکەوتی ٢٠٠٥/١/٢٤ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا (هادی شیخو نعمو) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (گوڤند عبدالله عثمان) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٥
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (میرای) بۆ (بازرگانی گشتی هێنان وبردن / سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەر کەسیك یان لایەنیك مافیکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە پاریزگای دهوك
پاکتاوکار / وارگر محمد احمد
ناونیشان / دهوك - ماسیك
ژمارەی مۆبایل / ٠٧٥٠٤٥٨٢٩٤٩

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (هەمبەر) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەر کەسیك یان لایەنیك مافیکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە پاریزگای هەولێر)
پاکتاوکار / گوڤند عبدالله عثمان
ناونیشان / گوندی ئیطالی
ژمارەی مۆبایل / ٠٧٥٠٤٥١٤١٥٥

لۆرکا لە دوا رۆژە تاڵەکانی ژیانیدا



نووسینی/ مەروە حلمی ئامادەکردنی / ئاکۆ عەبدوڵا

دوا رۆژەکانی ژیانی گارسیا لۆرکای شاعیری گرانادایی (غەرناتەیی) پڕ بوو لە ئازار و ترس و غەمباری، بۆیە نەیتوانی لەناویاندا دربژە بە داهێنان بدات. چونکە ئەوسا ئەو گرانادایەی ئەو شەیدای ببوو، دوا ساتی ناخۆشی و دژواری خۆی بەسەر دەبرد.

لۆرکا رۆژی 14ی تەممووزی سالی 1936لە مەدرید گەڕاوە ئەو شارە، کە ببووە گۆڕەپانی مانگرتن و پەشێوی و توندوتیژی، بەتایبەتیش دوای ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی مانگی شوباتی هەمان ساڵ، لە مانگی مایس ڕەتکراوە و لە مانگی مایۆ ڕاپرسییەکرا. بەپێی ڕاپرسییەکە چینی ناوەند لە گرانادا شکستی هێنا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەم چینە هاوسۆزی خۆی بۆ ڕاستڕەوی تووندڕەو دەربڕێت ناکو بەمە پشتیوانی لە ڕۆڵی پیلانگێڕان بکات. لە هەمان کاتیشدا بە تێڕوانینەکان بەرەو بەهێزی دەچوون و لە مانگی مایسیش ئەو پارتە گەیشتە ئەو بڕوایەی ماوەیەکی کورتیان ماوە تا لە کۆتماڕییەکان جیابێنەوە، بۆیە بەمەبەستی بلاوکردنەوەی تووندوتیژی لە شەقامەکان، لەسەرتاسەری ئیسپانیا هەوڵەکانیان یەکخست. بەمەش جگە لەو ڕووبەڕووبونەوەی کە لە نێوان کەتیبەکان و کرێکاران دەهاتەکایە، کە بە هۆیەوە ژیانی ناو ئەم شارەی زیاتر دەشێواند، ڕێژەی تیرۆرکردنیش لە گرانادا دای لە زیادی.

کاتێک لۆرکا گەیشتەوە ماڵەوە دڵی بەوە خۆشبوو ماڵەکە تەلەفۆنی تێدایە و لەگەڵ کۆنستانتینۆز ڕۆیس کارنیرۆی هاوڕێ و بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی (بەرگریکردن لە گرانادا) پەیوەندی کرد، ئەمیشیان هەواڵی هاتنەوەی لۆرکای لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەی بڵاوکردەوە. بەمەش پیلانگێڕان زانیان نووسەری (یەرما) لە گرانادا دایە. دواتر لۆرکا لە ماڵەکەی خۆیدا نەمایەوە، بەڵکو بە مەبەستی کات بەسەربردن و سڵاوکردن لەو کەسانەی سەرسامی کارەکانی بوون، دەچووە دەرەوە و لەناو هاوڕێکانییشی دڵخۆشی خۆی دەردەبڕی بە ئامادەبوونی لە گەرانادا و شانۆنامەکەی (مانی بەرنارادا ئەلبا) شی بۆیان دەخوێندەوە.

ڕۆژی 20ی تەممووز (مانۆئێل فرناندیس مۆنتسینۆس) ی هاوسەری کۆنتشای خوشکی لۆرکا، کە مرۆڤێکی سۆشیالیست بوو، دەستگیرکرا، دوای ئەوەی تەنیا بۆ ماوەی 8 ڕۆژ پایەی (عەمدیی) وەرگرتبوو. پاش چەند کاتژمێرێک لە دوای ئەم ڕووداوە، هەڵگەڕاوەکان دەستیان بەسەر ناوەڕاستی شاردا گرت و زۆربەی کۆماریخوازەکانیان خزاندە ناو بەندیخانەکان. بەماوەی 23ڕۆژ شاری گرانادا کەوتە ژێر دەستییان. بارودۆخێکی وەها ترسناکیان هێنایە کایە بە جۆرێک کە هەزارەها پیاو و ژن و منداڵی بێتاوانیان بە جارێک لە سێدارەدا.

فرمێسکەکانی شاعیری گرانادا بە هۆی بەندکردنی زاوایەکەی، لۆرکا لەناو ئەم ساتە دژوارانە دەژیا. جارێکیان چوو بۆ دیدەنی زاوا بەندکراوەکەی، بەڵام گەڕاوە بۆ ماڵ و زۆر گریا، چونکە ڕێگایان پێنەدا بچێتە دیدەنی. وەها پێدەچێت بە چاوەکانی، تیرۆرکردنی چەندان کەسیشی بینیبێت. لەو کاتەوە وەهای هەستەکرد بە دوای ئەویشدا دەگەڕێن. ماریا گارسیا کایۆی هاوڕێشی لەوە دڵنیای کرد.

لە ڕۆژی 9ی ئاب گابرێل ڕۆیس بیریا گیرا. لەو کاتەدا یەک لە ئەفسەرەکانی گاردی مەدەنی، لۆرکا ئاگادارەکاتەوە لەوەی فەرمانێک لە دژی ئەویش دەرکراوە و تێیدا داوای دەستبەسەرکردنی لێکراوە، کەواتە نەدەبوو بە هیچ جۆرێک لە ماڵ بچێتە دەرەوە. بێگومان بەمەش زیاتر هەستی بە ترس دەکرد و بۆی دەرکەوت ئەم جارە نۆبەی دەستگیرکردنی ئەوە، بۆیە بیری لەوەدەکردەوە هانا بۆ کەسێک بەرێت، تا وەهای بە خەیاڵدا هاتبۆ لای لویس ڕۆسالیسی هاوڕێی بڕوات کە پێشتر بەڵێنی پێدابوو ببیانە ماڵەکەی خۆی و خاوەن بەڵێنەکەی خۆشی بوو..

بەمەبەستی ڕزگارکردنی لۆرکا، لە ماڵەکەی خۆی باس لە هۆکاری جۆراوجۆر کرا، بەڵام لە ترسی ئەوەی تۆڵە لە باوکی نەکەنەوە، لۆرکا بیرۆکەی هەڵاتنی بۆ دەرەوەی گرانادا ڕەتکردەوە و وەهای دەبینی چاکترین ڕێگا بۆ ئەو، ماڵی ڕۆسالیسە. لەوێدا لۆرکا لەگەڵ ئەوەی زۆر پڕۆژەی بە خەیاڵدا هاتووە، بۆیە بەپەلە بۆ بنکەی حکومەتی مەدەنییەت چۆوە، تاکو داوەر ببینن، بەڵام نیکۆلاس بیلاسکۆی جێگری پێی لەوەداگرت هێشتا داوەر نەگەڕاوەتەوە .دواتر لەنێوان خۆسێ و داوەری گرانادا گفتوگۆیەکی تووند هاتە ئاراا، داوەر دڵنیای کردەوە بەوەی نامەیەکی ڕەسمی دژ بە لۆرکا، لە ڕامۆن ڕۆیس ئەلمۆنزۆی پێگەیشتووە کە تێیدا لۆرکای بەوە تاوانیارکردووە ڕادیۆیەکی نهێنی لە ماڵەکەیدا هەیە و وەک بەڵام ئانخلینا کوردۆبیا جۆنسالیسی دایانی منداڵەکانی کۆنتشا، بۆچوونێکی دیکەی هەبوو، ئەو دڵنیابوو لەوەی لە ڕۆژەکانی 17و 18ی هەمان مانگ لە بنکەی حکومەنی مەدەنییەت سەردانی لۆرکای کردبوو، بەڵام بۆ ڕۆژی سێیەم واتا 19ی مانگ، لۆرکا لە زیندانەکەی نەمابوو.

دوای شاهێدیەکەی ئانخلینا پرسیارێک دروست دەبێت، ئەویش بۆچی داوەری مەدەنی لەبەرە بەیانی ڕۆژی 17ی ئاب



هۆکارێکی پەیوەندیکردن بە ڕووس بەکاریدەهێنێ و سکرتێری (فرناندۆ دی لۆیس ریبس) یش بووە... خۆسێ نووسینگەی داوەر بەجێدەهێڵێ و بۆ ماوەیەکی کوورت قسە لەگەڵ لۆرکا دەکا و بەڵێنیشی پێدا کە هێندەی پێناچێت دەگاتەوە لای، بەڵام ئەمە دوا دیداری بوو لەگەڵیدا.

بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر (واتا 17ی ئاب) خۆسێ ڕۆسالیس، لە کۆڵۆنێڵ ئەنتۆنیۆ جۆنسالیس ئیسپینۆساوە فەرمانی ئازادکردنی لۆرکای دەستکەوت، بۆیە بەپەلە بۆ لای داوەر دەچێت، بەڵام ئەو دڵنیای دەکاتەوە لەوەی تازە کات بەسەرچووە و لۆرکا بردراوە. ئامۆژگاریشیکرد بیر لەوە بکاتەوە چۆن بەرگری لە (لویس) ی برای بکات، چونکە ئەویان (سورەکەی) لە ماڵەکەی خۆیدا مەلاس دابوو.

دەگەڕێتەوە ماڵ و بە ڕووداوەکە دەزانێت، ئەڵمۆنزۆی ئەفسەر پێیڕادەگەیەنێت، لۆرکا بۆ ڕووس کار دەکات .میجلیش دایکی خۆی ئاگادار دەکاتەوە لەوەی ناتوانێت هیچ شتێک بکات بۆ ڕێگاگرتن لە دەست بەسەرکردنی لۆرکا. بەڵام دڵنیاشی کرد لەگەڵیدا دەچێت تاکو بزانێت گرفتەکە چییە. میجل لەو بڕوایەدابوو کارەکە لە چەند پرسیارێک زیاتر نییە کە ئاراستەی لۆرکا دەکرێت. لۆرکاش لەلای خۆیەوە داوای لە میجل کرد بەدوای خۆسێی برایدا بگەڕێت کە یەک لە گەورە دەسەڵاتدارەکانی کەتیبەکان بوو لە گرانادا. کاتێک گەیشتنە بنکەی حکومەتی مەدەنی لە گرانادا، میجل بۆی دەرکەوت بالدیس جۆسمانی دایەوەر لەوێ نییە. بۆ ئێوارەکەی لویس و خۆسێ ڕۆسالیس هاتنەوە ماڵەکە و بۆیان ڕۆنبۆوە چی بەسەر لۆرکادا هاتووە، بۆیە بەپەلە بۆ بنکەی حکومەتی مەدەنییەت چۆوە، تاکو داوەر ببینن، بەڵام نیکۆلاس بیلاسکۆی جێگری پێی لەوەداگرت هێشتا داوەر نەگەڕاوەتەوە .دواتر لەنێوان خۆسێ و داوەری گرانادا گفتوگۆیەکی تووند هاتە ئاراا، داوەر دڵنیای کردەوە بەوەی نامەیەکی ڕەسمی دژ بە لۆرکا، لە ڕامۆن ڕۆیس ئەلمۆنزۆی پێگەیشتووە کە تێیدا لۆرکای بەوە تاوانیارکردووە ڕادیۆیەکی نهێنی لە ماڵەکەیدا هەیە و وەک زاوای تەنیا لەبەر ئەوە بکۆژن کە پشتگیری کۆمارییەتی کردبوو، پایەی سیاسیشی هەبوو، لۆرکای شاعیری سووری شیوعی چۆن دەتوانێت ڕزگاری بێت. مۆنتسینۆس هیچ لەم کارانەی نەکردبوو کە لۆرکا کردبووی. لەوانە هیچ شتێکی لە ڕۆژنامەکان دژ بە فاشییەت ڕانەگەیاندبوو، ڕەخنەشی لە چینی ناوەند لە گرانادا نەدەگرت و وەهاش وەسفی نەدەکردن کە خراپترین بوورژووازی بن کە ئیسپانیا بەخۆیەوە بینیوە. ئەمانە و هاوڕێیەکی دڵسۆزی فرناندۆ دی لوێس ریوسی سیاسەتمەدار و سۆشیالستی، ئەو کەسەی لە هەموو کەسێک دیکە زیاتر قێزەوەنبوو لە گەرەنادا نەبوو. ئەی باشە (یەرما) پڕ نەبوو لە ڕەخنەی تووند لەلایەن ڕۆژنامە کاسۆلیکیکەکان؟ ڕۆمانسیرۆ و خیتانۆش پڕ نەبوون لە ڕەخنەگرتن لە گاردری مەدەنی؟

تاوانبارکردن بە نۆکەری ڕووس ئەم بارودۆخە دژوارە، ئەندامانی خێزانی ڕۆسالیسی دووچای دڵەڕاوکێ کرد. ڕۆسیاسی بیریان لەوە کردەوە دەکرێت لۆرکا بۆ شوێنێکی دیکە بەرن کە پارێزراوتر بێت، بەڵام بۆ کوێندەر؟ وەهایان پێباش بوو بچێتە ماڵی مانوێل دی فایا لە گوند. بەڵام دوژمنان خێراتر بوون. لە هەمان ئەو ڕۆژەی (16ی ئاب) کە مۆنتسینۆسی تێدا تیرۆرکرا، لەو کاتەی کە هیچ لە کوڕەکانی خێزانەکەی ڕۆسالیس لە ماڵدا نەبوون، ڕامۆن ڕۆیس ئەلمۆنزۆی ئەفسەر، دەستی بەسەر لۆرکادا گرت. کاتێک کە میجل ڕۆسالیس هاتەوە ماڵ و بۆی باسکرد کە لۆرکا لە ماڵی ئەوە، ئەو بە توڕەییەوە هاوار دەکاتە سەر ئەڵمۆنزۆ و داوای لێدەکات کە لۆرکا بەرێت، بەڵام ئەڵمۆنزۆ ڕەتیدەکاتەوە و دەڵێت ئەو فەرمانی بەدەستگیرکردنی لۆرکایان پێبوو، چونکە ناو ماڵەکەی لە گرانادا، دوای پشکنین، لۆرکایان دەستنەکەوت. سەرکردەی ئەفسەرەکان گەفی ئەوەی کرد لە شوێنی ئەودا باوکی دەگرێت. ئا ئەمەش بوو ئەوەی لۆرکا لێیدەترسا. لەم ئان و ساتەدا کۆنتشای خوشکی هاتە وەڵام و پێیڕاگەیاندن بڕایەکەی هەڵنەهاتووە، بەڵکو لە ماڵی یەک لە هاوڕێکانی نیشتەجێیە کە لە پارتی کەتیبەکانە، دوورنییە ناوی ڕۆسالیسیشی لەدەم دەرچووبێت.

شاعیری سور چۆن ڕزگاری دەبێت؟

لە بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەمەی ڕێکەوتی 16ی ئاب، زاواکەی لۆرکا لەتەک 29کەسی دیکە لە سێدارە دران. ئەم هەواڵە لای لۆرکا وەک بروسکە وابوو، بۆیە زیاتر لە ژیانی خۆی ترسا، جا ئەگەر پیلانگێڕان بتوانن کەسێکی یەکجار پاک و بێتاوانی وەک مۆنتسینۆسی خەیاڵداهات بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە تێیدا دەژیا، بەڵام نەیتوانی دربژە بە داهێنان و نووسین بدات، بۆیە خۆی خستە سەر خوێندنەوە و بە ڕۆسالیسیش ڕادەگەیەنێ، کتێبی (ساناتات) بڵاودەکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە خۆی بۆ ئەوەش ئامادە دەکات چامەیەکی داستانی بەناوی (ئادەم) لەسەر شێوەی (بەهەشتی ونبوو) ی ملتۆن بهۆنێتەوە، ئەمانە هەمووی بەلایەک، کەچی دوژمنانیش بە دوایدا دەگەڕان.

لە ڕۆژی 15ی ئابی هەمان ساڵدا کۆمەڵە ئەفسەرێک کە فەرمانی دەستگیرکردنی لۆرکایان پێبوو، چوونە ناو ماڵەکەی لە گرانادا، دوای پشکنین، لۆرکایان دەستنەکەوت. سەرکردەی ئەفسەرەکان گەفی ئەوەی کرد لە شوێنی ئەودا باوکی دەگرێت. ئا ئەمەش بوو ئەوەی لۆرکا لێیدەترسا. لەم ئان و ساتەدا کۆنتشای خوشکی هاتە وەڵام و پێیڕاگەیاندن بڕایەکەی هەڵنەهاتووە، بەڵکو لە ماڵی یەک لە هاوڕێکانی نیشتەجێیە کە لە پارتی کەتیبەکانە، دوورنییە ناوی ڕۆسالیسیشی لەدەم دەرچووبێت.

شاعیری سور چۆن ڕزگاری دەبێت؟

لە بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەمەی ڕێکەوتی 16ی ئاب، زاواکەی لۆرکا لەتەک 29کەسی دیکە لە سێدارە دران. ئەم هەواڵە لای لۆرکا وەک بروسکە وابوو، بۆیە زیاتر لە ژیانی خۆی ترسا، جا ئەگەر پیلانگێڕان بتوانن کەسێکی یەکجار پاک و بێتاوانی وەک مۆنتسینۆسی بکوژن کە پشتگیری کۆمارییەتی کردبوو، پایەی سیاسیشی هەبوو، لۆرکای شاعیری سووری شیوعی چۆن دەتوانێت ڕزگاری بێت. مۆنتسینۆس هیچ لەم کارانەی نەکردبوو کە لۆرکا کردبووی. لەوانە هیچ شتێکی لە ڕۆژنامەکان دژ بە فاشییەت ڕانەگەیاندبوو، ڕەخنەشی لە چینی ناوەند لە گرانادا نەدەگرت و وەهاش وەسفی نەدەکردن کە خراپترین بوورژووازی بن کە ئیسپانیا بەخۆیەوە بینیوە. ئەمانە و هاوڕێیەکی دڵسۆزی فرناندۆ دی لوێس ریوسی سیاسەتمەدار و سۆشیالستی، ئەو کەسەی لە هەموو کەسێک دیکە زیاتر قێزەوەنبوو لە گەرەنادا نەبوو. ئەی باشە (یەرما) پڕ نەبوو لە ڕەخنەی تووند لەلایەن ڕۆژنامە کاسۆلیکیکەکان؟ ڕۆمانسیرۆ و خیتانۆش پڕ نەبوون لە ڕەخنەگرتن لە گاردری مەدەنی؟

تاوانبارکردن بە نۆکەری ڕووس ئەم بارودۆخە دژوارە، ئەندامانی خێزانی ڕۆسالیسی دووچای دڵەڕاوکێ کرد. ڕۆسیاسی بیریان لەوە کردەوە دەکرێت لۆرکا بۆ شوێنێکی دیکە بەرن کە پارێزراوتر بێت، بەڵام بۆ کوێندەر؟ وەهایان پێباش بوو بچێتە ماڵی مانوێل دی فایا لە گوند. بەڵام دوژمنان خێراتر بوون. لە هەمان ئەو ڕۆژەی (16ی ئاب) کە مۆنتسینۆسی تێدا تیرۆرکرا، لەو کاتەی کە هیچ لە کوڕەکانی خێزانەکەی ڕۆسالیس لە ماڵدا نەبوون، ڕامۆن ڕۆیس ئەلمۆنزۆی ئەفسەر، دەستی بەسەر لۆرکادا گرت. کاتێک کە میجل ڕۆسالیس هاتەوە ماڵ و بۆی باسکرد کە لۆرکا لە ماڵی ئەوە، ئەو بە توڕەییەوە هاوار دەکاتە سەر ئەڵمۆنزۆ و داوای لێدەکات کە لۆرکا بەرێت، بەڵام ئەڵمۆنزۆ ڕەتیدەکاتەوە و دەڵێت ئەو فەرمانی بەدەستگیرکردنی لۆرکایان پێبوو، چونک

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/5/9 ژمارە (5746)
خەبات

نابلیۆن لە سەر داوای خۆی

داستانێکی قارەمانیەتی لە تابلۆیەکی جیهانیدا بەرجەستە دەکات



حەیدەر عەبدولڕەحمان

ناپلیۆن چیای ئەلب دەبڕێت ـ ناونیشانی تابلۆیێکی نیگار کێشی فرەنسی (جاک لوی دافید)ە کە یەکێکە لە نیگارکێشە ناسراوەکانی ڕێبازی کلاسیکی نوێ لە فەرەنسادا، تابلۆکە سەربوردەی یەکێ لە شەڕە هەرە ناسراوەکانی ئیمپراتۆری فەرەنسا نابلیۆن بۆناپارت دەگێڕێتەوە و (جاک) لەسالانی 1801. 1805لە سەرداوای نابلیۆن خۆی وێنەکەی کێشاوە، بۆ ئەوەی یادی سەرکردایەتی کردنی سوپاکەی و ڕوو بەڕووبوونەوەی لەگەڵ سوپای نەمسای جێگیر لە ئیتالیا لەسالی 1800دووچاری شکست و سەرسوڕمانێکی گەورە بکات، ناپلیۆن ئەو کات پێی وابوو ئەگەر ئەو داستانە لە تابلۆیەکی جیهانیدا بەرجەستە بکرێت، ئەوە دەچێتە ناو مێژوویەکی پڕ لەشانازی بۆ سەرکردەیەکی فەرەنسی و ئەو ئازایەتیەی نواندویەتی بۆ پاراستنی سەروەری وڵاتەکەی، پێش ناپلیۆنیش بالیۆزی ئیسپانیا لە فەرەنسا ، هەمان داوای خستبووە بەردەم (جاک)ی نیگار کێش بۆ وێنە کێشانی ئەو داستانە ..



لە تابلۆکەدا نابلیۆن بە ئازایەتیەکی زۆر لە نێو سوپاکەی دا دەبیندرێت کە بەهێزێکی گەورەوە سێیەم داستانی قارەمانیەتی، دوای شارلیمان و هانیبال لە مێژوودا تۆمار دەکات، کە ماوەی دروست کردنی دوو سالی خایاندووە، نیگار کێش ویستوویەتی نابلیۆن وەک جەنگاوەرو سەرکردەیەکی لێهاتوو نیشان بدات ، بەسواری ئەسپێک بەهێزی وەک جەنگاوەرو سەرکردەیەکی لێهاتوو نیشان بدات ، بەسواری ئەسپێکی بەهێز کە وا دەردەکەوێ بەوەدە دەیەوێت ڕوو بە ڕووی کۆسپ و تەگەرەکان بێتەوە و تووڕە بوون و هێزێکی گەورەی پێوە دیارە، لە وێنەی ئەسپەکەدا وەک ڕەخنە گرە فەرەنسیەکان دەڵێن: نیگار کێش هەر تەنها نەیویستووە سوارچاکێکی وەک نابلیۆن بەسواری ئەسپێک بکێشی کە بەوپەڕی هێزەوە دەحیلینێ و دەیەوێت ڕوو بە ڕووی تەوژمێک بێتەوە کە ڕێگرە لە بەرەو پێشەوە چوون، لە هەمان کاتدا نابلیۆن بە جلی سووری خوێناوی شەڕو هێمای سەرکەوتن و ئازادی ڕەنگ ڕێژ بکات و وەک سوارچاکێکی لێهاتوو لە ئەسپ سواری و عەسکەرتاری نیشان بدات، لە تابلۆکەدا ناپلیۆن هەوڵی ئەوە دەدات بەسەر چیای ئەلب هەڵگەڕێ، بۆ ئەوەی سوپاکەی نەمسا تێک بشکێنێ ، ئەگەرچی لەو شەڕەدا کە لە سالی 1800ڕووی دا، نابلیۆن لە سەر قەسەی ڕاوێژکارەکانی ئێستری بۆ ئەم پەیا هەڵگەڕانە لە جیاتی ئەسپ بەکارهێنابوو، چونکە بە قسەی ئەو ڕاوێژکارانە توانای بەرگری کردنی ئێستر بۆ تینوویەتی و بەرگەی سەرما زێتر بوو لە ئەسپ ، بۆیەش نیگار کێش لە وێنەکەدا ئێستر‌ەکەی کردووە بە ئەسپ بۆ ئەوەی هێزو سوارچاکی جەنگاوەرێکی سەرکردەی وەک نابلیۆن بەشێوەیەکی جوانتر لە خۆی نیشان بدات .

نابلیۆن خۆشی بایەخێکی بەوەدا دەردکەوێت، کە دەرهێنەر لە سەرتاپای نمایشەکە، دیمەن دوای دیمەن بۆمانی دەسەلێنێت کە دەرهێنەرێکی ئارەزوومەندە و هیچی بە سەر پێشمەندێتییەوە نییە. بینەری شانۆ، ئەگەر باش سەرنج بدات، ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە دەرهێنەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی نمایش بە یەک زمان کاری کردووە، مەبەستمان لەزمانی ئەدەبی نییە، بەڵکو زمانی شێوازی کارکردنە، من لەو باوەڕە دام دەرهێنەر نەک هەر نەیتوانیوە یەک ستایلی گشتگیر بەکاربێنی، بگرە لەوانەیە هەر نەشزانێ ستایلی کارکردن لەسەرەتاوە تا کۆتایی مانای چییە، مەبەستم لە کارکردن لە دیمەنێکی زۆر واقعیدە و لە دیمەنێکدا ڕەمزی! من لە دابەشکردنی ڕۆڵ هەق بە دەرهێنەر دەدەم و هەڵبژاردنەکانی خراپ نین، چونکە لە بزوتنەوەی شانۆی کوردی ئەکتەری پرۆفشنالمان نییە، بەتایبەتی لەوانەی کە تەمەنیان هەیە و سالانێکە خەریکی شانۆی تەقلیدین بەناوی ئەزموونگەرییەوە، بۆیە ئەکتەرەکان، بەتایبەتی شەمالی عەبە ڕەش و سیروان جەمال، خراپ نەبوون، هەوڵەکانیان لە بەرجەستەکردندا دیاربوو، بەڵام بەڕێوەبردنیان لەلایەن دەرهێنەرەوە باش نەبوو، لەبەر ئەوەش بوو هاو ئاهەنگی زۆر بوو لە نواندن، دڵنیام شێوازی نواندنیشیان بۆ ڕوون نەکراوەتەوە، بە گشتی ئەوەی پێی دەگوترێ (ئیداریەی ئەکتەر) کە ئەرکی دەرهێنەرە، بەجارێ فەرامۆش کرابوو. لە کاتێکدا لە هۆڵێکی گەورە نمایشێکی واقیعی نمایش دەکەیت و دەیزانی نێوانی بینەر و ئەکتەر دووڕە دەبوایە دێر بە دێری دیالۆگەکان بگات، کەچی بەشێک لە دیالۆگەکان نە دەگەیشتن بە گوێی بینەر، ئینجا ئاماژە و جوڵەی بێ پاساو یان ناهاوتا لەگەڵ سات و پێویستیەکانی، یان زۆنەکانی کارەکتەر کە هیچیان ڕوون و ئاشکرا نەبوون، ئەمجا سەرەڕای هاوار هاوار و هەڵچوون و کەفوکوڵی کتوپر و جوواڵەی بێ سەروبەر و مانانەبەخش، ئەمەش پتر لە کەسایەتی لاورا (خەرمان هیرانی) دا بەر زەقی بەدی دەکرا، کە بەبێ هیچ هۆکارێک لە سەر شانۆدا زۆر جرت و فرتی دەکرد.. کاتێکیش باسی تیمپۆ و ڕیتمی نمایش دەکەین، پەیوەستە بە تێگەیشتنێکی قوڵ و پیشەمەندی دەرهێنەر، کە لە زۆربەی کات کێشەی ڕیتم هەبوو لە نمایشەکە، زۆر گرینگ بوو بتوانێ مۆسیقای ناو تێکست بدۆزێتەوە، بەداخەوە کە. ئەکتەر خاوەن ئەزموونی خۆی ڕادەستی دەرهێنەری بێ ئەزموون بکات، ئاکامەکەی هەر وا دەبێت. خۆ ئەگەر کێشەی یەکەمی ئەم نمایشە، وەکوو ئامەژم پێ دا، خراپ بەڕێوەبردنی ئەکتەر بێت، ئەوە کێشەی دووەمی نمایشەکە سینوگرافیاکەیەتی. جا ئەگەر لە کێشەی یەکەمدا ئەکتەرکان، بەتایبەتی شەماڵ و سیروان، تاڕادەیەک فریای دەکەون و خەڵت و خەوشی دەرهێنانەکە تاڕادەیەک لە بەر چاوی بینەری کە ئەزموون دەشارنەوە، بەڵام کێشەی سینوگرافیاکە بۆ خۆی وەکوو دەعبایەکی دزێوی بێ مانا و نەشاز، لە سەرتاوە تا کۆتایی نمایش چەقی بەستووە. ئەرێ کەسێکیان نەی پرسی بۆ ئەم سینوگرافیایە؟ لە مالێکی خانەدان و ئۆرستۆکرات دیوارەکان چۆن بە گوێنی دادەپۆشرێن؟ لە نمایشێکی واقیعی کە مالێکی خانەدان بەرجەستە دەکات، گوێنی مانای چی دەبەخشێ؟ ستاتیکا !!! کێشەی ئەم نمایشە لە ڕووی سینوگرافیایەوە لەم پرسەدا دەر دەکەوێت: ئەگەر تەماشای سینوگرافیاکە بکەین، پێش ئەوەی ئەکتەرەکان بێنە سەر شانۆ، بیرمان بۆ ئەوە دەچێت کە ئەم سینوگرافیایە، سینوگرافیایەکی هیماگەریانەیە، یان شێوازگەریانەیە، یان مەرەجئامێزە، یان هەر نەبێت تەعبیریە. ئەگەر وابێت دەبێت شێوازی نواندنی ئەکتەرەکانیش هاوئاهەنگ بن لەگەڵ شێوازی سینوگرافیاکەدا. بەڵام بەپێچەوانەی سینوگرافیاکە، شێوازی نواندنی ئەکتەرەکان زیاتر واقیعیە و هەندێک جاریش هەوڵ دەدەن، بەڵام بێ هودە، سایکۆلوجییانە نمایش بکەن. بۆچی بێ هودە، چونکە هەموویان، جگە لەو دوو ئەکتەرەی باسم کرد، بەتەواوەتی لە مەسەلەی بێسەروبەریان لە کات و تۆقیت و وەستان و کار و کاردانەوەدا پێوە دیارە. لە دیمانەیەکی تەلەزیۆنی کورتدا سەبارەت بە میتودی شانۆیی دەرهێنەری نمایشەکە دەڵێت: هیچ میتۆدێکی شانۆیی پیادە ناکەم. بەدڵنیاییەوە لەمەدا زۆر ڕاست دەکات، ئەم بێ میتودەییەی زۆر بەکارامەیی لە نمایشەکدا سەلماند. بەڵام پاشان دەڵێت: پیتەر بروک کاری تێکردووم. کە سەرنجی سینوگرافیاکەم دەدا، تێگەیشتم کە دەرهێنەر زۆر ساویلکانە و ڕووکەشانە لە بروک گەیشتووە، وا تێگەیشتووە بروک، واتە بەکار نەهێنانی ناو مالە لە سەر شانۆ، هەر بۆیەش مالی کاپتینی بە گوێنی داپۆشیووە. لە کۆتاییدا دەڵێم، گوناهە ئەم هەموو بودجە و توانا مرۆییە بۆ دەرهێنەرێکی ئارەزوومەندی، کە نە دەرهێنانی شانۆیی خوێند بێت، نە ئەزموونێکی دەوڵەمەندی شانۆیی هەبێت، تەرخان بکرێت.

شانۆی باوک



شوان حەمە سەعید

شانۆی باوک لە نوسینی ئاوگۆست ستێرندبێرگ، وەرگێڕانی دلاوەر قەرەداغی، دەرهێنانی سەدیق عەزیز، دەمێک بوو دەنگۆی ئەو هەواڵە بڵاو بیووەوە کە چەند شانۆکارێکی کوردی ئەوروپا (لە سوید و نەرویج و بەریتانیا و ئەڵمانیا و هۆڵەندا) سەرقاڵی پرۆژەکردنن لە سەر شانۆنامەی باوکی ستێرندبیرگ، هەواڵەکە کورەی تاسە و چاوەڕوانی زۆربەی شانۆکارانی کوردستانی جۆش دا، چاوەڕوانی بینینی بەر و بومی چەند شانۆکارێکی کورد، کە بە هەگبەیەکی پڕ لە زانیاری و زانستی زانستکە و ئەکادیمیاکانی ئەوروپاوە دەگەڕێنەوە، بە ئەزموونی شانۆی هاوچەرخ و ستۆدیۆ و لابوراکانی دنیای پێشکەوتووی ڕۆژئاوا خەنیمان دەکەن. ناهەقیشم نەبوو لە وەیدا کە چاوەڕوانی نمایشێکی ناوازە و دانسقە بکەم، چونکە دووان لەوان لە وڵاتی شەکسپیرەوە گەڕابوونەوە، دەرهێنەر لە وڵاتی ئیبسنەوە، خانمە ئەکتەرەکەیان لە وڵاتی بریختەوە، ئەوەی دیکەیان لە وڵاتی ستریندبێرگ و بێرکمانەوە.



ئیدی چی لەمە باشتر هەیە؟ کێ خودا دەیداتی لەم کوردستانەی ئێمە بەرهەمی چەند شانۆکارێک ببینێت کە سوودیان لە ئەزموونی شارستانیەتی ئەم وڵاتانە بینیبێت؟ ئەوەندەی من ئاگادارم بم، نمایشەکە ماوەیەکی زۆری بۆ تەرخان کرابوو، بۆ خۆئامادەکردن و مەشق وپرۆڤە، لە هەندەران و لە شاری سلێمانیش، مەگەر بۆ نمایشەکە هیوا فایەق (پتر لە سالێک) ئەوەندە کات بۆ ڕاهێنان تەرخان کرابێت، مەگەر هەر خوا و خۆیان بزانن کە چ بودجەیەکی قەبە بۆ ئەم نمایشە تەرخان کراوە، کە ئێمەی شانۆکارانی کوردستان بە خەونیش بۆمان نارەخسێت. دەی قسەم لە سەر ئەوە نییە، گرنگ ئەنجام و عاقیبەتە! ئێمەی شانۆکارانی کۆیە ڕۆژ و شەومان دەژمارد، تا ئەوەندەی نزیک بوویننەوە لە ڕۆژی نمایش، ئەوەبوو چەردەیەک لە شانۆکارانی کۆیە بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە ئەزموونێکی ناوازەی شانۆکارانی کوردی ئەوروپا بەرەو پایتەختی ڕۆژنبیری بەڕێ کەوتین. پاش نمایشەکە، کاتێک هۆڵەکەمان بەجێهێشت، نمایشەکە گەلێک پرسیاری لەلا دروست کردین، لێرەدا گرنگترینیان دەخەمە ڕوو: یەکێک لە پایەکانی نمایشی شانۆنامەیەکی سەرکەوتوو هەڵبژاردنی شانۆنامەکەیە، تێکستی شانۆنامەی (باوک)ی ستریندبێرگ بێگومان یەکێکە لە شانۆنامە تۆکمەکانی نووسەر، ڕەخنەگران کاتێک باسی ستریندبێگ و شانۆی سروشتی دەکەن ڕاستەوخۆ ئاماژە بە شانۆنامەی باوک دەکەن، ئێمە قسەمان لە سە ئەوە نییە، بەڵام کاتێک دەرهێنەر تێکستێک هەڵدەبژێرێ بۆ نمایش دەبێ ،باش لە تێکست و پەیامی تێکست تێبگات و بزانێت چی و لەکوێ و بۆ کێی نمایش دەکات، ئەمە وەکوو ستانیسلاڤسکی دەڵێت، پێوەندی بە ئەرک و ئەرکی بااڵ و سوپەر ئەرکەوە هەیە. کەسێک ئەگەر سەرەتاکانی دەرهێنانی شانۆیی خوێند بیت ئەم ڕاستییە دەزانێت. سوپەر ئەرک واتە: دەرهێنەر بۆچی ئەم شانۆنامەیە لە ئەمەڕۆی کوردستان و لە ئێستای کۆمەڵگەی کوردەواریدا و لەم بارودۆخەدا پێشکەش دەکاتک مەبەستی چییە؟ دەیەوێت چ پەیامێک بگەیەنێت؟ .بەتایبەتی بابەتی شانۆیی باوک لە ئێستادا و لەو سەردەمەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا تا ڕادەیەکی زۆر بەتاڵە، لەبەر ئەوەی ڕێگە چارەی ئاسان هەیە تاوەکو بتوانێت خۆی نەخاتە گێژاوێک و مالەکە و منداڵەکە و ژیانی بەرەو هەڵدێر ببات، ئێستا هەر زۆر بە ئاسانی دەتوانن بزانن منداڵەکەیان ئی خۆیانە یان لە پیاوێکی دیکەیە. من دڵنیام ئەگەر ستریندبێرگ لە ئیستا دا بوایە ئەم تێکستەی بەم شێوەیە نە دەنوسی، لەبەر ئەوەی تەکنەلۆژیا بە خێرایی گومانەکانی یەکلا دەکردەوە لە ڕێگەی پشکنینی (دی ئێن ئەی) و کۆتایی بە گومانەکان دەهێنا ، بۆیە بە ڕای من دەرهێنەر لە هەڵبژاردنی تێکست سەرکەوتوونەبووە. گرفانەیەکی دیکە دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر دەرهێنەر بیەوێ پێمان بڵێ من وەک شاکارێکی دنیایی ئەدەبی شانۆ سەیرم کردووە و هەڵمبژاردووە، ئەمیان ڕەوایە، بەڵام بەداخەوە دیسانەوە نەیتوانیوە وەک دەرهێنەرێکی پیشەمەند مامەڵە لەگەڵ تێکستەکەی ستریندبێرگدا بکات و داهێنەرانە بەرجەستەی بکات، ئەمەش بەوەدا دەردکەوێت، کە دەرهێنەر لە سەرتاپای نمایشەکە، دیمەن دوای دیمەن بۆمانی دەسەلێنێت کە دەرهێنەرێکی ئارەزوومەندە و هیچی بە سەر پێشمەندێتییەوە نییە. بینەری شانۆ، ئەگەر باش سەرنج بدات، ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە دەرهێنەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی نمایش بە یەک زمان کاری کردووە، مەبەستمان لەزمانی ئەدەبی نییە، بەڵکو زمانی شێوازی کارکردنە، من لەو باوەڕە دام دەرهێنەر نەک هەر نەیتوانیوە یەک ستایلی گشتگیر بەکاربێنی، بگرە لەوانەیە هەر نەشزانێ ستایلی کارکردن لەسەرەتاوە تا کۆتایی مانای چییە، مەبەستم لە کارکردن لە دیمەنێکی زۆر واقعیدە و لە دیمەنێکدا ڕەمزی! من لە دابەشکردنی ڕۆڵ هەق بە دەرهێنەر دەدەم و هەڵبژاردنەکانی خراپ نین، چونکە لە بزوتنەوەی شانۆی کوردی ئەکتەری پرۆفشنالمان نییە، بەتایبەتی لەوانەی کە تەمەنیان هەیە و سالانێکە خەریکی شانۆی تەقلیدین بەناوی ئەزموونگەرییەوە، بۆیە ئەکتەرەکان، بەتایبەتی شەمالی عەبە ڕەش و سیروان جەمال، خراپ نەبوون، هەوڵەکانیان لە بەرجەستەکردندا دیاربوو، بەڵام بەڕێوەبردنیان لەلایەن دەرهێنەرەوە باش نەبوو، لەبەر ئەوەش بوو هاو ئاهەنگی زۆر بوو لە نواندن، دڵنیام شێوازی نواندنیشیان بۆ ڕوون نەکراوەتەوە، بە گشتی ئەوەی پێی دەگوترێ (ئیداریەی ئەکتەر) کە ئەرکی دەرهێنەرە، بەجارێ فەرامۆش کرابوو. لە کاتێکدا لە هۆڵێکی گەورە نمایشێکی واقیعی نمایش دەکەیت و دەیزانی نێوانی بینەر و ئەکتەر دووڕە دەبوایە دێر بە دێری دیالۆگەکان بگات، کەچی بەشێک لە دیالۆگەکان نە دەگەیشتن بە گوێی بینەر، ئینجا ئاماژە و جوڵەی بێ پاساو یان ناهاوتا لەگەڵ سات و پێویستیەکانی، یان زۆنەکانی کارەکتەر کە هیچیان ڕوون و ئاشکرا نەبوون، ئەمجا سەرەڕای هاوار هاوار و هەڵچوون و کەفوکوڵی کتوپر و جوواڵەی بێ سەروبەر و مانانەبەخش، ئەمەش پتر لە کەسایەتی لاورا (خەرمان هیرانی) دا بەر زەقی بەدی دەکرا، کە بەبێ هیچ هۆکارێک لە سەر شانۆدا زۆر جرت و فرتی دەکرد.. کاتێکیش باسی تیمپۆ و ڕیتمی نمایش دەکەین، پەیوەستە بە تێگەیشتنێکی قوڵ و پیشەمەندی دەرهێنەر، کە لە زۆربەی کات کێشەی ڕیتم هەبوو لە نمایشەکە، زۆر گرینگ بوو بتوانێ مۆسیقای ناو تێکست بدۆزێتەوە، بەداخەوە کە. ئەکتەر خاوەن ئەزموونی خۆی ڕادەستی دەرهێنەری بێ ئەزموون بکات، ئاکامەکەی هەر وا دەبێت. خۆ ئەگەر کێشەی یەکەمی ئەم نمایشە، وەکوو ئامەژم پێ دا، خراپ بەڕێوەبردنی ئەکتەر بێت، ئەوە کێشەی دووەمی نمایشەکە سینوگرافیاکەیەتی. جا ئەگەر لە کێشەی یەکەمدا ئەکتەرکان، بەتایبەتی شەماڵ و سیروان، تاڕادەیەک فریای دەکەون و خەڵت و خەوشی دەرهێنانەکە تاڕادەیەک لە بەر چاوی بینەری کە ئەزموون دەشارنەوە، بەڵام کێشەی سینوگرافیاکە بۆ خۆی وەکوو دەعبایەکی دزێوی بێ مانا و نەشاز، لە سەرتاوە تا کۆتایی نمایش چەقی بەستووە. ئەرێ کەسێکیان نەی پرسی بۆ ئەم سینوگرافیایە؟ لە مالێکی خانەدان و ئۆرستۆکرات دیوارەکان چۆن بە گوێنی دادەپۆشرێن؟ لە نمایشێکی واقیعی کە مالێکی خانەدان بەرجەستە دەکات، گوێنی مانای چی دەبەخشێ؟ ستاتیکا !!! کێشەی ئەم نمایشە لە ڕووی سینوگرافیایەوە لەم پرسەدا دەر دەکەوێت: ئەگەر تەماشای سینوگرافیاکە بکەین، پێش ئەوەی ئەکتەرەکان بێنە سەر شانۆ، بیرمان بۆ ئەوە دەچێت کە ئەم سینوگرافیایە، سینوگرافیایەکی هیماگەریانەیە، یان شێوازگەریانەیە، یان مەرەجئامێزە، یان هەر نەبێت تەعبیریە. ئەگەر وابێت دەبێت شێوازی نواندنی ئەکتەرەکانیش هاوئاهەنگ بن لەگەڵ شێوازی سینوگرافیاکەدا. بەڵام بەپێچەوانەی سینوگرافیاکە، شێوازی نواندنی ئەکتەرەکان زیاتر واقیعیە و هەندێک جاریش هەوڵ دەدەن، بەڵام بێ هودە، سایکۆلوجییانە نمایش بکەن. بۆچی بێ هودە، چونکە هەموویان، جگە لەو دوو ئەکتەرەی باسم کرد، بەتەواوەتی لە مەسەلەی بێسەروبەریان لە کات و تۆقیت و وەستان و کار و کاردانەوەدا پێوە دیارە. لە دیمانەیەکی تەلەزیۆنی کورتدا سەبارەت بە میتودی شانۆیی دەرهێنەری نمایشەکە دەڵێت: هیچ میتۆدێکی شانۆیی پیادە ناکەم. بەدڵنیاییەوە لەمەدا زۆر ڕاست دەکات، ئەم بێ میتودەییەی زۆر بەکارامەیی لە نمایشەکدا سەلماند. بەڵام پاشان دەڵێت: پیتەر بروک کاری تێکردووم. کە سەرنجی سینوگرافیاکەم دەدا، تێگەیشتم کە دەرهێنەر زۆر ساویلکانە و ڕووکەشانە لە بروک گەیشتووە، وا تێگەیشتووە بروک، واتە بەکار نەهێنانی ناو مالە لە سەر شانۆ، هەر بۆیەش مالی کاپتینی بە گوێنی داپۆشیووە. لە کۆتاییدا دەڵێم، گوناهە ئەم هەموو بودجە و توانا مرۆییە بۆ دەرهێنەرێکی ئارەزوومەندی، کە نە دەرهێنانی شانۆیی خوێند بێت، نە ئەزموونێکی دەوڵەمەندی شانۆیی هەبێت، تەرخان بکرێت.







ریمۆنتادایەکی مێژوویی لە ئەنفیلّد

هاوار موڕتکەیی

هەروەک پێشبینی دەکرا یۆرگن کلۆپ لەناو یاریگای ئەنفیلّد ڕیمۆنتادایەک دژی تیپەکەی مێسی ئەنجام بدات، ڕیمۆنتادایەکی مێژوویی کە کوڕانی ڕیدز سەلماندیان مەحال لە تۆپی پێدا نییە، لەکات یەکدا کە کلۆپ باشترین چەکەکانی لەو یارییە لەدەستدابوو، لەسەرووی هەموویانەوە محەمەد سەلّاح.

لیڤەرپوول کە بە ئەنجامی 3-0گۆڵ لەناو کامپ دۆڕابوو، هیوای گەیشتنی بۆ یاری کۆتایی لێ ببوە خەونێک لە یاریی گەڕانەوەدا، ئەو خەونەش بە زیرەکیی کلۆپ و لێهاتوویی و گیانبەخشی یاریزانانی ڕیدز هاتەدی کە لەهەموو ڕوویەکەوە زاڵ بوون بەسەر بەرشلۆنە و 4 گۆڵیان لەناو ئەنفیلّد تۆمار کرد، کە ئەمەش بەس بوو یۆ ئەوەی بەرشلۆنە لە یاریی کۆتایی دوور بخەنەوە و خۆیان ببەنە پێشەوە، گۆڵی چوارەمی لیڤەرپوول، گۆڵێکی هەڵخەڵەتاندنی بەرشلۆنەکان بوو، گۆڵی ماڵئاوایی بەرشلۆنە و مێسی و ڤالڤێردی بوو، فشاری بەردەوامی لیڤەرپوول بووە هۆی ئەوەی هێڵی بەرگری بەرشلۆنە پەرتەوازە بێن و کۆنترۆڵی خۆیان و تۆپ لەدەست بدەن و چەندین هەڵەی کوشندەیان ئەنجامدا.

لە ڕاپۆرتیکی پێرێی لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات بەناونیشانی (ئەمشەو ئەنفیلّد هەڕەشە لە خەونەکانی بەرشلۆنە داکات.. لیڤەرپوول بەرابەرایەتی کلۆپ دەیەوێ ڕیمۆنتایەکی تر لە سەر یاریگای خۆیان تۆماربکەن) بڵاوکردەوە، کە بەداتاو چەند هەوڵێکی ریدزەکان کە ڕاهاتوون لە ناو یاریگای ئەنفیلّد ڕیمۆنتادا بەسەر تیپی بەرامبەریان تۆمار بکەن، پێرێ شەو بینیمان کە یاریگای ئەنفیلّد ئەو یاریگایە نییە کە بەرامبەر جەماوەرەکەی بێ وەفا بێت و هەمیشە ئەوان بڕوایان بە یاریگای ئەنفیلّد هەیە، بەم ئەنجامەو بەم ڕیمۆنتایە مێژوویییە، یانەی لیڤەرپوول بۆ دووەم ساڵ لەسەر یەکتری گەیشتە یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا.

هەر دوای کۆتایی هاتنی یارییەکە میدیاکانی ئیسپانیا هەریەک لای خۆیەوە هۆکاری دۆڕانەکەی خستە ئەستۆی یەکێکەوە، بەڵام زۆرترینیان هۆکارەکەیان گەڕاندەوە بۆ هەڵە کوشندەکانی جۆردی ئەلبا.


تویتەکەی بەرشلۆنە گەرم کرایەوە



دوای ئەوەی بەرشلۆنە لەیاریی چوون بەئەنجامی 3-0گۆڵ لەیانەی لیڤەرپوولی بردەوە، یانەی بەرشلۆنە لە هەژماری خۆی لە تویتەر وێنەیەکی محەمەد سەلّاح و مێسی بڵاوکردبۆوە، لەسەر وێنەکەدا بەزمانی ئینگلیزی نووسرابوو (see you again next week)، ئەمە وەک توانجێک ئاراستەی محەمەد سەلّاح کرابوو، دیارە ئەم تویتە هەوادارانی لیڤەرپوولی نیگەران کردبوو، بۆیە دوای ڕیمۆنتادایەکی یاری گەڕانەوە، لیڤەرپوول پۆستەکەی بەرشلۆنەیان گەرم کردەوە و توانجی سەیروسەمەرەیان لە تویتەکەی بەرشلۆنە دەدا، دیارترین ئەو توانجەش ئەوەبوو کە هەوادارانی لیڤەرپوول وەڵامیان دابۆوە کە بەڵێ دووبارە ئێمەیان بینییەوە بەڵام بەشێوازێکی دوور لە حەزی ئەوان.

مێسی
بی وەفا بوو

چەند ڕۆژێک بەر لەیاریی گەڕانەوەی یانەکەیان بەرامبەر لیڤەرپوول، مێسی ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە بەڵێنی بەجەماوەرەکەیدا کە کە ئەمجارە جامی حۆڵی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەدەست دەهێننەوە، بەڵام کاتێک لەیاری گەڕانەوەیاندا بە 4گۆڵی بێ بەرامبەر دۆڕان، مێسی نەیتوانی بەڵێنەکەی بباتە سەر و لەدوێنێوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هێرش و قسەی نەشیاو ئاراستەی مێسی دەکرێت و پێی دەڵێن تۆ وەفات نەبوو بەرامبەر بەڵێنەکەی خۆت.



یانەکانی شەقلاوە و چەمچەماڵ سەرکەوتن بۆ ڕێزی یانەپلەیەکەکانی کوردستان

لەشەوانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، دوو پاڵەوانێتی شەترەنج لە یانەی خانزاد بەڕێوەدەچن





ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان، کاروانی خولی یانەپلەدووەکانی کوردستان بەفەرمی کۆتایی هات، خولەکە بەسەر دوو کۆمەڵە دابەشکرابوون کەبریتی بوون لە 12یانە، هەر یەک لەیانەکانی چەمچەماڵ و شەقلاوە بەفەرمی سەرکەوتن بۆ ڕێزی یانە پلەیەکەکانی کوردستان ، لەدوایین یاریدا هەردوو یانەی شەقلاوە و جیهان لەیاریگای فەرەنسۆهەریری/ 2ڕووبەرووی یەکتر بوونەوە،هەر لەدەستپێکی گێمی یەکەمی یارییەکەدا یانەی شەقلاوە 6گۆڵی تۆمار کرد، گۆڵەکانیش لەلایەن یاریزانان ڕەسوڵ مەحرومی 3گۆڵ، شالاو فاخیر 1گۆڵ،یونس شوکری 2گۆڵ، هەروەها لەگێمی دووەمدا یانەی شەقلاوە لەهێرشەکانیان بەردەوامبوون بۆ زوو گۆڵ تۆمار کرد، یاریزانی یانەی شەقلاوە یونس شوکر توانی گۆڵی حەوتەم بۆ تیپەکەی خۆی تۆمار بکات، یارییەکە بەبۆنەی هاتنەوەی ماندگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە، یانەی شەترەنجی خانزاد دوو پاڵەوانێتی شەترەنج لەم ماڵگەدا دەکاتەوە، پاڵەوانێتی یەکەم ئەمشەو کاتژمێر 9لە هۆڵی یانەکە بەناوی هەشتەمین پاڵەوانێتی پلیتزی خانزاد دەست پێدەکات.

پاڵەوانێتییەکەش کە لەلایەن یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییەوە تۆمارکراوە، بە سیستمی سویسری و ژمارەی ڕاوندەکانیش دەوەستێتە سەر ژمارەی بەشداربووان.

پاڵەوانێتی دووەمیش کە بەناوی سێزدەمین پاڵەوانێتی ڕاپیدی شەترەنجی خانزادە، لە ڕۆژانی 23و 24/5/2019ئەنجام دەدرێت، ئەم پاڵەوانێتییەش لەرێگای یەکێتی شەترەنجی عێراقییەوە لەلایەن یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییەوە تۆمار دەکرێت و دەرگا کراوە بۆ هەموو ئەو شەترەنجزانانەی دەیانەوێ بەشداری لەم پاڵەوانێتییەدا بکەن کە بەسیستمی سویسری و 9ڕاوند بەڕێوەدەچێت. جێی باسە سالانە یانەی شەترەنجی خانزاد لە شەوانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە چەندین پاڵەوانێتی شەترەنج ڕێک دەخات، ئەمیش لەپێناو ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ بەشداری کردنی شەترەنجزانانی کوردستان و عێراق لە شەوانی ئەم مانگە پیرۆزەدا.

ڤینالدۆم: لە بەر تووڕەیی یەدەگبوون تەقیمەوە

دی لیخت: با مان یونایتد کاتی خۆی بۆ من نەکوژێت



جۆرجینیۆ ڤینالدۆم، یاریزانی هێڵی ناوەراستی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی، هۆکاری دڕەوشانەوەی خۆی، دوای دابەزینی بە یەدەگی لە گێمی دووەمی یاری تیپەکەی، بەرامبەر یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی، لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، لە یاری گەڕانەوەی قۆناغی پێش کۆتایی، کە بە بردنەوەی سوورپۆشەکانی بە چوار گۆڵی بێ وەڵام کۆتایی هات، ئاشکرا کرد. ئەمەو ڤینالدۆم، لە سەرەتای گێمی دووەمی یاریەکە، لە جێگەی ئاندی ڕۆبرتسۆن، کە تووشی پێکان بوو دابەزی، دوای دابەزینیشی توانی لە ماوەی 122 چرکەدا، دوو گۆڵ بۆ تیپەکەی تۆمار بکات، کە گۆڵی دووەم و سێیەمی یاریەکە بوو، بەم ئەنجامەش لیڤەرپوول گەیشتە یاری کۆتایی، بۆ جاری دووەم بەسەر یەکەوە. دوای یاریەکە، ڤینالدۆم، لێدوانی بۆ تۆڕی (بی تی سپۆرت) دا و وتی:"زۆر تووڕە بووم، چونکە ڕاهێنەر منی لەسەر کورسی یەدەگەکان دانابوو، تەنیا ویستم یارمەتی تیپەکەم بدەم، دڵخۆشم بەوەی توانیم دوو گۆڵ تۆمار بکەم". ئەو یاریزانە هۆڵندییە وتیشی:"شتێکی باوەڕ پێ نەکراوە، دوای یاریەکەی ئیسپانیا، کە بە ئەنجامی سێ گۆڵی بێ وەڵام بۆ بەرشلۆنە کۆتایی هات، متمانەمان بە خۆمان هەبوو، دەتوانین چوار گۆڵ تۆمار بکەین، خەڵکی لە دەرەوە گومانیان لێمان هەبوو و پێیان وابوو، ناتوانین ئەو کارە بکەین، بەڵام جارێکی دیکە دەرمان خست، هەموو شتێک لە تۆپێ پێدا، ئەگەری ڕوودانی هەیە".

ڕەمزی میرەکانی



دەیانەوێ بەشداری لەم پاڵەوانێتییەدا بکەن کە بەسیستمی سویسری و 9ڕاوند بەڕێوەدەچێت. جێی باسە سالانە یانەی شەترەنجی خانزاد لە شەوانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە چەندین پاڵەوانێتی شەترەنج ڕێک دەخات، ئەمیش لەپێناو ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ بەشداری کردنی شەترەنجزانانی کوردستان و عێراق لە شەوانی ئەم مانگە پیرۆزەدا.

بەپێی هاتنەوەی ماندگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە، یانەی شەترەنجی خانزاد دوو پاڵەوانێتی شەترەنج لەم ماڵگەدا دەکاتەوە، پاڵەوانێتی یەکەم ئەمشەو کاتژمێر 9لە هۆڵی یانەکە بەناوی هەشتەمین پاڵەوانێتی پلیتزی خانزاد دەست پێدەکات.

پاڵەوانێتییەکەش کە لەلایەن یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییەوە تۆمارکراوە، بە سیستمی سویسری و ژمارەی ڕاوندەکانیش دەوەستێتە سەر ژمارەی بەشداربووان.

پاڵەوانێتی دووەمیش کە بەناوی سێزدەمین پاڵەوانێتی ڕاپیدی شەترەنجی خانزادە، لە ڕۆژانی 23و 24/5/2019ئەنجام دەدرێت، ئەم پاڵەوانێتییەش لەرێگای یەکێتی شەترەنجی عێراقییەوە لەلایەن یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییەوە تۆمار دەکرێت و دەرگا کراوە بۆ هەموو ئەو شەترەنجزانانەی

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانی ئینگلیزی ئاشکرایان کرد کە ماتیاس دی لیخت کاپتنی یانەی ئەیاکس ئەمستردامی هۆڵەندی و بەرگریکاری هەڵبژاردەی هۆڵەندا، پارەیەکی زۆری یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی ڕەتکردۆتەوە لەبەرامبەر یاری کردن لەو یارییە لە وەرزی داهاتوو.

بەگوێرەی ڕاپۆرتیکی ڕۆژنامەی میرۆری بەریتانی دی لیخت بڕی 70ملیۆن یورۆی لە مان یونایتد ڕەتکردۆتەوە کە یانە ئینگلیزیەکە داویەتە یانەی ئەیاکس لەبەرامبەر ئیمزایەکی ئەو یاریزانە، مان یونایتد بڕی 70ملیۆن یورۆی پێشکەش کردوون کە بۆ ماوەی 5وەرز لە ڕیزەکانیان یاری بکات، هەروەها لەگەڵ مووچەی مانگانەی کە 300هەزار یورۆیە لە هەفتەیەکدا.

ڕۆژنامەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە دی لیختی تەمەن 19ساڵ، دەبێتە باشترین بەرگریکار لە جیهاندا، بۆیە بیر لەوە دەکاتەوە کە بچێتە یانەیەک وەک خۆی دەیەوێت، بەڵام ئەو پێی وایە هیچ بەرژەوەندییەکەی نییە لەوەی بچێتە مان یونایتد، بۆیە لەوەڵامدا بەمان یونایتدی گوتووە، وازی لێبێنن و با بۆخیان بچن بەدوای بەرگریکارێکی دیکەدا بگەڕێن و کاتی خۆیان پێی نەکوژن.

بەرشلۆنە مێژوویەکی نەڕێنی تۆمار دەکات



یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی، تووشی دۆڕانێکی شەرمەزارانە هات، لەسەر دەستی لیڤەرپوولی ئینگلیزی، بە چوار گۆڵی خاوێن، لە یاری گەڕانەوەی قۆناغی پێش کۆتایی، خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپادا. لیڤەرپوول توانی یانەکەی کەتەلۆنیا دەر بکات، دوای ئەوەی قەرەبووی دۆڕانی یاری چوونی کردەوە، کە بێ سێ گۆڵ خاوێن دۆڕابوو، بەمەش گەیشتە یاری کۆتایی، لەسەر یاریگەی واندا میتڕۆپۆلیتانۆ، لە مەدریددا. تۆڕی (ئۆپتا) بۆ ئامارەکان، ئاشکرای کرد، تەنیا سێ تیپ لە قۆناغەکانی دەرکردنی خولەکەدا، چوونەتە دەرەوە، دوای ئەوەی لە یاری چوون، بە جیاوازی 3گۆڵ براوە بووینە. تۆڕەکە دەڵێت، بەرشلۆنە، دووجار بەم شێوە تووشی دەرکران بووە، پارەکە لە قۆناغی هەشت دەکرا، هەرچەندە لە یاری چووندا، بە ئەنجامی 1-4گۆڵ لە ڕۆمای بردەوە، بەڵام لە یاری گەڕانەوەدا، بە سێ گۆڵی خاوێن دۆڕا. لەلایەکی دیکەوە، تۆڕی (سکواکا) بۆ ئامارەکان، شکستهێنانی لویس سواریز، هێرشبەری بەرشلۆنەی دەرخست، کە لە 18 یاری ڕابردووی چامپیۆنس لیگدا، نەیتوانیووە لەسەر یاریگەی تیپەکانی بەرامبەر، گۆڵ تۆمار بکات. ئاماژەی بەوەش کردووە، بەرشلۆنە تووشی گەورەترین دۆڕان هات، لە مێژووی خۆی لەو پاڵەوانیەتییەدا، کە پێشتریش چوار جار بە هەمان ئەنجام دۆڕاوە. بەرشلۆنە پێشتر چوار جار، بەرامبەر میلان لە ساڵی 1994، دینامۆ کییڤ لە ساڵی 1997، بایرن میونخ لە ساڵی 2013و پاریس سان جێرمان لە ساڵی 2017، بەو ئەنجامە دۆڕاوە و ماڵئاوایی لە پاڵەوانیەتییەکە کردووە.

ڕەمزی میرەکانی



ریال پارەیەکی پێوانەیە بۆ مبابێ تەرخان دەکات

یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی پارەیەکی پێوانەیی تەرخانکردووە بۆ ئەوەی لە وەرزی گواستنەوەی داهاتووی هاوینەدا کیلیان مبابێ لە یانەی پاریس سان جێرمانەوە بگوازێتەوە ریزی یانەکەیان. بەگوێرەی ئەو هەواڵەی کە گۆڤاری فرانس فوتبۆڵی فرەنسی بڵاوی کردۆتەوە، یانەی ریال مەدرید ئامادەیە بڕی 240 ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی بداتە یانە فرەنسیەکە لەپێناو دەستبەردابوونیان لە مبابێ، ئەمەش لەمیانی ئەو هەوڵانەیە کە مێرینگی دەیدات بۆ ئەوەی وەرزی داهاتوو وەک ئەوەی ئەمساڵ لێی ڕوودا بەدەست بەتاڵی کۆتایی بە وەرزەکە نەهێنن، زیدانیش بۆ ئەمە دەستبەرداری چەند یاریزانێک دەبێت و لەهەوڵی ئەوەدایە ئەستێرەی بەتواناتر بباتە ڕیزەکانیانەوە.



گواردیۆلا چی بەکۆمپانی گوت؟

یانەی مانچستەر سیتی لەنازناوی پریمەرلیگی خولی ئینگلیزی نزیک بۆوە کاتێک بەتاکە گۆڵێک لەیانەی لیستەر سیتی بردەوە و گۆڵەکەش بەلێدانێک لەدووری 30یارجە لەلایەن کۆمپانیەوە تۆمارکرا و بووە گۆڵێکی کوشتێنەر.

تۆڕی سکای سپۆرتی وەرزشی بەریتانی ئاشکرای کرد کە بەر لەو گۆڵە بەچەند چرکەیەک گواردیۆلا هاواری کردووە و داوای لە کۆمپانی کردووە کە شووت نەکات بۆ گۆڵ، بەڵام کۆمپانی سوور دەبێت لەسەر ئەوەی شووت بکات و بەسەرکەوتوویی تاکە گۆڵی یاریەکە تۆمار دەکات، گواردیۆلا لەدوای ئەوەی کۆمپانی بەگوێی نەکرد گوتی: من لەوبڕوایە نەبووم کە تۆپەکە دەچێتە گۆڵەوە بۆیە داوام لێکرد شووت نەکات، بەڵام دواجار تۆپەکە چووە گۆڵەوە و ئیتر ئەوە تۆپی پێیە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی تاگاداریەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Thu, 9. Apr. 2019 No: (5746)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

هونەرمەند محەمەد فەخری:

هەوڵدەدەم گۆرانی فۆلکلۆری کوردی بەشێوەی پۆپ بڵێمەوە



دیمانە: موسلیم دزڵەمەری

من محەمەد فەخری حاجی زاخۆیم و لەدایکبووی ساڵی 1991و دانیشتووی زاخۆی دەڵالم، تاکو ئێستا سێ بەرهەمم بڵاو کردۆتەوە بە شێوەی دەنگ و ڕەنگ بە ستایلی جۆراوجۆر کاری هونەری خۆم ئەنجامدەدەم نوێترین ستایلم پۆپە کەگۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردی هونەرمەندی نەمر (حەسەن جزیری)م بە شێوەی پۆپ نوێکردۆتەوە پێمواید زۆر سەرکەوتوو بوومەو پێشوازییەکی گەرمیشی لێکراوە لەلایەن هەواداران، لەبەرنامەشم دایە چەندین گۆرانی تری ڕەسەن و فۆلکلۆری کوردی بە شێوەی پۆپ نوێ بکەمەوە.

ئەو هونەرمەندە بەم جۆرە بۆ «خەبات» دوا:

سەبارەت بە پەیڤ وئاوازی گۆرانیەکانی گوتی : من هەرچی پەیڤ و ئاوازی باش و سەرکەوتوو هەبێت بە کاری دێنم بە تایبەتی پەیڤ و ئاوازی مامۆستا عەبدولعەزیز سلێمان چونکە بەڕاستی پەیڤ و ئاوازی مامۆستا خواست و ئاواتی زۆربەی هونەرمەندانە، دیکەی لە بواری پژیشدا

پەیڤ و ئاوازی هونەرمەندی گەنج ئەرکان ڕاپ بەکار دێنم لە بەرهەمەکانمدا

سەبارەت بە کارهێنانی ئافرەتی بیانی بۆ گۆرانیە پژیەکانی گوتی: من تاکو ئێستا هیچ ئافرەتی بیانیم لە بەرهەمەکانمدا بەکار نەهێناوەو ئامادەش نیم هەرگیز بەکاریان بێنم چونکە پێمواید خۆمان شیاوین و

سەبارەت بە کاری جیای لە هونەر گوتی: من جگە لە کاری هونەریم کاری خوێندنم هەیە، قوتابیم لە بەشی پەروەردەیی زمانی عەرەبی لە زانکۆ ئینشائەڵڵا بەردەوامیش دەبم لەسەر خوێندن چونکە پلانی تایبەتی خۆم هەیە جگە لە کاری هونەریم.

سەبارەت بە بەرهەمی نوێی گوتی: من ئێستا پێنج بەرهەمم لەبەردەستدایە کاری لە سەر دەکەم کە زۆربەیان ئەفیندارین کە یەکێکیان پەیڤ و ئاوازی مامۆستا عەبدولقەهار زاخۆییەو یەکێکیانیش پەیڤی منەو ئاوازی هونەرمەند جوتیار زاخۆییەو ئەوانیتریش پەیڤەکانی هونەرمەند ئەرکان ڕاپ و ئاوازی من، کە ئینشائەڵڵا لە ماوەیەکی کورتدا تەواوی دەکەین.



پێویستە بەربانگ بخوڕێت

ئامادەکردنی شۆربای قارچ یان (کوارگ)

تا : وریشە عومەر

مانگی پیرۆزی ڕەمەزان هات ئەوانەی بەڕۆژو دەبن گەدەیان هەتاکو ئێوارە خالیێیە بۆیە پزیشکەکان ڕێنمایمان دەکەن دوای بەربانگ یەکسەرخواردنی قورس و ڕەق نەخورێت واباشترە ئاویش ئاوی شلەتێن بخۆین، دواتر یەکسەرنان نەخۆین، بەڵکو دەبێت سوپێکی نیمچە گەرم بخۆین، یان نیسک، دواتر بۆماوەی نیو کاتژمێر بوەستین ئینجا نان بخۆین، بۆیە لێرە دا شێوازی دروست کردنی سوپی قارچک (یان کوارگ) دەخەینە بەردیدی خوێنەران، شێوازی دروست کرن: قارچک و کەرە تێکەڵ دەکەین لەمەنجەلێکدا تاوەکو باش دەکولێت پاشان یەک گێزەرو یەک سەلکی بچووک پیاز و یەک ماجی مریشک- یەک پارچەی بچووک سنگی مریشک، کەوچکێ شیری گیراوە و نیو کوپ تێکەڵ دەکەین، خوێ و بیبەری تێدەکەین لەگەڵ وردە گوێز پاشان کەوچکێکی گەورە ی ئارد تێدەکەین لەگەڵ کەمێک زەعفەران بۆ ماوەی (20) خولەک با لەسەر ئاگر بێت تا دەکولێت و ئەتوانین مەعدەنووس بخەینە شۆرباکەو بەگەرمی پێشکەشی دەکەین.

ئەو گرووپە میوزیکییەی پەیامی خۆشەویستی مرۆڤایەتی بە دنیادا دەچڕن



شەش ساڵ بەر لە ئێستا (3) لاوی جیاواز لە نەتەوە و جیاواز لە کەلتور و جیاواز لە زمان جیاواز لە ڕەنگ و ئایین ، بڕیاریاندا موزیک بکەنە نیشتمانی بێ سنوروری خۆیان، گرووپی (ight in babylon) واتە (ڕوناکی لە بابلیۆن) یان دروست کرد.. شەش ساڵە لە پێناو مژدەبەخشینی مرۆڤایەتی و دۆستایەتی مرۆژ بۆ مرۆژ، موزیک لە زۆربەی شەقامە سەرەکیەکانی وڵاتانی ئەوروپا و ئاسیا و ڕۆژهەڵاتدا دەژەنن و باس لە سۆز و هەست و ئازارەکانی مرۆژ دەکەن کە یەک جۆرن و جیاوازیان نییە..

ئەم سێ پەیامبەخشە مرۆڤایەتییە موزیکیە ئەمانەن: خاتوونی گۆرانیبێژ (میشیل ئەلیا کمال) بە هیچ شێوەیەک مکیاج و جوانکاری بەکارناهێنێت دەڵێ: موزیسیان و هونەرمەند جوانترین پێویستیان بە خۆجوانکردن نییە..

ئەم خاتوونە ئیسرائیلیە و بە ڕەگەزی ئێرانییە.. دووەم ژەنیاری گیتار (جولیان دیمار) خەڵکی وڵاتی فەرنسایە... سێیەمیان (میتهان تشیفی) تورکە.. شەش ساڵە سەرەڕای ئەوەی لەلایەن دەسەڵات و کەسانی دژ بەمرۆڤایەتییەوە توشی سەدان کێشەو ئازار و دەردەسەری بوون بەڵام کۆڵ نادەن و دەڵێن: مرۆژ لە دنیادا یەک مرۆڤە بەبێ جیاوازی و موزیکیش تاکە زمانی خۆشەویستییە بۆ مرۆڤایەتی.

ڕێبوار هەورامی



دەریاچەی (گاکا).. بەهەشتێکی شاردراوەی نێو سروشت لە شاری ئۆردۆی تورکی

ڕێواس

ئەو ڕووەکەی لەکۆێستانەکان دەڕوێت، سوودگەلێکی بۆ جەستەی مرۆڤ هەیە



ئا: توانا زرار

ڕێواس، ڕووەکێکی سروشتییە لەوەرزی بەهاردا لە ناوچە کۆێستان و شاخاوییەکاندا دوای بەفرباریندروست دەبێت.. ئەم ڕووەکە بەهارییە تام و لەزەتێکی خۆش و تایبەتی هەیە، بەهۆی تام و چێژەکەیەوە سەرنجی زۆرێک لەخەڵک بۆ خۆی ڕادەکێشێت.

ڕێواس، وەک زۆرێک لە ڕووەک و گژوگیاکانی دیکە دەوڵەمەندە بەکۆمەڵێک ڤیتامین.

وەک سەرچاوە پزیشکییەکان هێمای بۆ دەکەن ڕێواس سوودێکی زۆری بۆ تەندروستی مرۆڤ هەیە، لەوانەش: توانای خاوێنکردنەوەی لەشی مرۆڤی هەیە لە ژەهراوی بوون.

هەروەها ئازاری گەدە ناهێلێت و بۆ نەخۆشییەکانی جگەر بەسوودە. خوێن پاک دەکاتەوە و بۆ سگ چوون و ڕیخۆلە بەسوودە .

ڕووخسار گەشاوە دەکات و زیبکە و پەڵەی ڕووخسار ناهێلێت. هەروەها بۆ ئافرەتی سکپڕ سوودبەخشە و کاریگەری بۆ سەر تەندروستی کۆرپەلە دەبێت لەسکی دایکی.

هەروەها چارەسەری هەناسەبڕکێ و تەنگی هەناسە دەکات.جولەی لەش بەهێز دەکات لەسستی و تەمبەڵی دەپڕێزێت. گەدە ناچاردەکات مادەی ئەنسۆلین دەربدات بەمەش شەکری خوێن کەم دەکاتەوە و چەوری و پەستانی خوێن کەم دەکاتەوە. سەرچاوەیەکی باشی کالیسیۆمە.چاو بەهێز دەکات و پەڵەی سپی لەسەرچاو ناهێلێت. بۆ ئازاری ئێسک و ماسولکەکان و نەخۆشی دڵ و گورچیلە باشە.وەک پزیشکاۆ ئاماژەی بۆ دەکەن ڕێواس دەولەمەندە بەڕیشاڵ و ڤیتامینەکانی A و B و C و پڕۆتین و شەکر و کاربۆهیدرات و کالیسیۆم و سیۆدیۆم و پۆتاسیۆم.

بەێزکەردەوەیەو بۆ چارەسەری کرمی سک سوود بەخشە.بۆ ئازاری گەدە و نەخۆشیەکانی جگەر باشەجولەی لەش چالاک دەکات و خاوی و سستی ناهێلێت.

هەروەها کولاندنی گەلاکەشی دەبێتە هۆی پاککردنەوەی قاپی ئەلەمنیۆم.

پیس بوونی ژینگە و هەوا هۆکاری سەرەکین بۆ جەڵتە

ئا: توانا زرار

پیسبوونی ژینگە و هەوا کاریگەری هایە بۆ دوو چاربوون بە توشبوون بەنەخۆشی دڵ و جەڵتە زانایانی پەیمانگای ماکس بلاندی تایبەت بەکیمیا لەوڵاتی ئەڵمانیا، ئەوەیان ئاشکراکردووە کە پیسبوونی ژینگە و هەوا یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی توشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ جەڵتە هەروەها زانایان خستوویەتیانەڕوو پیسبوونی کەش وهەواو ژینگەیەکی نالەبار ترسناکترین هۆکار دروست دەکات لەسەر تەندروستی مرۆژ و مەترسیی لەسەر ژیانی تەواوی خەڵک هەیە. هەروەها ئەوەشیان ئاشکراکردووە سالانە مەترسیی لەسەر ژیانی ٨,٨ ملیۆن خەڵکی هەیە.هەر بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، سالانە ڕێژەی مردن بەهۆی دوکەڵ و هەواو ژینگەی پیس و جگەرەکێشانەوە ڕێژەکەی دەگاتە ٧,٢ ملیۆن کەس لە جیهاندا. لە ئێستاشدا پیسبوونی ژینگە و هەوا مەترسی لەسەر ژیانی خەڵکی هەیە و هۆکارێکی تری مردنی مرۆڤە لەجیهاندا.